# پرۆسەی دیموکراسی لە کوردستاندا بەرەو دواوە ناگەڕێتەوە

■ مسعود بارزانی



ماوەیەکە بە نووسین و بە لێدوان قسە لەسەر بابەتی سەرۆکایەتیی هەرێم دەکرێت. ئەم بابەتە بە دوو ئاراستەی جیاوازدا دەخرێتەڕوو. بە ئەرێنی یان نەرێنی بێت، زۆر کەس بە دیتنێکی نیشتیمانییەوە ئاوڕیان لەو بابەتە داوەتەوەوهەندێ کەسیش لە دیدگاو ئامانجێکی سیاسیی تایبەتەوە بۆ مەبەستێکی دیاریکراو کار لەسەر ئەم بابەتە دەکەن، رێزم بۆ بۆچوونی هەردوولا هەیەو هەر کەسێک ئازادە چۆن بیر دەکاتەوە، بەڵام لەم بارودۆخە هەستیارەی دەڤەرەکەدا، کەشێک لە شەقامی کوردستانیدا خولقاوە وەک ئەوەی بابەت لەمە گرنگتر نییەو زۆر بابەتی هەستیاری پەیوەست بە چارەنووسی گەلەکەمان خەریکە پەراوێز دەخرێن.

لەم نێوەندەدا ئەوەی پێوەندیی بە منەوە هەیە ئەوەیە کە، بابەتەکە شەخسی نییە. لەو رۆژەوەی کە من بۆ ئەم پۆستە هەڵبژێردراوم، وتوومە کە من سەرۆک نیم بەڵکو پێشمەرگەم و هەر بە پێشمەرگەش دەمێنمەوە. هیچ پلەوپۆست و ناوێکیش بۆ من لەم ئەرک و ناوە پیرۆزتر و گەورەتر نییە. هەموو کاتێ بەرژەوەندیی گەل و خزمەت و خەبات لە پێناو کەرامەتی هاووڵاتیانمان بەلامەوە گرنگتر بووە لەوەی کە لە چ پۆست و پێگەیەکدا بم.

ئێستا کە ئەم بابەتە زۆر باس دەکرێت، دەمەوێت بۆ هاووڵاتیانی خۆشەویستمان ڕوون بکەمەوە کە من نە داوای هەموارکردنی یاسای سەرۆکایەتیم کردووەو نە داوام کردووە ماوەی سەرۆکایەتی درێژ بکرێتەوەو یاخود رێگەم بۆ هەموار بکرێت خۆم بۆ ئەم پۆستە بپاڵێومەوە. وەکو شەخس ئامانجم پۆست نییە، ئەم پێگەیە ئامرازێکە بۆ خزمەتی گەل و نیشتمانم. ئەم پۆستە سەنگەرێک بووە بۆ ئەوەی بەرگری لە مافەکانی گەلەکەم بکەم، ویستوومە سەربەستانە و دوور لە گوشار و ململانێ حزبییەکان لەم پۆستەدا سەروەریی گەلەکەم بپارێزم، بۆیەشە کاتی خۆی بە مەرجی دەنگی ڕاستەوخۆی گەل رازی بووم ئەم پۆستە وەرگرمەوە. پێوەر لای من رەزامەندیی زۆرینەی گەلەکەمانەو ئامادە نیم ناوبانگ و رابردووی خەبات و تێکۆشانی خۆم و خانەوادەکەم بۆ پۆست و پایە لەکەدار بکەم.

ئێستا دوای قوربانیدانێکی زۆری گەلەکەمان، کیانێک لەم هەرێمەدا جێگیر بووە، ڕاستتر وایە هەموو لایەک بە دڵسۆزییەوە ئەو کیانە بپارێزین و بەرەو پێشەوەی ببەین، نەک ئەوەی لە ململانێکاندا ڕەش و سپی تێکەڵ بکرێت و بەو لۆژیکە کار بکەین کە بۆ شکاندنی دەسەڵاتێک، وڵاتێک تێکبشکێندرێت.

سیستەمی حوکمڕانی لە هەرێمدا سەرۆکایەتی نییە، ئەم سیستەمەش باش بێت یان خراپ بۆ تاکە کەسێک دانەمەزراوە. گرنگ ئەوەیە لەم سیستەمەدا ڕێز لە ڕای خەڵک بگیرێت و چارەنووسی خەڵک بە دەست خۆیانەوە بێت. ڕێگە نەدرێت سەفەقاتی سیاسی ببن بە جێگرەوەی دەنگی خەڵک.

خەڵکی ئێمە لە ئاستێکی بەرزی هوشیاریی سیاسیدان و خۆیان دەتوانن بڕیار لەسەر دوارۆژی خۆیان و پرسە یاسایی و دەستوورییەکان بدەن. زەوتکردنی ئەو مافەی خەڵک هەنگاونانە بەرەو تاکڕەوی شەخسی و حزبی.

لەبەر زۆر ئەگەر، رەشنووسی دەستوور نەخراوەتە ڕاپرسییەوە، پرۆسەی دانانی دەستوور پرۆسەیەکی ئاسایی بووەو هەموو قۆناغەکانی بە شێوەی سروشتی بڕیوە، ئێستا مافی خەڵکە کە دەبێت بڕیار بدەن ڕەشنووسی دەستوورەکەیان لا پەسندە یان نا. ئەو داوایەی کە لایەنە سیاسییەکان لە جیاتی خەڵک بڕیار لە سەر رەشنووسی دەستور بدەن، هیچ بنەمایەکی یاسایی نییە. ئەم داوایە پێچەوانەی بڕوابوونە بە ئیرادەی خەڵک و دژ بە چەمکی دیموکراسییە.

نەمدەویست لەسەر ئەم بابەتە قسە بکەم و ناخوازم هیچ رەهەندێکی شەخسی وەرگرێت، چونکە گرنگ نییە کێ لە چ پۆستێکدا دەبێت، گرنگ بەرژەوەندیی گشتی خەڵک و نیشتمانە، بەڵام هەندێ هەوڵ بۆ بەلاڕێدابردنی ڕای گشتی هەیە، لەسەر ئەم بابەتە قسەی زیاترم هەیە کە لەداهاتوو و لە کاتێکی گونجاودا دەیانخەمە ڕوو، بەڵام ئەوەندە دەڵێم کە گەلەکەمان ئاگادار بن هەوڵێک هەیە بۆ وەستاندنی ڕەوتی پێشکەوتنی دۆزەکەمان، هەوڵێک هەیە بۆ وەدینەهاتنی ئەو دەسکەوتە گەورەیەی کە هەموومان ئاواتمانە، هەوڵ لە دژی دەنگ و ئیرادەی خەڵک هەیە، لەم کەشە سیاسییەی ناوچەکەشدا کەسانێک خواستە یا خود نەخواستە یارمەتیدەری ئەو هەوڵانەن.

لە ساڵی ١٩٩١ تا ئێستا من لە هەموو پرسەکاندا داوای گەڕانەوە بۆ ڕا و ئیرادەی گەل دەکەم و هەمیشەو لە هەر پێگەیەکیشدا بم بەرگری لە ڕێزگرتن لە ڕا و ویستی گەل دەکەم. لایەنە سیاسییەکان دەبێت پێگیر بن بە ڕای خەڵک نەک بە پێچەوانەوە. ترس لە ڕای خەڵک نیشانەی بڕوا بەخۆ نەبوونە. هەر لە بارەی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتیش، گرنگ نییە کێ پۆستی سەرۆکایەتی وەردەگرێت و ئەم پۆستە بۆ کەسێکی دیاریکراو دانەتاشراوە، بەڵام گرنگ ئەوەیە مافی دیاریکردنی ڕاستەوخۆی سەرۆکی هەرێم، کە مافێکی سرووشتیی خەڵکە، لێیان نەسەندرێتەوە.

لە کۆتاییدا دەخوازم بە جەماوەری خۆشەویستمان ڕابگەیەنم کە، پرۆسەی دیموکراسی لە کوردستاندا بەرەو دواوە ناگەڕێتەوە و هەر هەوڵێک بۆ زەوتکردنی مافی خەڵک لە دیارکردنی چارەنوسیان، پێچەوانەی تەیاری سروشتیی پێشڤەچوونی کۆمەڵگاکەمانەو سەرناگرێت.

**خەڵکی ئێمە لە ئاستێکی بەرزی هوشیاریی سیاسیدان و خۆیان دەتوانن بڕیار لە سەر دوارۆژی خۆیان و پرسە یاسایی و دەستوورییەکان بدەن**

**پرۆسەی دیموکراسی لە کوردستاندا بەرەو دواوە ناگەڕێتەوەو هەر هەوڵێک بۆ زەوتکردنی مافی خەڵک لە دیارکردنی چارەنووسیان، پێچەوانەی تەیاری سروشتیی پێشڤەچوونی کۆمەڵگاکەمانە و سەرناگرێت**



د.کەمال کەرکوکی لە دیدارێکی گوڵاندا:

# پارتی پشتگیری لە راپرسی لەسەر دەستوور دەکات و تەنیا خەڵکی کوردستان ئەو مافەیان هەیە دەستوور بگێڕنەوە بۆ پەرلەمان یان پەسندی بکەن

پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان کە لە ناو پەرلەمانی کوردستان بە دەنگی ٩٦ پەرلەمانتار لە کۆی ٩٧ پەرلەمانتار پەسند کراوە و ئامادەکراوە بۆ ئەوەی خەڵکی کوردستان راپرسی لەسەر ئەنجامبدات، ئێستا لەلایەن ئۆپۆزسیۆنەوە داوا دەکرێت پرۆژەی رەشنوسی دەستوور جارێکی دیکە بگەڕێتەوە بۆ پەرلەمان، هەروەها مەسەلەی هەڵبژاردنەکانی هەرێمی کوردستان، بەتایبەتی هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێمی کوردستان پرسێکی گەرمی دیکەی گۆڕەپانی سیاسیی ئێستای کوردستانە، بۆ بەداداچوون لەسەر ئەم پرسە و وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارانەی کە خەڵك مەبەستێتی لە وردەکارییەکانی ئاگادار بێت، دیدارێکی کراوەمان لەگەڵ بەڕێز د.کەمال کەرکوکی ئەندامی مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان و جێگری سەرۆکی پەرلەمان لە خولی دووەم و سەرۆکی پەرلەمان لە خولی سێهەم ئەنجامدا، ئەمەش لەبەر ئەوەی د.کەمال لەماوەی دووخولی پەرلەماندا کە جێگر و سەرۆك بووە، لەنزیکەوە ئاگاداری پرۆژەی نووسینەوەی رەشنووسی دەستووری هەرێمی کوردستان بووە و هەر خۆشی سەرۆکایەتی ئەو دانیشتنەی کردووە کە رەشنووسی دەستووری هەرێم لە پەرلەمان پەسندکراوە، لەهەمانکاتیشدا هەر خۆی سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان بووە کە یاسای سەرۆکایەتی هەرێم لە پەرلەمانەوە هەموار کراوە بۆ ئەوەی سەرۆك راستەوخۆ لەلایەن خەڵکی کوردستانەوە هەڵبژێردرێتەوە، لەم چوارچێوەیەدا چەندین پرسمان وروژاند و بەڕێزی بەمجۆرە وەڵامی گوڵانی دایەوە.

*** ماوەیەکە قسەو باسی زۆر لە پرۆژەی دەستوور دەکرێت، هەندێك لایەن بەو جۆرە باسی پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان دەکەن، وەك ئەوەی ئەم پرۆژە دەستوورە، پارتی خۆی بە تەنیا دایناییێت و ئێستاش دەیەوێت بەسەر خەڵکدا بیسەپێنێت، بۆیە بەو سیفەتەی بەڕێزتان جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان بوون و پاشانیش سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان بوون. بۆیە حەزدەکەین باسی ئەوەمان بۆ بکەیت، ئایا چۆن ئەم پرۆژەیە داڕێژراوە و چۆن پەسندکرا بۆ ئەوەی بۆ ریفراندۆم ئامادەبکرێت؟**

- سەبارەت بە پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان، من پێم باشە لەو خاڵەوە دەست پێبکەم، کە زۆر جار گوێمان لێبووە دەڵێن ئەم پرۆژە دەستوورە بەپەلە ئامادەکراوە، بەڵام راستییەکەی بەو جۆرە نییە، لەبەر ئەوەی ئامادەکردنی ئەم پرۆژە دەستوورە ماوەی حەوت ساڵی خایاندووە، (٧ ساڵیش ماوەیەکی کەم نییە) لەخولی یەکەم و دووەمی پەرلەمانی کوردستان لیژنەی داڕشتنی دەستوور لەگشت لایەنە سیاسیی و ئایینیی و نەتەوەییەکان کە لەناو پەرلەمان بوونیان هەبوو، لە نوێنەری هەموویان لیژنەکە پێکهاتبوو، هەروەها لەو لیژنەیەدا پسپۆڕانی یاسای دەستووریی لە دەرەوەی پەرلەمانیشی لە خۆگرتبوو، هەتا ئەم پرۆژەی دەستوورەیان ئامادەکرد، دوای ئەوەی ئەم پرۆژەیە ئامادەکرا، لە پەرلەمان خوێندنەوەی بۆ کراوە، پاشان لە هۆیەکانی راگەیاندندا بڵاوکرایەوە بۆ ئەوەی خەڵکی کوردستان بە سەرنج و پێشنیارەکانیان زیاتر دەوڵەمەندی بکەن، بۆ ئەمەش زیاتر لە ٥٠٠٠ سەرنج و تێبینی و پێشنیار لەلایەن خەڵکی ئەکادیمی و کۆمەڵگای مەدەنی و سیاسیی و ئایینی و رۆشنبیران و هاووڵاتییانەوە لەسەر ئەو پرۆژەیە هەبووە، ئەم سەرنج و تێبینییانە هەموویان تەبیوب کران و لەبەر چاوگیران، ئەوجا ئەمانە هەموویان خرانە بەردەستی کۆمەڵێك پسپۆری بواری دەستووری نێودەوڵەتی، ئەوانیش دوای ئەوەی چەندین رۆژ لە هەرێمی کوردستان تاوتوێی پرۆژەکەیان کرد، هەندێك سەرنج و تێبینییان هەبوو، ئەوانەی ئەوانیش بەهەند وەرگیران، ئەمە بێجگە لەوەی هەر لەسەرەتاشەوە بۆ ئامادەکردنی ئەم پرۆژە دەستوورە و سوود وەرگرتن لە دەستووری وڵاتانی فیدرالی و غەیرە فیدرالی ٤٥ شێوازی دەستووری وڵاتان تەرجەمە کران، بۆ ئەوەی لە داڕشتنی پرۆژەکە سوودی لێ وەربگیرێت، پێشتر برادەرانی یەکگرتوو و کۆمەڵ هەندێك تێبینیان هەبوو، ئەوان ئەم تێبینییانەی خۆیانیان بردبووە لای جەنابی سەرۆکی هەرێمی کوردستان، بەڕێزیشی رەزامەندی لەسەردا و سەرنج و تێبینییەکانی ناردەوە بۆ لیژنەی داڕشتنی پرۆژەی دەستوور، دوای دیراسەتکردنیان ئەو سەرنج و تێبینییانەش بە هەند وەرگیران، هەردوو لایەنی یەکگرتوو و کۆمەڵیش رەزامەند و خۆشحاڵ بوون، هەردوو مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بە تێکڕای دەنگ موافق بوون، کە ژمارەیەك لە ئەندامانی مەکتەبی سیاسی یەکێتیی نیشتمانی ئەوکات، ئێستە لە سەرکردایەتی بزووتنەوەی گۆڕانن ئەوانیش هەموو موافق بوون و رۆڵی کاریگەریان هەبوو تا پرۆژەکە بەوشێوەیە ئامادە بکرێ و، بە وردی ئەوان و گشت لایەنە سیاسی و ئایینی و نەتەوەیی ناو کوردستان لە نووسینەوەی پرۆژەی دەستوور ئاگاداربوون و زۆریش لایان پەسند بوو، پاش ئەم هەموو ئامادەکارییە ٣٦ لایەنی سیاسیی کوردستانی چی ئەوانەی لە پەرلەمان نوێنەریان هەبوو یان ئەو لایەنانەی لە پەرلەمان نوێنەریان نەبوو، لەسەر ئەم پرۆژەیەی دەستوور کۆك بوون و پەسندیان کردووە، دوای ئەمانە گەڕایەوە ناو پەرلەمان بۆ ئەوەی دەنگی لەسەر بدرێت، لەو دانیشتنەدا ٩٧ پەرلەمانتار ئامادەبوو، بڕگە بە بڕگەی مادەکانی ناو پرۆژە دەستوورەکە خوێنرایەوە، دوای خوێندنەوە ٩٦ کەس دەنگی بەو پرۆژە دەستوورە داوە، بۆ ئەوەی راپرسی لەسەر بکرێت، هەر ئەمە خۆی بۆخۆی ئەوە دەگەیەنێت کە گشت لایەنە سیاسییەکان کۆك و هاودەنگ بوونە لەوەی ئەم پرۆژەیە بدرێتە ریفراندۆم، بۆ ئەمەش یەك ملیۆن دانەی بە زمانەکانی کوردی و عەرەبی و تورکمانی و سریانی چاپکرا و لەگەڵ فۆرمی خۆراك دابەشکران، بۆ ئەوەی هەموو هاووڵاتییەکی کوردستان ئەم پرۆژە دەستوورەی لابێت و بیخوێنێتەوە و پاشان دەنگی لەسەر بدات، هەروەها هەندێك بەڕێز هەن کە ئێستا لە ئۆپۆزسیۆنن و دەڵێن ئەم پرۆژە دەستوورە باش نییە، خۆیان دەنگیان داوە و هەم بەشداری ئامادەکردنی بوون و هەم چ وەکو لایەنی سیاسی و چ وەکو نوێنەریان لە پەرلەمان موافق بوون و دەنگیان پێداوە، بە ئارەزووی خۆیان بەبێ هیچ فشارێك، دەنگ و رەنگیشیان هەیە کە لەناو هۆڵی پەرلەمان ئەم پرۆژە دەستوورەی پەسند کردووە، زۆر بەخۆشحاڵییەوە لە پەسەندکردنی پرۆژەکەیان روانیوە.

ئێستاش کە باس لەوە دەکرێت ئەم پرۆژەی دەستوورە جارێکی دیکە بگەڕێتەوە بۆ ناو پەرلەمان، ئەوا لێرەدا بەڕاشکاوی دەڵێم هیچ دامەزراوەیەك یان لایەنێکی سیاسیی، یاسا رێگەی پێنادات کارێك بکات بۆ گەڕانەوەی پرۆژەی دەستوور بۆ پەرلەمان، لێرەدا جێگەی خۆیەتی بپرسین بۆ یاسا رێگەی پێنادات؟ لەبەر ئەوەی هەر پرۆژەیەك لەناو پەرلەمان دەنگ بێنێت و دەربچێت تاکو نەگاتە قۆناغی کۆتایی و ئیصدار نەکرێت، رێکارێکی یاسایی نییە رێگەی پێبدات بیگێڕێتەوە بۆ ناو پەرلەمان، بەهیچ شێوەیەکیش یاسا رێگای بەهیچ کەس و دامەزراوەیەك و لایەنێك نەداوە کە ماف و دەسەڵاتی ئەو کارەی هەبێت. چونکە ئەگەر ئەمە بکەیت ئەوا بنەمای یاسادانان و عورفی پەرلەمانی تێکدەدەیت، لە هیچ پەرلەمانێکی دنیای دیموکراتی ئەم کارە نەکراوە و لەهەرێمی کوردستانیش بە درێژایی تەمەنی پەرلەمان کاری لەو جۆرە نەکراوە، لەبەر ئەوە تەنیا لایەن کە مافی ئەوەی هەبێت ئەم پرۆژە دەستوورە بگێڕێتەوە بۆ پەرلەمان خەڵکی کوردستانە و تەنیا خەڵکی کوردستان

**٣٦ لایەنی سیاسیی کوردستانی چی ئەوانەی لە پەرلەمان نوێنەریان هەبوو یان ئەو لایەنانەی لە پەرلەمان نوێنەریان نەبوو، لەسەر ئەم پرۆژەیەی دەستوور کۆک بوون و پەسندیان کردووە**

دەسەڵاتەی هەیە کە ئەم دەستوورە رەتبکاتەوە و بینێرێتەوە بۆ پەرلەمان، بۆیە ئێستا ئەم پرۆژە دەستوورە مافی خەڵکی کوردستانە دەنگی لەسەر بدەن، ئەوجا پەسندی بکەن یان رەتی بکەنەوە، ئەگەر پەسندیان کرد ئەوا دەبێتە دەستووری کوردستان، و دوای یەك مانگ ئەو دەستوورە دەکەوێتە بواری جێبەجێکردنەوە، خۆ ئەگەر پەسندیان نەکرد، ئەوا جارێکی دیکە پەرلەمانی کوردستان لیژنەیەکی دیکە سەرلەنوێ پێکدەهێنێتەوە و سەرلەنوێ پرۆژەی دەستوور دەنووسرێتەوە و دوای ئەوەی پەرلەمان پەسندی دەکاتەوە و دووبارە دەخرێتەوە راپرسییەوە.

*** باشە ئەگەر پێویست بوو ئەم دەستوورە چەند برگەیەکی بگۆڕێت یان دەستکاری بکرێت، ئایا دوای ئەوەی ئەم پرۆژە دەستوورە پەسند دەکرێت بواری ئەوە دەبێت دەستکاری بکرێت؟**

- بۆ مەسەلەی گۆڕانکاری یان هەموار کردن، لەناو پرۆژەکە میکانیزمێك بۆ ئەمە دانراوە و تیایدا ئاماژە بەوە کراوە، ئەگەر یەك لەسەر سێی ئەندامانی پەرلەمان یان لەسەر پێشنیاری سەرۆکی هەرێم و ئەنجوومەنی وەزیران داوا لەپەرلەمان بکەن کە دەستوور هەموار بکرێتەوە، ئەوا دەبێت دوو لەسەرسێی ئەندامانی پەرلەمان دەنگی بۆ بدەن ئەو کات داخوازییەکە بۆ هەموارکردن پەسەند دەکرێت و پاشان ئەو ماددانە دەخرێنەوە ریفراندۆم بۆ ئەوەی خەڵکی کوردستان پەسندی بکەنەوە.

*** دوای پەسەندکردنی دەستوور لەلایەن پەرلەمانەوە، بڕیار بوو لە رۆژی ٢٠٠٩/٧/٢٥ هاوکات لەگەڵ هەڵبژاردنی پەرلەمان بخرێتە دەنگدانەوە، بۆ ئەو کات پرۆژەی دەستوور نەخرایە دەنگدانەوە؟**

- ئەوکات کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکانی عێراق ئاستەنگیان بۆ دروستکرد، ئەوکات من خۆم لەگەڵ فەرەج حەیدەری سەرۆکی ئەوکاتی کۆمسیۆنی هەڵبژاردنەکانی عێراق لەناو تەلاری پەرلەمانی کوردستان دانیشتم و پێیم وت: کەی راپرسی لەسەر دەستوور ئەنجامبدرێت؟ ئەو پێی وتم هەندێك لە ئەندامانی کۆمسیۆنی هەڵبژاردن ئاستەنگ دروست دەکەن و کە دێنە سەر ئامادەباشی بۆ ئەوەی لە کۆمسیۆن کۆببینەوە و بڕیار وەرگرین راپرسی لەسەر پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان بکەین، بەشێکیان خۆیان دەدزنەوە و پێمان دەڵێن ئەمە پرسێکی سیاسییە و ناکرێت، دوای ئەوەی هەڵبژاردن کراو دووبارە پەرلەمان هەڵبژێردرایەوە و من بوومە سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان، هەوڵمدا کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکانی کوردستان دابمەزرێنین و خۆمان کۆمسیۆنی خۆمانمان هەبێت، بۆیە داوامان لە پەرلەمانی کوردستان کرد کە پرۆژەیەك ئامادە بکەن بەناوی پرۆژەی کۆمسیۆنی هەڵبژاردنەکانی هەرێمی کوردستان، لەسەر ئەمەش کێشە دروستبوو، دوای ئەوەی چوار ماددەی ئەم پرۆژەیە دەنگی لەسەر درا، پەرلەمانتارانی گۆڕان داوایان دەکرد کە دەنگدانەکە بۆ هەڵبژاردنی ستافی ئەنجوومەنی کۆمیسۆنەکە بەدەنگی دوو لەسەر سێی پەرلەمانتاران بێت، لیستی کوردستانیش داوایان دەکرد بە زۆرینە بێت، بۆ ئەوەی کێشەکە گەورەتر نەبێت رامانگرت، هەتا زۆرتر گفتوگۆی لەسەر بکرێت و رێکبکەوین، بۆ دەستەی کۆمسیۆنەکە چووینە لای بەڕێز سەرۆکی هەرێمی کوردستان، ئەو سەبارەت بە زۆرینە و دوو لەسەرسێ وتی: بۆ بە ئیجماع نەبێت، بەڕێز جەنابی سەرۆکی هەرێم راشکاوانە ئاماژەی بەوەکرد لەبەر ئەوەی مەسەلەکە پەیوەندیی بە هەڵبژاردنەوە هەیە، ئایا لەم کوردستانە ٩ -١١ کەستان دەستناکەوێت کە ئیجماعی لەسەر بکەن و جێگەی رەزامەندیی هەموو لایەکتان بێت؟، لەسەر ئەمە رێککەوتن، کە گەڕاینەوە فراکسیۆنی گۆڕان کێشەی تریان هێنایە پێشەوە، ئیتر دواخرا، بۆیە لەلایەك، خۆمان کۆمسیۆنمان نییە، لەلایەکی دیکەشەوە بەغدا ئاستەنگیان بۆمان دروست دەکرد، زۆر رووداوی تریش هاتنە پێش، لەبەر ئەم هۆیانەوە دواکەوت و ریفراندۆمی لەسەر نەکرا.

**بەڕێز مسعود بارزانی هەموو کات خۆی بە پێشمەرگە زانیوە و سەرۆکایەتیی هەرێمیش هەر بە پێشمەرگایەتی دەزانێت**

*** بۆچی حکومەتی فیدراڵی ئاستەنگ بۆ ریفراندۆم لەسەر پرۆژەی دەستووری کوردستان دروست دەکات، ئایا کوردستان مافی خۆی نییە دەستووری هەبێت؟**

- لەکاتی نووسینەوەی پرۆژەی دەستووری عێراق شاندی هەرێمی کوردستان کە پێکهاتبوو لە شاندی پەرلەمانی کوردستان و لایەنە سیاسیی و ئایینی و نەتەوەییەکانی ناو هەرێمی کوردستان بە سەرۆکایەتی رێزدار کاك مسعود بارزانی، لە بەغداش بەڕێز مام جەلال سەرۆك کۆماری عێراق و نوێنەرانی کورد لە بەغد یەکترمان گرت، پێکەوە وەك یەك تیم وەکو وەفدی هەرێمی کوردستان بۆ بەشداری لە نووسینەوەی پرۆژەی دەستووری عێراق بەشدار بووین، کە دەستووری عێراق نووسرایەوە هەندێك شت کە لانی کەمی مافەکانی گەلی کوردستان بوو، گوشار کرا لەو دەستوورە تۆمار کرا، پێموایە لە نێو هەندێك لەلایەنە سیاسییەکانی عێراق، کەسانێك هەن ئەو برگانەیان پێ خۆش نییە کە لەدەستوورەکەدا چەسپێنراوە، بۆیە بەهەموو شێوەیەك هەوڵیانداوە و بەردەوامیشن کە ئەوانەی مافی هەرێمی کوردستانە، جێبەجێ نەکرێت، بۆیە کاتێك پرۆژەی دەستووری کوردستان بەشێوازێکی رێکوپێك و لە بەرژەوەندی خاك و گەلی کوردستان و مافی تاك و ئازادییەکان و فرەنەتەوەیی و ئایینی و پرۆسەی دیموکراسی و یەکسانی دارێژراوە، و لە دەستووری عێراقیش مافی پێدراوە کە دەستووری تایبەت بە هەرێمی کوردستانی هەبێت، ئەوا ئەوانە نایەنەوێت ئەو مافانە جێبەجێ بکرێن و نایانەوێت کوردستان ببێتە خاوەنی دەستوور و کیانێکی تەواو، هەر بۆیە ماددەی ١٤٠ی دەستووریش یەکێکە لەو ماددە دەستوورییانەی کە پەیوەندیی بە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان هەیە، هەروەها یاسای نەوت و گاز، کێشەی پێشمەرگە و سەرژمێری، ئەنجوومەنی فیدراڵ ئەمانەیان هەموو دواخست، کە هەمووی لە دەستووری

عێراقدا هەن، ئەمەش مانای ئەوەیە پێیان خۆش نییە هەرێمی کوردستان ببێتە کیانێکی دەستووری تەواو. ئەگەر ئەم هۆکارانە نەبێت، بەپێی دەستووری عێراق بوار دراوە هەموو هەرێمەکان لە عێراقدا دەستووری خۆیان هەبێت، هەرێمی کوردستانیش کە یەکەم و تەنیا هەرێمی فیدرالییە لە عێراق مافی خۆیەتی دەستووری خۆی هەبێت بەپێی مادەی (١٢٠) لە دەستووری هەمیشەیی عێراق. بۆیە کە ئاستەنگ دروست دەکەن مانای وایە مەسەلەکە رق و کینە و سیاسییە، چونکە ئەگەر دەستوورمان هەبێت هەنگاوێکە بۆ ئاییندەیەکی باشتر.

*** ئەی کەواتە کەموکورتیی ئەم پرۆژە دەستوورە چییە، وا ئێستا هەموو داوا دەکەن بگەڕێتەوە بۆ پەرلەمان و بەتەنیا پارتی داوا دەکات نەگەڕێتەوە، ئایا بۆچی ئێستا ئۆپۆزسیۆن دەڵێت پارتی بەتەنیا پێ لەسەر ئەم مەسەلەیە دادەگرێت؟**

- پارتی پارێزگاری لە مافی میللەت و یاسا دەکات، هەر بۆ ئاگاداری ئەم پرۆژە دەستوورە ٣٦ لایەن پەسەندی کردووە، ئەمە قسەی ئەو لایەنانەیە کە دەیانەوێت بەنایاسایی پرۆژەی دەستوور بگەڕێننەوە پەرلەمان، خۆ مەرج نییە ئەوان هەرچی دەڵێن راست بێت، لەلایەکی دیکەوە ئەوان ناڵێن پرۆژەی دەستوور کەموکورتی تێدایە، زۆر باشە خۆ هەرچی مرۆڤ خۆی بینووسێت لەهەموو روویەکەوە تەواو نییە، هەر کەموکورتی تێدا دەبێت، با ئەم پرۆژەیە بخرێتە دەنگدانەوە، ئەگەر گەلی کوردستانیش پەسەندی بکات و ببینە خاوەنی دەستووری خۆمان، پاشان ئەو بڕگانەی کەموکورتییان تێدایە چاکی دەکەین و هەمواریان دەکەینەوە، و ئەگەر گەلی کوردستان رەتی بکاتەوە ئەوا دووبارە دەستەیەکی تر دادەنێین بۆ ئامادەکردنی پرۆژەیەکی تری دەستوور. هەندێکیش قسەیان دەکرد بەوەی گوایە دەستوور بۆ نەوەکانی داهاتوو دادەنرێت، لێرەدا دەڵێم دەستوور دادەنێین بۆ ئەوەی هەرێمی کوردستان ببێتە خاوەنی دەستووری خۆی و تەکاملی کیانەکەمان بکات زیاتر، بەس پرسیار لێرەیە بۆچی کوردستان و خۆمان و نەوەکانی دوای خۆمان نەبینە خاوەنی دەستووری خۆمان؟ با نەوەکانی ئاییندەشمان وەك لەم پرۆژەیە رێگەیان پێدراوە لە هەرکاتێك بەپەسەندیان زانی بە گوێرەی زروف و بەرژەوەندی میللەتەکەمان لەو سەردەمە بتوانن هەمواری بکەنەوە، بەوشێوەیە دایبڕێژن کە لە خزمەتی بەرژەوەندی گشتی بێت و ئەوان پێیان باش بێت، بەڵام لە ئێستاوە بۆ خۆمان بکەینە مێردەزمە بەسەر نەوەی داهاتووەوە، گەنجی داهاتوو بیریان لەئێمە کراوەتر دەبێت، باخۆیان دەستوورەکە وا هەموار بکەنەوە کە لەگەڵ سەردەمی خۆیان بگونجێت، لێرە وا دەبینم ئەمە بەهانەیەکە تەنیا بۆ بەرژەوەندی تەسکی حزبایەتی ئێستا، ئیتر هەر جارەو بابەتێك بە بەهانە دەهێنرێتەوە، جارێك دەوترێت پێشەکیەکەی زۆرە، جارێك دەوترێ باسی جینۆسایدی تێدا کراوە، باشە بۆ حەرامە بە دنیا بڵێین و بنووسین و تۆماری بکەین کە گەلەکەمان تووشی جینۆساید و کیمیاباران و ئەنفال بووە و ئەو میللەتەش بەردەوام لە خەباتدا بووە، ئەمە کوێی شەرمە ئایا ئەمە حەقیقەت نییە؟، ئێمە دەزانین کە بووینە خاوەنی دەستوور، دەستوورەکەمان دەچێتە ئەرشیفی گشت وڵاتان و رێکخراوەکانی جیهان و دەیخوێننەوە، با بزانن گەلی کورد تووشی جینۆساید بووە و چی بەسەرهاتووە و ئێستا چی دەکەن.

هەر بۆ نموونە سویسرا یەکێکە لە وڵاتە دیموکراتییەکان لەماوەی (٥٠) ساڵ (٢٥) جار دەستوورەکەیان هەموار کردۆتەوە، ئەمە مانای ئەوەیە خۆ مەرج نییە کە دەستوور خرایە ریفراندۆم و پەسند کراو بووینە خاوەنی دەستوور ئیتر ئەو دەستوورە هیچ دەستکاریی ناکرێت، بەڵی دەستکاریی دەکرێت و هەمواریش دەکرێتەوە، پرۆژەی دەستووری کوردستان پرۆژەیەکی نەرمە(مرن) هەموارکردنەوەشی زۆر ئاسانترە لە هەموارکردنەوەی دەستووری عێراق.

*** کەواتە پێداگیریی ئەو لایەنانە لەسەر چییە؟**

- ئەوان پێداگیریی لەسەر ئەوە دەکەن کە سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە پەرلەمانەوە هەڵبژێردرێت نەك راستەوخۆ لەلایەن خەڵکی کوردستانەوە، ئەمەش بۆ بەرژەوەندی حزبەکانیانە نەك بۆ بەرژەوەندی خەڵکی کوردستان، ئەم بیرۆکەیە سەرناگرێت، چونکە نایاساییە و دژی پرۆسەی دیموکراسییە و دژە بە بنەمای یاسادانان و عورفی پەرلەمانی، لەم قۆناغە لەبارەی ئامادەکردنی پرۆژەکەی دەستوور و رێکارە یاساییەکانی پەرلەمان، لەهەمووی گرنگتر دژ بەمافی خەڵکیشە، چونکە مافی خەڵکە ئەم پرۆژەی دەستوورە لایەنە سیاسییەکان و کۆمەڵگای مەدەنی و ئەکادیمی و لایەنەکانی نەتەوەیی و ئایینی کاری خۆیان تەواو کرد، لیژنەی ئامادەکاری دەستوور و پەرلەمانیش بە ئەمانەتەوە کاری خۆی تەواو کرد، سەرۆکی هەرێمیش کاری خۆی تەواو کرد، ئەم ئەمانەتە گرنگە دراوەتە میللەت ئێستا بە چ مافێك ئەو حەقە لە میللەت وەردەگریتەوە؟ بە دەنگدانی ئەوان دەبێتە دەستوور یان نابێتە دەستوور، لە هەموو لایەنەکانی سیاسی ناو کوردستان و ئەو کەسانەشی کە سەر بەهیچ حزب و لایەنێك نین کەسانی دڵسۆزن و لەگەڵ بەرژەوەندی خەڵکی کوردستاندان، و پێیان باشە سەرۆکی هەرێم راستەوخۆ لەلایەن خۆیانەوە هەڵبژێرێت نەك لەلایەن لایەنە سیاسییەکانی ناو پەرلەمان، لەبەر ئەوەی هەڵبژاردنی سەرۆك لەلایەن پەرلەمانەوە لەبەرژەوەندیی هاووڵاتیانی کوردستاندا نییە، چونکە ئەوجا دەبێتە سەرۆکێك، بەڵام حزبەکان بۆ بەرژەوەندی و ئیمتیازات سەفقەی لەسەر دەکەن، میللەتیش تێیدا زەرەرمەند دەبن، لەلایەکی دیکەوە هەر ئەم بەڕێزانەی ئێستا داوا دەکەن سەرۆك لە پەرلەمانەوە هەڵبژێردرێت، کاتێك لە خولی دووەمی پەرلەمان، سەرۆك لە پەرلەمانەوە هەڵبژێردرا، دەیانووت هەڵبژاردنی سەرۆك لە پەرلەمانەوە سەفقەی سیاسییە لە نێوان حزبەکان، بۆیە وا بیرکرایەوە

**وڵاتەکەمان لەم قۆناخەدا لە هەنگاو هەڵگرتنە بەرەو ئاییندەیەکی رۆشن، بۆیە مسعود بارزانی پێویستییەکە بۆ ئەوەی لەم قۆناخەدا ببێتە چەترێک بۆ ئەم میللەتە، پاشان جەختکردنەوەمان لەسەر ئەوەی دەبێت خۆی کاندید بکاتەوە، ئەمە ئیمتیازێک نییە بیدەین بەو**

و واش بڕیاردرا با خەڵکی کوردستان خۆی راستەوخۆ بەدەنگدانی نهێنی لەلایەن تاکی دەنگدەرەوە خۆی سەرۆکی خۆی هەڵبژێرێت، نەك دەنگ بدات بە کەسێك یان لایەنێك بەوەکالەت لە باتی ئەوان سەرۆك هەڵبژێرن، بەڵام ئەوان ئێستا دەیانەوێت بیگێڕنەوە بۆ پەرلەمان، چونکە وا دیارە و روونە بۆیان کە حزبەکان ناتوانن سەفقەی لەسەر بکەن، ئەگەر لەلایەن میللەتەوە بێت، ئیتر بۆیە هەوڵ دەدەن بە نایاسایی بیگەڕێننەوە پەرلەمان، تاکو بخرێتە بەر سەفقەی سیاسی حزبەکان، ئەوجاش دەکرێت کاریگەری دەرەوەشی لەسەر بێت، بەڵام ئەگەر میللەت هەڵیبژێرێت، ئەوا میللەت لەگەڵ کەس سەفقە ناکات، کە بە زەرەری کوردستان تەواو بێت، بڕیاری گەل دروست و پاك دەبێت.

*** بەڵام زۆر کەس دەڵێن پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان کە سەرۆك لەلایەن خەڵکەوە هەڵدەبژرێت، پێچەوانەی دەستووری عێراقە، ئایا ئەمە چۆنە؟**

- ئێمەش هەرێمێکی فیدرالین، ئەمە مانای ئەوە نییە ئێمە ببینە کۆپییەکی بەغدا، ئەگەر وابوایە ئیتر چ پێویستمان بە داڕشتنی دەستووری هەرێمی کوردستان هەبوو، هەر بە دەستوورەکەی بەغدا کارمان دەکرد، ئێمە هەرێمێکین تایبەتمەندیی خۆمان هەیە، مێژووی تایبەتیی خۆمان هەیە، لەسەر خاکی خۆمان، کولتووری خۆمان و ئاینی خۆمان و نفوسی خۆمان، تووشی جینۆساید بووینە، بۆیە ئێمە بیردەکەینەوە چی بۆ خۆمان باشە ئەوە بکەین، ئەو دەستوورەی عێراق ٩ خاڵی لێ دەربچێت کە دەسەڵاتە حەسرییەکانی حکومەتی فیدرالین، باقییەکەی دیکەی ئەوە مافی هەرێمەکانە چۆن حوکمڕانیی خۆیان رێکدەخەن، لێرەدا دەبێت ئاماژە بەوە بکەین پرۆژەی دەستوورەکەمان دژ بە دەستووری عێراق نییە، بەڵکو جیاوازی لە هەندێك بابەت لەگەڵدا هەیە، ئەویش زۆر سروشتییە.

*** ئەگەر بە دیاریکراوی ئەو پرسیارە بکەم ئایا ئێوە وەك پارتی دیموکراتی کوردستان، دەتانەوێت ریفراندۆم لەسەر پرۆژەی دەستوور بکرێت؟**

- بە تەئکید ئێمە وەك پارتی دیموکراتی کوردستان لەگەڵ ئەوەین هەرێمی کوردستان ببێتە خاوەنی دەستووری خۆی. ئەو پرۆژەیەش بە رێگایەکی یاسایی مامەڵەی لەگەڵ بکرێت، ئەمەش ئێستا مافی خەڵکی کوردستانە و نابێ زوڵم لە خەڵکی کوردستان بکرێ و ئەو مافەیان لێ زەوت بکرێت، وەك لایەنێکی سیاسی کە بۆ بەدیهێنانی مافەکانی گەلی کوردستان دروست بووین، ئێستاش بەردەوام داکۆکی سەخت لە مافە رەواکانی گەلی کورد بەهەموو شێوەیەك لە هەموو شوێنێك دەکەین.

*** ئەوان لەسەر پێداگیریی لەسەر هەڵبژاردنی سەرۆك راستەوخۆ لەلایەن خەڵکەوە و گۆڕینی سیستمی نیمچە سەرۆکایەتی بۆ پەرلەمانی، دەڵێن ئەم شێوازە وادەکات دەسەڵاتەکانی سەرۆك زۆر بێت و ئەمەش مەترسیی دروست بوونی دیکتاتۆری لێدەکرێت، ئایا ئێوە ئەم لایەنەتان لەبەر چاو گرتووە؟**

- پێش هەمووشتێك لە دیموکراتییەتدا هەرسێ سیستمی (سەرۆکایەتی، نیمچە سەرۆکایەتی، پەرلەمانی ) هیچ کام لەم سیستمانە هۆکار نین بۆ دروستبوونی دیکتاتۆر، ئەوەی دیکتاتۆر دروست دەکات، مەیلی شەخسەکەیە نەك سیستمەکە، با بگەڕێینەوە بۆ مێژوو، بزانین کام سیستەم دوو جەنگی گەورەی لە جیهاندا هەڵگیرساندووە، بێگومان لە وڵاتێکەوە نەبووە سیستمەکەی سەرۆکایەتی بێت، بەڵکو لە سیستمی پەرلەمانی بووە کە هیتلەری لێ پەیدا بوو و وڵاتەکەی خۆی و زۆر شوێنی دنیاشی وێران کرد و جەنگی جیهانی بەرپاکرد، وڵاتیش هەبووە سیستمەکەی پەرلەمانی بووە، بەڵام هەوڵی داوە زۆربەی شوێنی دنیا داگیر بکات، بۆیە مەسەلە سیستمەکە نییە، لەم سێ سیستمەدا کە دیموکراتی پێڕەو دەکرێت، لە هەرسێکیاندا نموونەی زۆر سەرکەوتوو هەن و نموونەی سەرنەکەوتووش هەن، پاشان سیستمی هەرێمی کوردستان سەرۆکایەتی نییە، بە هەڵە دەگوترێت سەرۆکایەتییە، هەر بۆ نموونە نەمسا وڵاتێکی دیموکراتی و پەرلەمانییە و سەرۆکەکەشی لەلایەن خەڵکەوە راستەوخۆ هەڵدەبژێردرێت، لە هەرێمی کوردستانیش سیستمەکەمان سیستمێکی تێکەڵەیە و زۆر لە پەرلەمانی نزیکترە، تاڕادەیەك دەتوانین بڵێین پەرلەمانییە، چونکە لە هەرێمی کوردستان سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیرانیش هەیە، لەسیستمی سەرۆکایەتی سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران نییە، جیاوازییەکە ئەوەیە لە هەرێمی کوردستان سەرۆك لەلایەن خەڵکەوە هەڵدەبژێردرێت. بۆ ئەمڕۆی کوردستانیش زۆر باشترە سەرۆکێکمان هەبێت لەلایەن خەڵکەوە راستەوخۆ هەڵبژێردرێت نەك لەلایەن حزبە سیاسییەکانەوە، چونکە ئێستا لە قۆناغی تەکوینین.

*** ئەی ئەگەر بە رێککەوتنی نێوان لایەنە سیاسیەکان بێت باشتر نییە؟**

- ئێمە باوەڕمان بە پاکیی و هێزی لەبن نەهاتووی خەڵکی کوردستانە، پاشان خەڵکی کوردستان هەموویان ئەندامی حزبە سیاسییەکان نین و بەشێکیان لەدەرەوەی هەموو حزبەکانن، باشە بۆ ئەوان خۆیان بڕیار لەسەر هەڵبژاردنی سەرۆکی خۆیان نەدەن، ئەوان سەرچاوەی هەموو شەرعیەتێکی ئەم هەرێمەن و خاوەنی فیداکاری و قوربانیدان و نەهامەتییەکان و پێشمەرگە و ئەنفال و کیمیابارانن، ئایا بۆ ئەو مافەیان لێ دەسێنن کە سەرۆکەکەی خۆیان خۆیان هەڵیبژێرن. هەندێك لە حزبەکان ئەوەش بە میللەت رانابینن، ئەی ئیتر چۆن میللەت باوەڕی بەم حزبانە بێ کە حازر نەبن تا ئەو رادەیەی رێیان پێ بدەن سەرۆکێك بۆخۆیان راستەوخۆ هەڵبژێرن، پرۆژە دەستوورێك پەرلەمان بڕیاریدا کە میللەت خۆی بڕیار بدات ببێتە دەستوور یان نا، هەندێك لەو حزبانە هەوڵدەدەن لێیان بسەننەوە و بەئارەزووی حزبەکان دووبارە دایڕێژنەوە، کەی ئەمە حەقە؟ دڵنیام گەل ئەمە قبوڵ ناکات.

**هەر ئەم بەڕێزانەی ئێستا داوا دەکەن سەرۆک لە پەرلەمانەوە هەڵبژێردرێت، کاتێک لە خولی دووەمی پەرلەمان، سەرۆک لە پەرلەمانەوە هەڵبژێردرا، دەیانووت هەڵبژاردنی سەرۆک لە پەرلەمانەوە سەفقەی سیاسییە لە نێوان حزبەکان**

*** لایەنێکی دیکــە کە لە هەڵبژاردنی ســەرۆك لەلایەن خەڵکەوە ئامــاژەی پێدەکرێت، مەســەلەکە دەگێڕنەوە بۆ مەســەلەی ســاختە و تەزویر، دەڵێن بۆیە جەختدەکرێتەوە لەسەر هەڵبژاردنی راستەوخۆ لەبەر ئەوەی دەتوانرێت تەزویر بکرێت، ئایا لەمبارەوە چی دەڵێیت؟**

- بــەڕای مــن هەڵەیە میللەتی خۆت بە ســاختەکار ناو بەریت، میللەتی ئێمــە میللەتێکی پاکە، خاوەنی ئیرادەی خۆیەتی، خۆی بڕیار دەدات کێ هەڵدەبژێرێت. بۆیە دەبێت رێــز لە میللەت بگیرێت و بێ ڕێزیی بە میللەت لای ئێمە هێڵی سورە. ئەوانەی ئەو قســانە دەکەن، خۆیان هاودژی لەگــەڵ بۆچوونەکانی پێشــتری خۆیان دروســت دەکەن، ئەوان پێشــتر دەیانوت نابێت حزب دەست لەکاروباری خەڵك وەربــدات، ئێمە بەگرنگی دەزانین دەبێــت ڕێز لە ئیرادەی میللەت بگیرێت و بەهیچ شێوەیەك ماف لە میللەت زەوت نەکرێت و سووکایەتیشی پێ نەکرێت، میللەت هێزێکی پاکە و تاجی ســەری هەموومانە، ئەمەش جێی پرسیارە لەگەڵ گشــت ئەو بۆچوونانەی پێشتری ئەوان، ئێستا خۆیان داوا لەخەڵــك دەکەن کە ئەو حزبانە خۆیــان لەبری خەڵك بڕیار بدەن، و هیچ حســابێك بۆ رای خەڵــك نەکەن، لێرەش ئەم بۆچوونەشــیان خۆیانی تووشــی هاودژی کردووە لەگەڵ بۆچوونەکانی پێشووی خۆیان.

*** بەڕێز مسعود بارزانی لەوماوەیەی کە سەرۆکی هەرێمی کوردستان بووە کۆمەڵێك گۆڕانکاریی گەورە لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی و ناوخۆ بۆ هەرێمی کوردســتان هاتۆتە ئاراوە، لەم قۆناخەشدا زۆر ئەرك ماون پێویستییان بەبوونی ڕێزدار مسعود بارزانی هەیە، ئایا لەرووی یاساییەوە چۆن ئەمجارە دەتوانرێت خۆی کاندید بکاتەوە؟**

- لەگــەڵ ئەوەی تاکو ئێســتاش بەڕێزیــان رای خۆی دەرنەبڕیووە لەوبارەیەوە، بەڵام خەڵکی کوردســتان مانەوەی بەڕێزیان بە پێویست دەزانن، من وەك شەخسی خۆم مانەوەی ســەرۆك بارزانی بۆ ئەم قۆناخە بە پێویست دەزانم، لەبەر ئەوەی لە نزیکەوە دەیناسم، تەجروبەمان کردووە، مرۆڤێکی دڵســۆزە بۆ دۆزی رەوای گەلەکەمان، لەســەر ئاســتی ناوخۆیــی و ئیقلیمی و نێودەوڵەتیشــەوە کەســایەتییەکە شــکۆی داوە بە وڵاتەکەمان، وڵاتەکەشــمان لەم قۆناخەدا لە هەنگاو هەڵگرتنە بەرەو ئایندەیەکی رۆشــن، بۆیە ئەم کەســایەتییە پێویســتییەکە بۆ ئەوەی لەم قۆناخەدا ببێتە چەترێك بۆ ئەم میللەتە، پاشــان جەختکردنەوەمان لەسەر ئــەوەی دەبێت خۆی کاندید بکاتەوە، ئەمە ئیمتیازێك نییە بیدەین بە ســەرۆك بارزانی، لەبەر ئــەوەی ئەو مێژوویەك دروســتی کردووە، بۆتە خاوەنی ئەزموونێکی گەورە، بۆتە پێویستییەك بۆ ئەم قۆناخە، و دەبێت لەم قۆناخەدا لەگەڵمان بێت و دەبێت گوشــاری بخەینە ســەر بۆ ئەوەی جارێکی دیکــەش خۆی کاندید بکاتەوە. ســەبارەت بەوەشــی ئایا چ ڕێگەیەکی یاســایی هەیە بۆ ئــەوەی ئەو کارە بکەین، بێگومان لەهەرێمی کوردستان پەرلەمانمان هەیە، پەرلەمان دەسەڵاتی خۆی هەیە، هێشتا بواری ئەوە ماوە بڕیار بدرێت. ئەگەر ئەو ڕێگەیە نەبێت پڕۆژەی دەســتوورمان هەیە، ئەم پڕۆژەیە دەسکەوتێکی گەورەیە نابێت لەوە زیاتر دوابخرێت، بۆیە زەرووره بڕیار بدرێــت پڕۆژەکە بخرێتە ریفراندۆمەوەو خەڵکی کوردســتان دەنگی لەســەر بدات، ئەمەش یەکەم لەبەر بەرژەوەندیی کوردستان کە دەبینە خاوەنی دەستووری خۆمان، کە بووینە خاوەنی دەستووری خۆشمان چارەسەری ئەو کێشەیەشمان بۆ دەکات.

*** بەڕێزت باست لە پێویستیی سەرۆك بارزانی کرد بۆ ئەم قۆناخە، ئەمەش رەنگدانەوەی بۆچوونی پارتی دیموکراتی کوردستانە، ئایا ئەگەر لەم تێڕوانینەی پارتی بچینە دەرەوە پێویستی کوردستان بۆ بەڕێز مسعود بارزانی لەم قۆناخەدا چییە؟**

- پێش هەموو شــت ئێمە وەك پارتی دیموکراتی کوردستان نەمانوتووە بەبێ هەڵبژاردن لەلایەن خەڵکی کوردســتانەوە بەڕێز مسعود بارزانی ببێتەوە سەرۆکی هەرێمی کوردستان، ئێمــە دەڵێین بــا بەڕێزیان خۆی کاندید بــکات و خەڵکی کوردســتان خۆی بڕیار بدات، ئەمەش تەنیا بیروبۆچوونی پارتییــەکان نییــە، بەڵکو بیروبۆچوونــی زۆربەی زۆری خەڵکی کوردســتانە، هەتا هی خەڵکانــی ناو لایەنەکانی ئۆپۆزسیۆنیش، هەروەها نەتەوەکانی دیکەی کوردستانیش، ئەمەش مانای ئەوەیە لەناو هەموو لایەنەکان و نەتەوەکانی کوردستاندا خەڵکانێکی زۆر هەن مانەوەی جەنابی سەرۆك بارزانییان لا گرنگە. ئەمــە لەلایەك، لەلایەکی دیکەوەی بەڕێزت پرســیت بۆ پێویســتە؟ لەوەڵامی ئەمەشدا دەڵێم ئەمرۆ ئێمە لە قۆناخێکی زۆر هەستیاردایین، لەو ماوەیەی جەنابــی مســعود بارزانی ســەرۆکی هەرێم بــووە، با لە مێــژووی خەباتی ئەم ســەرۆکە بگەڕێین کە هەموو کات خۆی بە پێشمەرگە زانیوە و سەرۆکایەتیی هەرێمیش هەر بە پێشمەرگایەتی دەزانێت، لێرەوە ئەگەر سەیری ئەو ماوەیەی سەرۆکایەتیی سەرۆك بارزانی بکەین، دەبینین لەو ماوەیەی ئەو ســەرۆك بووە و لەو کاتانــەی نییەتی خراپ بەرامبەر کوردســتان هەبووە، بەڕێزی هەڵوێستی بوێرانەی نیشتمانی و یەکلاییکەرەوەی هەبووە، هەر بۆ نموونە کاتێك حکومەتی عێراق هێزی جووڵاند بــۆ ناوچەکانی خانەقین و جەلەولا، جەنابی سەرۆك هەڵوێستێکی یەکلاییکەرەوەی هەبووە، من بۆ مێژوو دەیڵێم و خۆم لەناو ڕووداوەکاندا بووم هەڵوێستەکانی ســەرۆك بارزانی نەبووایە زۆر شوێنمان لەدەست رۆیشتبوو، کە هێزەکانی فەرماندەی دیجلە دروست بوو جەنابی هەمان هەڵوێستی هەبووە، لەمەسەلەی هێزەکانی جەزیرە و سنووری ســووریا هەمان هەڵوێســتی هەبووە، هەڵوێستی بەرامبەر هێرشەکانی تورکیا و لایەنی کوردی کە لە قەندیلن، جەنابی زۆر رۆڵی هەبوو کە لەناو عیراق شەڕی ئەو لایەنە نەکرێت، من بۆ مێژوو دەیڵێم گوشارێکی زۆر لەلایەن هاوپەیمانانەوە و لایەنــی ئیقلیمی و ناو عێراقــەوە هەبوو بۆ ئەوەی ڕێگە بدرێت شەڕێك دژی ئەو لایەنە کوردییە بکرێت، بەڕێزی

**وەک لایەنێکی سیاسی کە بۆ بەدیهێنانی مافەکانی گەلی کوردستان دروست بووین، ئێستاش بەردەوام داکۆکی سەخت لە مافە رەواکانی گەلی کورد بەهەموو شێوەیەک لە هەموو شوێنێک دەکەین**

پێداگیری كرد كه ئه‌مه‌ له‌به‌رژه‌وه‌ندیی مرۆڤایه‌تی و به‌رژه‌وه‌ندیی خودی توركیا و گه‌لی توركیا و گه‌لی كورد و پرۆسه‌ی دیموكراتیش نییه‌، ئه‌م كێشه‌یه‌ ته‌نیا یه‌ك ڕێگه‌ی چاره‌سه‌ری هه‌یه‌ ئه‌ویش ڕێگه‌ی ئاشتی و دیالۆگه‌، هه‌روه‌ها له‌مه‌سه‌له‌ی به‌غدا و داكۆكی كردنی له‌ ده‌ستوور و ڕێككه‌وتنه‌كان، من لێره‌دا حه‌زده‌كه‌م و ڕووداوێك بگێڕمه‌وه‌ كه‌ ئه‌و كات سه‌رۆكی په‌رله‌مان بووم، پێش ئه‌وه‌ی نوری مالیكی ببێته‌وه‌ به‌ سه‌رۆك وه‌زیران، هه‌موومان گشت لایه‌نه‌ سیاسییه‌كانی كوردستان له‌گه‌ڵ هه‌ردوو ڕێزدار مام جه‌لال و كاك مه‌سعود بارزانیش له‌هه‌ولێر كۆبووینه‌وه‌، موناقه‌شه‌یه‌كی زۆر كرا ئایا مالیكی هه‌ڵبژێرینه‌وه‌ بۆ سه‌رۆك وه‌زیران یان نه‌، جه‌نابی سه‌رۆك بارزانی ته‌نیا كه‌سێك بوو كه‌ زۆر به‌راشكاوانه‌ وتی ئه‌م براده‌ره‌ هه‌ڵبژێرینه‌وه‌ تووشی كێشه‌مان ده‌كات، له‌به‌ر ئه‌وه‌ی كاتێك هێزی بۆ خانه‌قین و مه‌نده‌لی جووڵاند له‌بیری چوو هێز دژی كێ ده‌جووڵێنێت، دژی میلله‌تێك كه‌ گۆڕی به‌ كۆمه‌ڵی له‌ زۆربه‌ی شوێنه‌كانی عێراقدا هه‌یه‌، گه‌لێك له‌به‌ر زوڵم له‌ زۆربه‌ی وڵاتانی دنیا بڵاوبۆته‌وه‌، گه‌لێك كه‌ تووشی جینۆساید بووه‌، خاكه‌كه‌ی ته‌عریب كراوه‌، دانیشتووانه‌كه‌ی ده‌ربه‌ده‌ركراون. له‌ شوێنی ئه‌وه‌ی دڵنه‌وایی و چاره‌سه‌ركردنی كێشه‌كانیان بكرێت، به‌هێز ته‌هدید بكرێت؟ بۆیه‌ پاش وتووێژیكی زۆر به‌شدارانی كۆبوونه‌وه‌كه‌ ڕایان ئه‌وه‌بوو ئه‌گه‌ر مالیكی ئه‌مجاره‌ ده‌ستووری پێشێلكرد و هێزی جووڵاند دژ به‌ كوردستان، ئه‌وا چۆن ئێستا كۆده‌بینه‌وه‌، ئاوا كۆده‌بینه‌وه‌ و لای ده‌ده‌ینه‌وه‌، ئه‌وجا دوای هه‌مووشتێك جه‌نابی سه‌رۆك بارزانی وه‌ك ڕێزگرتنێك بۆ ڕای هه‌موو لایه‌نه‌كان ئینجا ڕه‌زامه‌ند بوو كه‌ مالیكی هه‌ڵبژێردرێته‌وه‌، ئه‌ویش له‌سه‌ر بنه‌مای ڕێككه‌وتنێك كه‌ ئیمزا كرا به‌ناوی ڕێككه‌وتننامه‌ی هه‌ولێر، بۆیه‌ كه‌سێك خاوه‌نی ئه‌م ئه‌زموونه‌ بێت له‌م قۆناخه‌ ناسكه‌دا ناتوانین ده‌ستبه‌رداری بین و ده‌بیت خۆی كاندید بكاته‌وه‌، با كاندیدی دیكه‌ش هه‌بێت، ئه‌م مه‌سه‌له‌یه‌ به‌جێده‌هێڵین بۆ ئه‌وه‌ی خه‌ڵكی كوردستان یه‌كلایی بكاته‌وه‌.

*** ئایا پێشتر له‌ هیچ ده‌وڵه‌تێك كاری واكراوه‌، كه‌ سه‌رۆكێك دوو خول سه‌رۆكایه‌تی كردبێت و بۆ خولی سێیه‌میش به‌ڕێگای یاسایی خۆی هه‌ڵبژاردبێته‌وه‌، یان ئه‌مه‌ ته‌نیا له‌ كوردستانه‌ هه‌نگاوی بۆ هه‌ڵده‌گیرێت؟**

- من بۆ ئه‌م مه‌سه‌له‌یه‌ باسی نزیكترین نموونه‌تان بۆ ده‌كه‌م كه‌ ئه‌ویش ویلایه‌تی نیۆیۆركه‌ له‌ ئه‌مریكا، بێگومان ویلایه‌تی نیویۆرك ویلایه‌تێكی دیموكراتی لیبرالی پێشكه‌وتووه‌، له‌ناو سیستمێكی دیموكراتیدا، هه‌روه‌ها نیویۆرك ناوه‌ندێكی ئابووری گرنگی ئه‌مریكایه‌، ئه‌م ویلایه‌ته‌ سه‌رۆكێكیان هه‌یه‌ به‌ناوی بلومبێرگ، له‌ساڵی ٢٠٠١ بۆ سه‌رۆكی ئه‌و ویلایه‌ته‌ هه‌ڵبژێردرا، له‌ ٢٠٠٥ جارێكی دیكه‌ هه‌ڵبژێردرایه‌وه‌، به‌پێی ده‌ستووری ئه‌و ویلایه‌ته‌ و ده‌ستووری ئه‌مریكاش، به‌ دوو خولی هه‌ڵبژاردنی سه‌رۆك سنووردار كراوه‌، به‌ڵام خه‌ڵكی نیویۆرك پێویستیان به‌و سه‌رۆكه‌ بوو، بۆیه‌ وتیان ئه‌گه‌ر چاره‌سه‌رێكی یاسایی نه‌دۆزینه‌وه‌ ئه‌م سه‌رۆكه‌مان له‌ده‌ست ده‌چێت و له‌م قۆناخه‌شدا پێویستمان پێیه‌تی، بۆیه‌ له‌ساڵی ٢٠٠٨ له‌ په‌رله‌مان ڕێگایه‌كی یاساییان گرته‌پێش و ده‌سه‌ڵاتیان دا به‌ بلومبێرگ، بۆ ئه‌وه‌ی جارێكی دیكه‌ خۆی كاندید بكاته‌وه‌، پاشان موناقه‌شه‌ی ئه‌وه‌ كرا ئایا ئه‌م هه‌مواركردنه‌ له‌ په‌رله‌مان، یان ده‌ستووره‌كه‌ بخرێته‌وه‌ ده‌نگدانه‌وه‌، وتیان له‌به‌ر ئه‌وه‌ی هه‌ردوو ڕێگه‌كه‌ یاساییه‌، مادام یاساییه‌ جیاوازیش نییه‌ له‌ نێوان یاسا، بۆیه‌ له‌ په‌رله‌مان خرایه‌ ده‌نگدانه‌وه‌ و ڕێگای یاسایی پێدرا و هه‌تا ئێستاش بلۆمبێرگ سه‌رۆكی ویلایه‌تی نیویۆركه‌.

نموونه‌یه‌كی دیكه‌، باراك ئۆباما كه‌ ئێستا سه‌رۆكی ئه‌مریكایه‌، بێگومان له‌ساڵی ١٩٥١ـه‌وه‌ ده‌ستووری ئه‌مریكا ماوه‌ی سه‌رۆكایه‌تی به‌ دووخول دیاریكردووه‌، له‌ ساڵی ١٩٥١ـه‌وه‌ ئه‌و سه‌رۆكانه‌ی توانیویانه‌ ٢ خولی سه‌رۆكایه‌تی ئه‌مریكا هه‌ڵبژێردرێنه‌وه‌، پێنج له‌وانه‌ (ترۆمان، ئایزنهاوه‌ر، ڕێگان، كلینتۆن، ئۆباما ) هه‌ر یه‌ك له‌م پێنج سه‌رۆكه‌ی كه‌ دوو خول له‌و پۆسته‌دا بوون، هه‌وڵیانداوه‌ ده‌ستووری ئه‌مریكا هه‌موار بكه‌نه‌وه‌، ئێستاش له‌ ماوه‌ی خولی دووه‌می سه‌رۆكایه‌تیی ئۆباما پرۆژه‌یه‌ك بۆ هه‌مواركردنی بیست و دووهه‌مینی ده‌ستووری ئه‌مریكا ئاماده‌كراوه‌ و پێشكه‌شی كۆنگرێس كراوه‌، ئه‌م پرۆژه‌یه‌ به‌ ژماره‌ی (H.J.RES.15) و ناوی ئه‌م ڕه‌شنووسه‌ش نراوه‌ (Joint Resolution)، ئه‌وه‌ش به‌ومانایه‌ دێت، مقترحی قانوونه‌ بۆ هه‌مواری قانوونێكی تر یان ئیلغای قانوونێكی تر، به‌تایبه‌ت ئه‌وه‌ی په‌یوه‌ندی هه‌بێ به‌ هه‌مواری ده‌ستوور.

هه‌ربۆ زانیاریی زیاتر له‌ مێژووی سیاسی و یاسایی و ده‌ستووری ئه‌مریكا زۆر شت وتراوه‌، ئه‌مه‌ش وته‌ی هه‌ندێك له‌و به‌ڕێزانه‌یه‌، كه‌ له‌و باره‌وه‌ وتویانه‌:

١. جۆرج واشنتن وته‌یه‌كی به‌ناوبانگی هه‌یه‌ كه‌ ده‌ڵێت: هیچ لیاقه‌یه‌ك نابینم، كه‌ خۆمان مه‌حروم بكه‌ین، له‌ خزمه‌تكردنی پیاوێك كه‌ ئیسپاتی بكات ده‌توانێت، خزمه‌ت به‌به‌رژه‌وه‌ندی گشتی بكات، له‌ هه‌ستیارترین كات و زروفی وڵاته‌كه‌مان.

٢. ئه‌لیكسانده‌ر هامڵتۆن، كه‌ یه‌كێك بوو له‌ ئه‌ندامه‌كانی نووسینه‌وه‌ی ده‌ستووری ئه‌مریكا، له‌ دانیشتنه‌كاندا ڕوونیكردبووه‌وه‌ و وتبووی: ئه‌م سنووردار‌كردنه‌ نه‌ته‌وه‌كان بێبه‌ش و مه‌حروم ده‌كات له‌ كاته‌ هه‌ستیاره‌كان له‌و كه‌سانه‌ی كه‌ زۆر پێویستیان پێی ده‌بێت، ئه‌مه‌ له‌لایه‌ك له‌لایه‌كی تر وتبووی: بوونی سه‌ركرده‌یه‌كی خاوه‌ن ئه‌زموون و توانایه‌كی حه‌قیقی زۆر گرنگه‌ بۆ وڵاته‌ تازه‌كان یان دیموكراتییه‌ ساواكان، وه‌هه‌روه‌ها وتوشیه‌تی: سنووردارنه‌كردنی ویلایه‌تی سه‌رۆك ئختیاراتی ده‌نگده‌ران زیاد ده‌كات، كه‌ كاندیده‌ تازه‌كان له‌گه‌ڵ كاندیدی پێشوو خۆیان ده‌پاڵێون و ئه‌وكات ده‌نگده‌ران ئیختیاری زیادیان له‌به‌رده‌ست ده‌بێت، و ده‌نگی خۆیان ده‌ده‌ن، و هه‌ر ده‌نگی خه‌ڵكیشه‌ له‌ كۆتایی بڕیاری دروست ده‌دات، كه‌ یه‌كێك له‌ تازه‌كان هه‌ڵبژێرن یان ئه‌وه‌ی پێشتر.

**ئێمه‌ باوه‌ڕمان به‌ پاكیی و هێزی له‌بن نه‌هاتووی خه‌ڵكی كوردستانه‌، خه‌ڵكی كوردستان هه‌موویان ئه‌ندامی حزبه‌ سیاسییه‌كان نین، باشه‌ بۆ ئه‌وان خۆیان بڕیار له‌سه‌ر هه‌ڵبژاردنی سه‌رۆكی خۆیان نه‌ده‌ن**

٣. دەیڤـد هیوم: (David Hume) لـە کتێبەکەی خۆی (Commonwealth of Oceana) نوسـیویەتی و دەڵێ:

١-سنووردارکردنی ویلایەت دەنگدەران لە باشترین سەرکردەی پڕ ئەزموون لە مەیدانی کار بێبەش دەکات.

٢-پێویست بەو سـنووردارکردنە دروستکراوە ناکات، مادام وەسائیلی دیموکراتی لەسیستمی سیاسیی هەیە و هەڵبژاردن بە دەوری ئەنجام دەدرێت.

٤. پسپۆری یاسـایی (Scott E Grant) لە کۆلێژی یاسای زانکۆی هارڤارد لە ئەمریکا دەڵێت:

١- سنووردارکردنی ویلایەت بە نیزامێکی میسالی ئەژمار ناکرێت.

٢- بـەو مانایەش نایەت کە بەشـێوەیەکی تەواو (کامل) دیموکراتییە.

٣- بـە پێوەرێکی گرنگیـش دانانرێت، بۆ پەرەسـەندنی دیموکراتیەت.

لەلایەکی ترەوە تەئکید لەسـەر مەفهومێکی زۆر گرنگ دەکات بۆ تێگەیشتن لە ماهیەتی ماددەی سنووردارکردنی ویلایەتی سەرۆك و هۆکارەکان و دەرئەنجامی چاوەڕوانکراوی لەو تەشریعە (سنووردارکردنی ویلایەتی سەرۆك)، دەڵێت:

١- سـنووردارکردنی ویلایەتی سەرۆك بەربەرست نییە لە پێش سـەرۆك کە خۆی بۆ خولی سێیەم هەڵنەبژێرێتەوە، بەڵکو ئەو سنووردارکردنە مەرجی خۆکاندیدکردن بۆ خولی سـێیەم بەنسبەت ئەو کەسەی دوو خول سەرۆك بووە، زیاد دەکات، بـە بەراورد لەگەڵ ئـەوەی کە تازە خۆی کاندید دەکات یـان ئەوەی خولێك سـەرۆکایەتی کردووە و خولی دووەم خۆی کاندید دەکاتەوە.

٢- ئەو سـەرۆکەی شـەعبیەتی هەیە لەناو خەڵك بۆی زەحمەت نابێت، چی هەمواری دەستووری بۆ بکرێت، یان یاسـای بۆ هەموار بکرێت. چونکە لە کۆتایی بڕیاردەری گرنگ دەنگدەرانی گەلــن، ئەوجار کێ لایەنگیری زیاد بێت، ڕێز لە دەنگی زۆرینەی خەڵك دەگیرێت.

٣- بۆ ئەم بابەتەش ئەو پسپۆرە یاساییە، فرانکلین ڕۆزفلت بــە نموونە دێنێتەوە، چونکە ڕۆزفلت لەبەر ئەوەی پێگەی جەماوەری زۆر بەهێز بوو، خۆی کاندید کرد و بردییەوە بۆ خولی سێیەم و خولی چوارەمیش.

٥. پسـپۆر لە بــواری یاســا (جۆن کیــری) (John M.cary) لە سـاڵی ٢٠٠٣ تەئکید دەکات، بۆ ئەوەی دەرفەت بدرێ ویلایەتی سەرۆك سنووردار نەکرێت، چونکە سـنووردارکردنی ویلایەتی سەرۆك دژە لەگەڵ گرنگترین مەفاهیمی دیموکراتی، بـەوەی دەبێت ئازادی بەدەنگدەر بدرێت، ئەو کەسە هەڵبژێرێت کە ئەو بەگونجاوی دەزانی. بۆیــە ئــەو سـەرۆکەی لــە هەموارکردنی یاسـا یان دەستوور سـەرکەوتن بە دەسـت دێنێت، ئەوە دەگەیەنێت کە شـەعبیەتی زۆرە و خەڵك خۆشـیاندەوێ و باوەڕیان پێیەتی، و موستەحەقی ئەوەیە کە خۆی کاندید بکاتەوە،

لەوبـارەوەش وتەیەکی بەناوبانگی ئەلیکسـاندەر هاملتن هەیە کە پسـپۆرانی یاسـا و توێژەران و ئەکادیمیەکان لە گفتوگۆکاندا ئامـاژەی پێدەکەن، کە لەکاتی گفتوگۆی بۆ دانەنانی ماددەیەك بۆ دیاریکردنی ویلایەتی سـەرۆك وتویەتی: سەرۆکێك هەڵدەبژێریت بۆ چوار ساڵ، و شیاوە ئێسـتا و هەر جارێکی تریـش هەڵبژێردرێتـەوە، مادام گەلــی ئەمریکی متمانەی خۆیانی پێدەدەن ئەوە جێگای متمانەیە.

٦. ترۆمــان دوو خول سـەرۆکی ئەمریکا بــوو لە پاش سـنووردارکردنی ویلایەتی سەرۆك لە ١٩٤٧/٣/٢١: زۆر ڕوون بوو بۆ هێرشکردنە سەر هەمواری ٢٢ـەمی دەستووری ئەمریکا، وتبووی: ئەم هەموارکردنە کەسێك لە زەحمەترین پۆست دادەنێت لە جیهان، مەجبووریشی دەکات کار بکا و دەستێکی لەپشتەوە بەسترا بێت.

٧. ئایزنهاوەر(٢ خول سـەرۆك بوو): لە پاش ٥ سـاڵ لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانی وتبووی: دەبێ دەنگدەر ئازادی هەبێـت، کێ دواتر ببێتە سـەرۆکیان، بەبێ ئەوەی چەند ویلایەت حوکمی کردبێت.

هەروەهـاش وتبــووی: ئــەم هەموارکردنــە حەکیم نییە (هەمواری ٢٢ـەم) و شکی لێ هەبوو.

٨. ڕیگان (٢ خول سـەرۆکایەتی): زۆر بەجدەی هەوڵیدا بۆ ویلایەتی سـێیەم خۆی کاندید بکات، شەعبیەتیشی هەبوو، کۆمارییەکان پرۆژەی یاسـایەکیان پێشکەش کرد، (٦٥) ئەندامی کۆنگرێس لایەنگیری بوو، بەڵام فەزیحەی ئێران کۆنترا لە ساڵی ١٩٨٥ شکستی بەو پرۆژەیە هێنا. ڕیـگان لە زۆر بۆنــە ئاماژەی بــەوە دەدا کە هەمواری ٢٢ مەنتقی نییــە و لەیەکێك لە بۆنەکان وتبووی: دەبێت خۆمان بخوێنینەوە و بگەینە قەناعەت کە ئێمە تەدەخولمان نەکردووە لە ئیرادەی دەنگدەر.

٩. کلینتــن: (٢ خول )شـەعبیەتی زۆری هەبوو، بەڵام کێشەی مۆنیکا لێی تێکدا.

١٠. بلومبێــرگ لە نیویۆرك کاتێ بواری پێدرا بۆ خولی سێیەم خۆی کاندید بکاتەوە، وتەیەکی لینکۆلنی سەرۆکی ئەمریکای کاتی شـەڕی ناوەخۆ، دووپـات کردەوە و کە وتبووی: نابێــت ماینەکەت بگۆڕیت لە کاتی پەڕینەوەی ڕووبار، لەکاتێك تۆ هێشتا لەناوەڕاستی ڕووبارەکەدا بیت.

*** بەڵام بە پێچەوانەی قسـەکانی تـۆ، هەندێك دەڵێن، هیچ سەرۆکێکی ئەمریکا دوو خول زیاتر سەرۆك نەبووە؟ هەروەها سـەرۆکی هیچ ویلایەتێکی ئەمریکا لە دوو خول زیاتر سەرۆك نەبووە؟**

- یەکەم: ئەم بۆچوونە تەواو هەڵەیە لەبەر ئەوەی فرانکلین ڕۆزفلــت چوار جار هەڵبژێردراوەتەوە و لە خولی چوارەمدا کۆچی دوایی کردووە، لە ناوەڕاسـتی چلەکانی سەدەی ڕابردوو.

دووەم: لەم سـەردەمەش لە ویلایەتی نیویۆرك بلومبێرگ، لە ٢٠٠٩ بۆ جاری سێیەم هەڵبژێردرایەوە.

**پسپۆر لە بواری یاسا (جۆن کیری) لە ساڵی ٢٠٠٣ تەئکید دەکات، بۆ ئەوەی دەرفەت بدرێ ویلایەتی سەرۆك سنووردار نەکرێت، چونکە سنووردارکردنی ویلایەتی سەرۆك دژە لەگەڵ گرنگترین مەفاهیمی دیموکراتی، بەوەی دەبێت ئازادی بەدەنگدەر بدرێت، ئەو کەسە هەڵبژێرێت کە ئەو بەگونجاوی دەزانی**




# ئایا عێراق رزگاری دەبێت؟

پرۆفیسۆر مایکڵ گەنتەر

تایبەت بۆ گوڵانی نووسیووە

**باشترین کارێک ئەنجام بدرێت ئەوەیە مسعود بارزانی کە کەسێکی رێزدار و قاڵبووی ئەزموونەکانە بەردەوام بێت لە پۆستەکەیدا وەک سەرۆکی هەرێمی کوردستان**

تازە نێچیرڤان بارزانی سەرۆك وەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە سەردانێکی گرنگی بۆ بەغدا گەڕاوەتەوە، کە خۆی و شاندەکەی چاویان بە هاوپەیمانی شیعە، لیستی ئەلعێراقیەو، سەرۆکی پەرلەمان و سەرۆك وەزیرانی عێراق، نوری مالیکی کەوت، هەروەها بە سەرکردە و گرووپەکانی دیکە. گفتوگۆی راشکاو لەبارەی بارودۆخی سیاسی عێراقی ئەمڕۆوە کرا، هەروەها لەبارەی ئەو بناغەیەی کە حکومەتی ئێستای لەسەر پێکهێنرا. هەموو لایەنەکان تەئکیدیان لەسەر پابەندبوون بە دەستووری عێراقەوە کرد. ئەگەر نێوان دێڕەکان بخوێنینەوە، ئەوا کورد تەواو ناخۆشحاڵن بە شەریکەکانیان لە بەغدا. پەردەیەکی تەنك هەیە لەسەر رێککەوتنەکەیان کە کێشە قووڵەکانی ئێستا و تەحەددیەکانی بەردەم ئاییندەی عێراق، وەك دەوڵەتێکی یەکگرتوو دەشارێتەوە. لە سەرەتای مانگی ئازارەوە، وەزیرە کورد موقاعەتەی کۆبوونەوەکانی کابینەکەی مالیکیان کردووە، کاتێك هەردوولا نەیانتوانی لەسەر یاسای بودجە رێك بکەون. دەبوو هەرێمی کوردستان لەسەدا ١٧ی تێکڕای بودجەی فیدراڵی پێبدرێت، بەڵام حکومەتەکەی مالیکی لە سەدا ٣٠ ئەم رێژەیەی نەدا، کە خەرجی ئەو کۆمپانیا نێودەوڵەتیانە بوون کە لە کوردستاندا کار دەکەن. ئێستا مالیکی بە شێوەیەکی کاتی دوو وەزیری کوردی لە کابینەکەیدا هەڵپەساردووە، لە نێویاندا هۆشیار زێباری، کە بۆ چەندین ساڵ وەزیری دەرەوەی عێراق بووە و، خەیروڵا حەسەن بابەکر، کە وەزیری بازرگانییە، ئەندامێکی کوردی دیکەیە کە لەسەروبەندی ئەوەدایە پۆستەکەی لە حکومەتی عێراقیدا لەدەست بدات. ئەم کارانە ئەوەندەی دیکە زیانی لەو پەیوەندییە خراپانەدا کە بڕیارە هاوکاربن لەوەی کورد بە عێراقەوە پەیوەست بکەنەوە. سەرەڕای ئەوەش، گومانی تێدا نییە، مام جەلال سەرۆکی عێراق دوای ئەوەی لە کانونی یەکەمی رابردوودا نەخۆش کەوت، کاریگەریەکی گەورەی سلبی لەسەر پرۆسەی سیاسیی عێراق هەبوو.

لە هەمان کاتدا، مالیکی کە سەرۆك وەزیرانی عێراقە، زیاتر و زیاتر بەرەو دیکتاتۆری هەنگاو دەنێت، پتر رێچکەی رووبەڕووبوونەوە لەگەڵ کورددا دەگرێتەبەر. لە کانونی یەکەمی ساڵی ٢٠١٢دا سوپای رەوانەی کەرکوك کرد، هەرێمی کوردستانی ناچارکرد هێزی پێشمەرگە بجووڵێنێت. لە مانگی ئازاردا، سەرەڕای بەرهەڵستی کورد، پەرلەمانی فیدراڵی بودجەیەك بە بڕی ١١٨ ملیار دۆلاری تێپەڕاند و تەنیا ٦٥٠ ملیۆن دۆلاری بۆ ئەو کۆمپانیایانە تەرخان کرد کە هەرێمی کوردستان قەرزاریانە و هەرێمی کوردستان دەڵێت ئەو بڕە ٣,٥ ملیارە. تووڕەیی کورد گەیشتە ئەو رادەیەی وەزیر و ئەندام پەرلەمانەکانیان بکشێننەوە. ئێستاش نوێنەرایەتیەکی رەسمیان نییە لە بەغدا.

هەرچۆنێك بێت، ئەمریکا بەردەوامە لە فشارخستنە سەر هەرێمی کوردستان بۆ ئەوەی رازی بن دانوستان لەگەڵ مالیکی بکەن. کورد زەحمەتە بۆیان لەوە تێبگەن بۆچی باشترین دۆستی نێودەوڵەتیان ئەم هەڵوێستە دژکاریە دەگرێتەبەر لە ئاستیاندا. شیکردنەوەکە پەیوەستە بە نموونە تەقلیدیەکەی بوونی پەیوەندی لاسەنگەوە. لە کاتێکدا ئەمەریکا دۆستێکی تەواوە بەلای کوردەوە. شتێکی کەم گۆڕاوە دوای ئەوەی وەزیری دەرەوەی ئەمریکا هێنری کیسەنجەر وتە بە ناوبانگەکەی وت کە «نابێت کاری شاردراوە لەگەڵ کاری تەبشیریدا تێکەڵ بکرێت.» ئەمریکا تەنیا وێنە گەورەکە دەبینێت و دەیەوێت عێراق بە یەکگرتوویی بمێنێتەوە بۆ ئەوەی ببێتە قەڵای سەقامگیری لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و قەڵغانێك لە دژی فراونخوازی

ئێران. ئەمریکا باوەڕی وایە پشتیوانیکردن لە کورد دەبێتە هۆی دابەشبوونی عێراق و دەرگا دەخاتەسەر پشت بۆ ئەوەی ئێران بە ئاڕاستەی رۆژئاوادا بجولێت و کۆنترۆڵی عێراق بکات. لە راستیدا ئەمریکا پلانی ئەوەی هەیە لە ساڵی ٢٠١٤دا فڕۆکەی شەڕکەر بە مالیکی بدات. ئەگەر ئەمە بەڕاستی رووبدات، ئەوا لە کۆتاییدا مالیکی ئەو چەکە بەدەست دەهێنێت کە دەتوانێت بەکاری بهێنێت بۆ بچووککردنەوەی کورد، هەروەك حکومەتە یەك لە دوای یەکەکانی پێشووی بەغدا ئەم کارەیان لە ئاسمانەوە ئەنجام دەدا.

ئایا لە سایەی ئەم هەلومەرجەداو، لەگەڵ بوونی حکومەتێکی پشتیوان بە شیعە، بە سەرکردایەتی مالیکی کە زیاتر و زیاتر دژ بە کورد و عەرەبە سوننەکان دەجووڵێتەوە، حکومەتێکی نیشتمانی بنکە فراوان دەتوانرێت پێکبهێنرێت؟ رەنگە، بەڵام تەنیا ئەو کاتەی مالیکی دەڕوات! کاتی گرتنەبەری چارەسەری دیموکراتی و داواکردنی هەڵبژاردنێکی پەرلەمانی نوێ هاتووە بۆ شکاندنی ئەم بە بنبەستن گەیشتنە. لە راستیدا، رەنگە بووترێت هەرگیز حکومەتێکی عێراقی لە دوای دوایین هەڵبژاردنەکانەوە، لە ٢٠١٠دا پێکنەهێنراوە کە جێی رەزامەندی بێت. بۆ نموونە مالیکی بەردەوام پۆستە گرنگەکانی بەدەست خۆیەوە هێشتۆتەوە، بە بیانووی ئەوەی کەسێك نادۆزێتەوە جێی رەزامەندی بێت. ئایا ئەمە چ جۆرە دیموکراسییەکە کە دەسەڵاتەکان لە دەستی تەنیا کەسێکدا کۆبکاتەوە؟ هەروەك سەرۆکی هەرێمی کوردستان چەند ساڵێك پێش ئێستا بە مالیکی وت:
«خەریکە وەك دیکتاتۆرێك رەفتار دەکەیت.»

لەوەش زیاتر، لەسەرووی هەموو شتێکەوە، ئاگری سوریا لە کلپەدایە و مەترسی ئەوەی لێدەکرێت دەوڵەتانی دراوسێ بگرێتەوە، لە نێویاندا عێراق. مالیکی پشتیوانی رژێمی ئەسەد دەکات کە دووچاری شەڕ و دژواری بۆتەوە، لە کاتێکدا هەرێمی کوردستان پشتیوانی یاخیبوانی سوریا دەکات لە نێویاندا باری ئۆتۆنۆمی نوێی کورد لە سوریادا. چ جۆرە دەوڵەتێکی یەکگرتووە کە سیاسەتێکی ئاوا دابەشبوو بگرێتەبەر؟ حاڵی حازر ئاییندەی عێراقێکی یەکگرتوو لە مەترسیدایە و کوردی عێراقی وەك بارمتە گرتووە.

کەواتە، پێویستە کورد درێژە بە سەرکردایەتیەکی ژیر و جێگیر بدەن. یەکێك لە دەرئەنجامەکان کە پێی بگەین بریتییە لەوەی باشترین کارێك ئەنجام بدرێت ئەوەیە مسعود بارزانی کە کەسێکی رێزدار و قاڵبووی ئەزموونەکانە بەردەوام بێت لە پۆستەکەیدا وەك سەرۆکی هەرێمی کوردستان، ئەمە سەرەڕای ئەوەی دەستووری هەرێمی کوردستاندا- کە هێشتا پەسەند نەکراوە- خولی سەرۆکایەتی بە تەنیا دوو خولی چوار ساڵی یەك لە دوای یەك دیاری دەکات.

دیڤید پۆلۆک بۆ گوڵان:

# خۆشحاڵم بەوەی نوێنەرانی کورد گەڕاونەتەوە بەغدا



**پرۆفیسۆر دیڤید پۆلۆك کە ئێستا گەورە تۆژەری سیاسەتی عیراق و رۆژهەڵاتی ناوەراستە لە ئامۆژگای واشنتۆن بۆ سیاسەتی رۆژهەڵاتی نزیك، پێشتر گەورە راوێژکاری بۆردی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بووە لە وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا، لەهەمان کاتدا پرۆفیسۆری وانەبێژیشە لەزانکۆی هارڤارد و لە ئامۆژگای واشنتۆنیش تایبەتمەندە لەسەر پرسی کورد و عیراق و تورکیا و رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەگشتی، سەبارەت بە سەردانی ئەم دواییەی رێزدار نێچیرڤان بارزانی بۆ بەغدا و هەوڵەکان بۆ چارەسەری کێشەکان بەدیالۆگ، راوبۆچوونی بەڕێز پۆلۆکمان وەرگرت، ئەویش لە لێدوانێکی تایبەتدا بەمجۆرە ڕای خۆی بۆ گوڵان دەربڕی:**

((ئەمەریکا پابەندە بەهێنانەدی عێراقێکی دیموکراتی کە هەڵبژاردنی تێدا ئەنجام بدرێت، هەر لەسەر ئەو بنەمایەش حکومەتەکەی مالیکی قبوڵ دەکات و لەبەر ئەو هۆیەشە، کە من خۆشحاڵم کاتێك باس لەوە دەکرێت بەرپرسە کوردەکان گەڕاونەتەوە بۆ پۆستەکانیان لە بەغدا.

ئەوە ڕاستە کە مالیکی نەیتوانیوە وڵاتەکە یەکبخات لەسایەی سەرکردایەتییەکەیدا، بەڵام پەرچەکرداری توندوتیژانە تەنها دەبێتە مایەی ئاڵۆزکردنی بارودۆخەکە.

لەوەش زیاتر، ئەمەریکا لە پێگەیەکدا نییە دەستێوەردان بکات. کەواتە بەرپرسیارێتییەکە دەکەوێتە ئەستۆی هەموو لایەنە عێراقیەکان بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی ئاشتیانە بارودۆخەکە چارەسەر بکەن، تەنانەت ئەگەر لە ئێستاشدا نەتوانرێت پرسە بنەڕەتییەکان چارەسەر بکرێت.

ئەوەی پەیوەندی بە سوریاوە هەبێت، ئەوا رەنگە باشترین رێگا چارەی بەردەم عێراق بریتی بێت لە گرتنەبەری هەڵوێستی بێلایەنی، پێویستە مالیکی دەست لە یارمەتیدانی ئەسەد هەڵبگرێت و پێویستە کورد خۆیان لە شەڕکردن لە دژی هەر لایەکیان بپارێزن.

خاڵی پرشنگدار و گەشی دیار بریتییە لە پەیوەندییە بەرەوپێشچووەکانی نێوان کورد و تورك، ئەمە ئومێدی ئەوەی لێدەکرێت زۆرێك لە ئاواتەکانی کورد بهێنێتەدی، بێ ئەوەی سەرکێشیەکی گەورە بکەن و هەوڵی جیابوونەوە بدەن، ئیتر جیابوونەوە بێت لە عێراق، یان تورکیا یان سوریا)).

**جەعفەر ئیمنکی**
**وتەبێژی پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ ( گوڵان):**

# سەردانی شاندی کوردستانی بۆ بەغدا ئیجابی بوو، گێڕانەوەی حکومڕانی بوو بۆ پرانسیپی هاوسەنگی و شەراکەت و تەوافق




جەعفەر ئیمنكی وتەبێژی پارتی دیموكراتی كوردستان سەبارەت بە ئەنجامەكانی سەردانی ئەم دواییەی شاندی باڵای حكومەتی هەرێمی كوردستان بەسەرۆكایەتی نێچیرڤان بارزانی بۆ بەغدا لە لێدوانێكی تایبەتدا بۆ گوڵان ئاكامی ئەم سەردانەی بە ئیجابی هەڵسەنگاند و گوتی: (ئەنجامە سەرەتاییەكانی سەردانەكەی ڕێزدار نێچیرڤان بارزانی بۆ بەغدا دڵخۆشكەر بوو بەتایبەتی دوای ئەوەی زەمینەیەكی باش ئامادەكرابوو، سەردانەكەش لەدوای ئەو نامەیە هات كە هاوپەیمانی نیشتمانی بەفەرمی ئاراستەی هاوپەیمانی كوردستانی و بەرپرسانی هەرێمی كوردستانیان كردبوو، ئەو نامەیە چەند خاڵێكی ئیجابی لەخۆگرتبوو، بۆیە دوای ئەوەی بەسەرۆكایەتی سەرۆك بارزانی چەندین كۆبوونە كراو بە چڕوپڕی دیراسەتی نامەكە كرا، بڕیار درا شاندێكی باڵای حكومەتی هەرێمی كوردستان بەسەرۆكایەتی ڕێزدار نێچیرڤان بارزانی سەرۆكی حكومەتی هەرێمی كوردستان بچێتە بەغدا بەو ئومێدەی ئەوەی لەو نامەیەدا ئاراستەی سەركردەكانی هێزە سیاسییەكانی گەلی كوردستان كراوە جێبەجێ بكرێت. ئەوەبوو شاندەكە چووە بەغداو دیاربوو لایەنی هاوپەیمانی نیشتمانی خۆیان ئامادەكردبوو تاوەكو ئەمجارە بەجددی لەچارەسەرەكان بگەڕێن بەتایبەتی دوای ئەوەی پێشتریش ئاماژە بەوەكرابوو كە تۆپەكە لەگۆڕەپانی هاوپەیمانی نیشتمانییە و دەبێت ئەوان هەنگاوی پراكتیكی بنێن بۆ ئەوەی ئومێدێكمان بۆ دروست ببێت و متمانەمان هەبێت كە هێشتا كەسانێك لەنێوهاوپەیمانی نیشتمانی هەیە بەدوای چارەسەری كێشەكان دەگەڕێن، هەروەها لەلایەكی دیكە لەم قۆناخە كە شاندی كوردستان سەردانی بەغدای كرد زەمینەیەكی لە بارتر هەبوو بۆ تێگەیشتن لەكێشەكان، لەمەش گرنگتر فاكتەری ئیقلیمی و نێودەوڵەتیش چارەسەری باردۆخەكەیان بە بەرژەوەندی دەزانی، بەتایبەتیش لایەنی ئەمریكی لەسەر هێڵ بوو، بۆ سەفەرەكەش پاڵپشتی هەبوو تەنانەت لەدوای سەردانەكەش ئەمەریكییەكان لێدوانەكانیان ئیجابی بوو، هێزی ئیقلیمیش هەبوو كە پاڵپشتی چارەسەركردنی ئەو هەموو قەیرانە یەك لەدوای یەكە بوو، تەنانەت لەهەموو قەیرانەكان سەختر ئەوەبوو كە حكومەتی ناوەندی لەگەڵ كورد قەیرانی هەیە، هەربۆیە هەموو هێزە نێودەوڵەتییەكان و ئیقلیمیەكان كۆك بوون كە چارەسەری قەیرانی حكومەتی ناوەندی لەگەڵ كورد پێویستە چارەسەر بكرێت و بگرە لایەنی كوردستانی پێی باشە و هەوڵی هەنگاونان بەرەو چارەسەری قەیرانی سوننەكانیشی ناوە پێی وایە پێویستە یەك لەدوای یەك هەموو قەیرانەكان بەرەو چارەسەر بچێت. لەسەر پرەنسیپی شەراكەت و هاوسەنگی و بەشداری هەمووان لە پرۆسەی سیاسی هەنگاو دەنێت، ئەم پرەنسیپەش جێگای خۆشحاڵییە)).

لەبەشێكی دیكەی لێدوانەكەیدا وتەبێژی مەكتەبی سیاسی پارتی دیموكراتی كوردستان باسی لەو خاڵ و بڕگانە كرد كە لەگفتوگۆكانی نێوان شاندی باڵای كوردستان لەگەڵ بەغدا باسكراو لەمبارەیەوە وتی: ((خاڵی سەرەكی و یەكەم كە بەشێوەیەكی مەبدەئی لە كۆبوونەوەی شاندی كوردستانی لەگەڵ بەغدا باسی لێوەكراوە، ئەوە بووە دوای ڕێككەوتن دەبێت ئەو مەرجە لەبەرچاوبگیرێت كە حكومڕانی لە عێراقدا پێویستە لەسەر بنەمای هاوبەشی و هاوسەنگی و تەوافق بەردەوام بێت، ئەمە مانای ئەوەیە ئەو لایەنانەی لە پرۆسەی حكومڕانی ئەم پەرەنسیپانەیان بەلاڕێدا بردووە ڕاستبكرێنەوە، چونكە بەبێ هاوبەشی و هاوسەنگی و ڕێزگرتن لەتەوافوقی سیاسی هیچ شتێك بەناوی متمانە نامێنێتەوە، دروستبوونەوەی متمانەش لە نێوان هەرێمی كوردستان بە هەنگاوی پراكتیكی لەلایەن بەغداوە دەست پێدەكات، هەربۆیە ئەوەی بەڕێز نێچیرڤان بارزانی دوای گەڕانەوەی باسی كردووە، سەرەتایەكە و دەبێت بەئیجابی تەماشای ئەم سەرەتاو گفتوگۆكان و دیالۆگەكانی نێوان هەرێم و بەغدا بكرێت. ئەو لایەنانەشی كە دەیانەوێت لەبایەخی ئەم سەردنە كەم بكەنەوە تەنیا لەبیرو بەرژەوەندیی و پاگراوەندێكی تەسكی حزبایەتی لەهەندێك لەمیدیاكانەوە باسی لێوەدەكەن، بەپێچەوانەوە ئەم سەردانەی شاندی باڵای هەرێمی كوردستان بۆ بەغداو توانەوەی سەهۆڵبەندی پەیوەندییەكان لەنێوان هەردوولاداو، سەركەوتنێكە بۆ مەزڵومیەتی خەڵكی كوردستان، تەنانەت ئەمە بەڵگەیەكە بەوەی دەسەڵاتی سیاسی كوردستان ڕاستی كردووەو گرفت و قەیران لەبەغدایەو تەنیا بەدیالۆگیش چارەسەر دەكرێت . هەربۆیە سیاسەتی هێزە سیاسییە كوردستانییەكان كە كۆدەنگی و یەكڕیزی پێوەدیاربوو سیاسەتێكی ڕاست و دروست بوو، چونكە جگە لەهەنگاونان بەرەو دیالۆگ هیچ ئاماژەو بژاردەیەكی دیكە نەبوو، هەر لەم ڕێگایەشەوە ئەم ئەنجامە باشە بەدەست هات. بەدواداچوونی ئەم هەنگاوەشین و لەچاوەڕوانی ئەوەداین ئەمجارە هاوپەیمانی نیشتمانی و بەڕێز مالیكی و سیاسەتمەدارەكانی تر كە باڵادەستن لە لەهاوپەیمانی نیشتمانی هەنگاوی عەمەلی بنێن و خاڵەكان جێبەجێ بكەن)).

سەبارەت بەرۆڵی بەڕێز نێچیرڤان بارزانی سەرۆكی حكومەتی هەرێمی كوردستان لەسەركەوتنی سەردانەكەی بۆ بەغدا جەعفەر ئیمنیكی لە درێژەی لێدوانەكەیدا بە گوڵانی ڕاگەیاند: (دەستكەوتی وتوێژەكانی ئەم دواییەی سەردانەكەی شاندی باڵای كوردستان بۆ بەغدا سەرەتا سوودی بۆ هەموو عێراقیەكانە بە پلەی یەكەم و بەپلەی دووەم بۆ هەموو كوردستانییەكانە، هاوكات ئەم هەنگاو و دەسكەوتە دەبێت ئیستسمار بكەین بۆ ئەوەی ماددەی ١٤٠ی دەستووری پێش هەموو شتێك جێبەجێ بكرێت. من دڵنیام ئەوەی بەدواداچوونی بارودۆخی عێراق دەكەن هەموویان بەگشتی هەنگاوەكان بەبەرزی دەنرخێنن)).

**لەهەموو قەیرانەكان سەختر ئەوەبوو كە حكومەتی ناوەندی لەگەڵ كورد قەیرانی هەیە، هەربۆیە هەموو هێزە نێودەوڵەتیەكان و ئیقلیمیەكان كۆك بوون كە چارەسەری قەیرانی حكومەتی ناوەندی لەگەڵ كورد پێویستە چارەسەر بكرێت**

# كورد ئەمجارەش حەرەجی لەسەر خۆی لادا


ئاسۆ كەریم

بۆ گوڵان نووسیویەتی

بمانەوێ و نەمانەوێ، لە عێراقدا، دوای ٢٠٠٣، بوار بۆ خۆنواندن و گوزارشت لەخۆكردن هاتەئاراوە. ئیدی سەنگەربەندیی سیاسی، بەپلەی سەرەكی، لەسەر بنەمای تایەفی «شیعە - سوننە» و نەتەوەیی «كورد = عەرەب» دامەزراوە. حزبێكی دیموكراتیی بەرچاوو خاوەن نفووزی بان تایەفی و بان نەتەوەیی لە عێراقدا نییە كە هەمووان بەیەكەوە گرێ بداتەوەو بەرژەوەندیی ناوكۆیی هەموو پێكهاتەكان، بە سەرەكی و نا سەرەكییانەوە، بپارێزێ. هەر حزب و لیست و بەرەیەكیش، ئەمڕۆ لە عێراقدا كە خاوەن نفووز بێت، با بە خۆی بێژێ، نیشتمانی و عێراقی، لە راستیدا دەمڕاستی یەكێ لە سێ پێكهاتەكەیە: سەیركەن «عێراقیە و عێراقیەی بەیزا»، با خەڵكی شیعە مەزهەبی وەكو عەللاوی و عەلەوی-یشیان تێدا بێ، زێتر لەسەر خەڵكی سوننە مەزهەبی عەرەب حسێوە. هەمان شت «هاوپەیمانیی نیشتمانی»، زێتر هاوپەیمانێتییەكی شیعانەیە، تا نیشتمانی بە مانا عێراقییەكەی. دیارە تەكلیفی كوردیش روونە.

ئەگەر بنەمای تایەفی وەرگرین، شیعە زۆرینەن، بەڵام سوننەش كەم نیین. ئەگەر بنەمای نەتەوەیی وەربگرین، ئەوا عەرەب زۆرینەن، كوردیش كەمینەیە، بەڵام لە هەرێمەكەی خۆیدا، زۆرینەیە. كورد لە هەردوو باردا، لە بەرەی كەمینە دایە. كەمینەش كە دیموكراسی و یەكدی قبوڵكردن و سەقامگیری و تەناهی نەبن، هەست بە «خەتەر» دەكات. گومان لە دەوروبەری خۆی دەكات و لە هەموو شتێكدا بە پارێز و «بەدەسنوێژە». راستە كورد لەسەر كوردبوون بە جوابە، نەك لەسەر سوننەبوون و تا رادەیەك لایەنەكانی شیعە، حیسابی سوننە بوون بۆ كورد ناكەن. راستە لە عێراقدا، پێش ٢٠٠٣، بەو پێیەی هەردوولا: كوردو شیعە غەدرلێكراوبوون، خاڵی هاوبەشیان هەبوو. بەڵام لە دوای ٢٠٠٣ـەوە، كە هاوكێشەكە وردە-وردە گۆڕا، شیعە لە حوكملێكراوەوە، بوون بە حوكمڕان، خەریكە ئەو خاڵە هاوبەشانە كاڵ دەبنەوە. چونكە لە (١٠) ساڵی رابردوودا، كە كورد گرفت و ئاریشەكانی بۆ چارەسەرنەكراون و هەندێ «غوبن»ی لەسەر هەڵنەگیراوە، بەشێكی بەرپرسیارەتییەكە دەخاتە ئەستۆی حوكمڕانانی شیعەوە. ئەوە لەكاتێكدا، كورد لە ٢٠٠٥ و ٢٠١٠دا، «حاكمیەت»ی بۆ ئەوان یەكلاكردەوە و ئیدی لە سەرێكی دیكەوە، سیاسەت وایە، لە هەندێ خاڵدا جۆرێ لێكدی نزیكبوونەوە لەگەڵ بەرەی سوننە دروست دەكات، ئەوە لەكاتێكدا كورد، هەرچی لە عێراق بەسەردا هاتووە، لەسەردەستی تاقمی حوكمڕانیی سوننە بووە و گرفت سنوور و خاكیشی لەگەڵ ئەواندا هەیە.

كورد چ بكات: یەكەم، لەگەڵ سوننە هاوپەیمانی بكات و حوكمڕانیی مالیكی «شیعە» لابدات و حوكمڕانێكی تری شیعە بێنێتە سەركار. لەم رۆژانەدا، لە نیویۆرك تایمز

له وتارێکدا، ئاماژەیەکی وا هەیە، کە پێویسته ئەمریکاو ئێران، بیر له لادانی مالیکی و هێنانی کەسێکی دیکه بکەنەوە، ئەوە له کاتێکدا هەڵبژاردنی گشتی له عێراقدا کەمتر له ساڵێکی ماوە.

دووەم، هانی سوننەکان بدات کە هەرێمی خۆیان پێکبهێنن و ئیدی بە ناچاری عێراق ببێتە سێ هەرێم و هەر پێکهاتەیە خۆی بەڕێوە ببات و بەغداش پایتەختی هەمووان بێ. تا ئێستا نە سوننەکان هاتوونەتە سەر ئەو بڕوایە بە تەواوەتی و شیعەکانیش باری ئارایان پێ خۆشە.

سێیەم، دانوستاندن و سازان و هاتنەوە سەرخەت، تا هەڵبژاردنێکی دیکە.

چوارەم، گرژی و توندوتیژی و شەڕی ناوخۆ، کە بە قازانجی هیچ لایەك نییەو ئاگر لە ناوچەکە بەردەدات.

.

کەواتە بە ناچاری بێ، یان نا، سەرکردەکانی عێراق بە سەرکردە سیاسییەکانی کوردیشەوە، هێشتا بیر لە بەیەکەوە سازان، بەیەکەوە هەڵکردن و دۆزینەوەی شێوازی گونجاوی بەیەکەوە ژیان دەکەنەوە، یان راستتر بێژین تەمایەکیان بە «سازان» ماوە (واتە ئەگەرەکانی یەکەم و دووەم و سێیەم).

کورد ساڵێ زێترە، بۆ راستکردنەوەی پرۆسەی سیاسی، دروشمی «سازان، شەراکەت و تەوازن»ی لە بەرانبەر شیعەدا هەڵگرتووە. ئەمەش لەو قزگەیەوە کە هیچ پێکهاتەیەك بەتەنیا ناتوانێ حوکمڕانیی تەواوی عێراق بکات. بۆ ئەو راستکردنەوەیە، دەستوور و دانوستان و لێکدی حاڵیبوون دەخاتە پێشەوە. لە هەرێمەکەی خۆشیدا، شتێ کەمتری لە دەوڵەت دروستکردووە و ناوە- ناوە باس لە «خیارات»ی دیکەش دەکات، ئەگەر دیکتاتۆری باڵادەست بێ و گرفت و ئاریشەکانی چارەسەر نەبن. «خیارات»ی دیکە چین، هێشتا روون نییە. وەختێکی دەڵێم روون نییە، بەو مانایەی وەکو دروشمێك کاری بۆ بکرێ و هەموو وزەو تواناکانی لەپێناودا بخرێتە گەڕ، بە کوردییەکەی ببێتە دروشمی رۆژ: راگەیاندنی یەکترەفەی دەوڵەتێکی سەربەخۆیە، یان یەککگرتن لە چوارچێوەی کۆنفدراسیۆنێکدا لەگەڵ ئەم یان ئەو لەسەر بنەمای رێککەوتنێکی دی...

گرفت و ئاریشە سەرەکییەکانی کورد لەگەڵ بەغدا لە (٣) خاڵدا کۆدەکرێنەوە:

*یەکەم: ئاریشەی دابەشکردنی دەسەڵاتەکان power- sharing (راستە دەستوور دەسەڵاتەکانی دیاری کردوون، بەڵام لێکدانەوەی جیایان بۆ دەکرێ)، بەڵام هەم هەرێم گازاندەو گلەیی زۆری لە بەغدا هەیەو هەم مالیکی-یش گازاندەی کەمی لە ئێمە نییە.

*دووەم: ئاریشەی دابەشکردنی سەروەت و سامان. راستە بەگوێرەی دەستوور دەبێ سەروەت و سامانی وڵات بەپێی رێژەی دانیشتوان بەسەر هەرێم و پارێزگاکاندا دابەش بکرێ. لێ وەك دەبینین ساڵانە لە بودجەدا غەدر لە هەرێمی کوردستان دەکرێ بەتایبەتی لە قانوونی بودجەی ئەمساڵی حکومەتی فیدراڵی. هەروا مافی کوردستان لە وەبەرهێنان و بەهرەمەندبوون لە نەوت و گازی خۆی کە کێشمە- کێشی زۆری لەسەرە.

*سێیەم: گرفتی وەرگرتنەوەی ئەو ناوچانەی لە رووی مێژوویی و جیوگرافییەوە بە بەشێکی کوردستان ناسراون.

لەناو دەستووری عێراقدا، بۆ هەر سێ گرفتەکە، چەندین ماددە دانراون، لێ هەم هەرێمی کوردستان لێکدانەوەی جیای هەیەو هەم بەغداش. دەزگایەکی بێلایەنیش نییە دارێك بەنێوانیاندا بهێنێ و بڵێ تۆ ئەو مافەت دەکەوێ و ئەوەت ناکەوێ. لە سەرەتای ساڵی ٢٠١٢ـەوە، لەسەر ئەم پرسانەو هیتریش، نێوانی هەردوولا گرژ و ناخۆش بووە، تا رادەی هێز کۆکردنەوەو لەبەرانبەر یەك وەستان و خۆکێشانەوەی کاتی لە حکومەت و پەرلەماندا.

لەهەمانکاتدا، دەرگای دانوستان و لێکحاڵیبوون و سات و سەودا، بەنیوە ناچڵی هێشترابۆوە، رەنگە هەڵوێستی ئێران و ئەمریکاش ئەوەی خواستبێ، کە ئەم دەرگایە بەکراوەیی بهێڵدرێتەوە. ئیدی هاموشۆ هەبووەو وەفد لەوێ هاتووەو لێرە چووە. لەم پێڤاژۆیەدا، نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی حکومەت بە یاوەری وەفدێکی حکومەتی، لە ٢٩/نیسان، سەری لە بەغدا دا، لەگەڵ «هاوپەیمانیی نیشتیمانی»ی شیعەو مالیکی سەرۆك وەزیرانی بەغدا و ئوسامە نجێفی سەرۆکی پەرلەمانی عێراق کۆبۆوە. بۆرە «رێککەوتن»ێك بووە بۆ سەروبەرکردنی کێشەکان لە رێگەی پێکهێنانی لیژنەی هاوبەشەوە. ئاریشەو گرفتەکان بەسەر (٧) خاڵدا دابەشکراون (لە پرێس کۆنفرانسەکەی نێچیرڤان بارزانی و لە کەناڵەکانی راگەیاندن ئاماژە بۆ ناوەڕۆکی رێککەوتنەکەو خاڵەکان کراوە). هەر زوو دوای ئەوە، وەزیرەکانی کورد گەڕانەوەو بەشداریی کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی وەزیرانی حکومەتی ئیتیحادییان کرد و قەولە پەرلەمەنتارە کوردەکانیش ئەم حەفتەیە بگەڕێنەوە بەغدا. مارتن کۆپلەر-ی نوێنەری تایبەتی UNو جۆن کیری وەزیری دەرەوەی ئەمریکا خۆشحاڵی خۆیان بەم هەنگاوانە دەربڕی.

پرسیار ئەوەیە: تا چەند، ئومێد لەسەر ئەو رێککەوتنەو لیژنەو لیژنەکارییە دەچنرێ؟ گرفتەکان زوو چارەسەر دەبن، یان هەنگاو بە هەنگاو و کاتیان پێ دەوێ؟ ئایا میکانیزمێکی کارا بۆ جێبەجێکردنی رێککەوتنەکە دێتەئاراوە، داخوا خشتەبەندیی بۆ کێشەکان دەکرێ؟ یان دیسان مالیکی خاوە- خاوی لێ دەکات و لەبنەڕەتدا دەیەوێ کات بکوژێ و بە سڕکردنی کێشەکانی لەگەڵ کورددا، دەیەوێ لەگەڵ سوننەدا ساغی بکاتەوە، بەو مانایە بەرەی کورد سڕ بکات و خۆی بۆ بەرەی سوننە تەرخان بکات. لەبەرانبەردا، کورد چ دەکات، داخوا، لەسەر سیاسەتە نەوتییەکەی خۆی بەردەوام دەبێ، بۆڕییە نەوتییە ٢٦٥ کیلۆمەترییەکەی تەواو دەکات،

**کورد ساڵێ زێترە، بۆ راستکردنەوەی پرۆسەی سیاسی، دروشمی «سازان، شەراکەت و تەوازن»ی لە بەرانبەر شیعەدا هەڵگرتووە. ئەمەش لەو قزگەیەوە کە هیچ پێکهاتەیەک بەتەنیا ناتوانێ حوکمڕانیی تەواوی عێراق بکات**



عەدنان ئەلئەسەدی

بریکاری وەزارەتی ناوخۆی حکومەتی عیراقی فیدرال بۆ گوڵان:

# ئەگەر شەڕی مەزهەبی لە نێوان شیعە و سونە دروست بێت، عیراق دابەش دەبێت

**عەدنان ئەسەدی بریکاری وەزارەتی ناوخۆی عیراق ئەندامی حزبی دەعوایە و پێش ئەوەی ببێتە بریکاری وەزارەت پەرلەمانتاری لیستی دەوڵەتی یاسا بووە لە هاوپەیمانی نیشتمانی، بۆ قسەکردن لەسەر ڕەوشی ئاڵۆزی ئێستای عیراق و مەترسیەکانی دروستبوونی فیتنەی مەزهەبی لەنێوان شیعەو سونە، چەند پرسیارێکمان ئاراستەی ئەسەدی کرد و بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گوڵانی دایەوە.**

نەوت سەربەخۆ دەنێرێتە دەرەوە و ئەگەر «ئیستحقاقات»ـە داراییەکانـــی لە حکومەتی بەغدا وەرنەگرتەوە، بایی ئەوە نەوت دەنێرێتە دەرەوەو مایەی خۆی هەڵدەگرێتەوە؟ داخوا بیر لەوە دەکاتەوە بگاتە ڕێککەوتنێ لەگەڵ بەغدا، ساڵانە هەرێم بۆی هەبێ، نەوت و گازی خۆی بۆ خۆی بفرۆشێ و هەرچی ســـامانێکی دیکەی ناو هەرێم هەبێ بۆ خۆی بێ و خۆی پێ بەڕێوە ببات و هیچ لە بەغدا وەرنەگرێ و ڕێژەیەکی دیاریکراویش پارە لە بری «خەرجیی سیادی» بە بەغدا بدات و لەبەرانبەریشـــدا، هێزی پێشـــمەرگە لە رووی بژێوو چەکوچۆڵەوە لە بەغداوە دابین بکرێ؟ ئەگەر بەغدا ســـەری نەینایە بەرێ، کورد چ دەکات، بەتایبەتی کە ســـاڵێکی تر لە عێراقدا هەڵبژاردنی گشـــتی لەپێشە و ئەگـــەری ئاڵوگۆڕ دێتە پێشـــەوەو هەقـــە لەمڕووەوە، جوان دیراســـەی ئەنجامەکانی هەڵبژاردنی ٢٠ی نیسانی ئەمســـاڵی ئەنجوومەنی ١٢ پارێزگاکەی عێراق بکرێ و کورد وەك دەڵێن هەموو هێلەکانی نەخاتە یەك سەبەتەوە لە لایەك و نەکەوێتە داوی سەنگەربەندیی سوننە- شیعەوە لە لایەکی ترەوە. بەهەرحاڵ، با بزانین، مالیکی دێتە هەولێر و بە کردەوە چ دەکات؟

هەرچی ســـوننەی عەرەبـــە باس لە «ســـتەم» و «لە پەراوێزخستن»ی خۆی دەکات و هەر بە تەمای «فرۆی گایە» و زۆریش جڵەوی کاروباری خۆی لە دەستە خۆی نییە و دەستی بە خۆپیشـــاندان و خڕبوونەوەو مانگرتن و لە روو ڕاوەســـتان کردووە لە (ئەنبار، موســـڵ، حەویجە، لەناو بەغدا...). شیعە، کە خۆی لە ترۆپکی حوکمڕانی لە بەغدا دۆزیوەتەوە، لە بەرانبەردا، بەشـــێکی شیعە باس لە حوکمڕانیی زۆرینە دەکات و پەنا بۆ ســـەرکوتکردن و بەکارهێنانی هێز دەبات (حەویجەو شوێنەکانی تر). کەواتە چ بوارێك بـــۆ بەیەکەوە هەڵکردن مـــاوە؟ گریمان ماوە، لێ هەر یەك لە کورد، ســـوننە، شیعە دیدگاو تێڕوانینی جیای بۆ بەیەکەوە هەڵکردن و هێنانەدی سەقامگیری لە عێراقدا هەیە. بێگومان تەداخول لەنێوان دیدگای ئەو سێ پێکهاتەیەدا هەیەو وەك دەبینین بزاوی سیاسی و مانۆر و تاکتیکاتی کورتخایەن لەگەڵە خۆیدا دێنێ. بەشێکی سوننە بۆ چارەسەری کێشەکان لەگەڵ هەڵوەشانەوەی حکومەت و هەڵبژاردنی پێشوەختەیە. بەشێکی دی وردە- وردە لەگەڵ پێکهێنانی هەرێمێکی سوننەنشـــین دان و بەشێکی تر نا و هەندێکی دیان خۆیان بۆ ڕووبەڕووبوونەوەو لەسەرکارلادانی مالیکی و شیعە ئامادەدەکەن.

بەهەرحـــاڵ، سیســـتەمی فیدراڵیزم کە لە دەســـتووردا جێگیرکـــراوە، دەشـــێ تا رادەیـــەك بەیەکـــەوە هەڵکردن زامـــن بکات. ئەگەر لایەنەکان گەیشـــتنە ئەو قەناعەتە کە هەرێمی دیکەش دروســـت ببێ، ئـــەو دەمە فیدراڵیزم دەچەســـپێ و ئایدیای مەرکەزییەتی بێزراوی قێزەون تور هەڵدەدرێ.

هەر یەک لە کورد، سوننە، شیعە دیدگاو تێڕوانینی جیای بۆ بەیەکەوە هەڵکردن و هێنانەدی سەقامگیری لە عێراقدا هەیە. بێگومان تەداخول لەنێوان دیدگای ئەو سێ پێکهاتەیەدا هەیەو وەک دەبینین بزاوی سیاسی و مانۆر و تاکتیکاتی کورتخایەن لەگەڵە خۆیدا دێنێ

*** بەشێوەیەکی گشتی بارودۆخی عێراق بەرەو ئاڵۆزی دەڕوات، زۆر لە چاودێران مەزندەی هەڵاوسانی شەڕێکی ناوخۆیی لەنێوان شیعەو سونە دەکەن، ئایا تۆ ئەم بارودۆخە چۆن دەبینیت؟**

- هەلومەرجی ئێستای عێراق زەنگێکی ترسناکە بە هەڵگیرساندنی شەڕی تایفی ناوخۆ، بۆیە ئەگەر ئەمجارەیان ئەم شەڕە کەوتەوە ئەگەری ئەوەی بەدوادادێ کە عێراق دابەش بێت، وەك ئەو شەڕەی کە لە ساڵانی ٢٠٠٦ و ٢٠٠٧ روویدا، ئێستا هەموو هەلومەرج و بواری بابەتی و خودی لە ئارادایە وێڕای هەلومەرجی ناوخۆیی و ئیقلیمی و نێودەوڵەتی، ئەم دابەشکردنەش بۆ عێراقی سوننی و عێراقی شیعی دەبێت، لە راستیدا جووڵەیەك هاتۆتە ئاراوە، هەردوولا حکومەت لە لایەك و ئەو هێزە تایەفەخوازانەی سوننە لەلایەکی دیکەوە بەرژەوەندیی نیشتمانی ناخەنە سەر بەرژەوەندیی تایفییەوە، هەریەکەیان پابەندە بە هەڵوێستی خۆی و نایانەوێت لەیەکدی نزیك ببنەوە بۆ دۆزینەوەی چارەسەرێکی مام ناوەندی کە بۆ هەردوو لا بە قازانج بکەوێتەوە، دیارە هۆکارەکانی ئەم بارودۆخە نەخوازراوەی عێراقیش لە بنەڕەتدا بۆ سروشت و شێوازی ئەو سیاسەتە دەگەڕێتەوە کە عێراقی لە ماوەی ١٠ ساڵی رابردوودا لەسەر بنیادنرابوو، چونکە لەم ماوەیەدا سیاسەتێکی هەڵە پەیڕەودەکرێت، دەبوایە بەر لە گەیشتنی بارودۆخەکە بۆ ئەم قۆناغەی ئێستا چاو بە پرۆسەی سیاسیدا بخشێنرایەتەوە.

*** با تۆزێ لە عێراق دووربکەوینەوە، بەڕای تۆ گۆڕینی بارودۆخی سوریا کاریگەریی دەبێت بۆ سەر ململانێی تایفی لە عێراق؟**

- لە رووی تیۆرییەوە نا، بەڵام لە رووی پراکتیکەوە بەڵێ کاریگەریی دەبێت، چونکە لایەنی ئیقلیمی هاوسەنگییەکە بەلایەکی دیکەدا دەبات، بە تایبەتی ئێران، کە ئێستا بە تەواوی پشتیوانیی لە رژێمی سوریا دەکات، ئەگەر ئەم رژێمە بڕووخێت، ئەو پێی نیگەران دەبێت، ئەمەش کاریگەریی لەسەر عێراق دەبێت.

*** باشە لەم هەلومەرجە سەختەدا چۆن دەتوانرێت عێراق لەم قەیرانە رزگاربکرێت و پارێزگاریی لە بەردەوامبوونی ژیان لەم وڵاتەدا بکرێت؟**

- ئەم پرسیارە زۆر گرنگەو وەڵامدانەوەی زەحمەتە، لە راستیدا زۆر بە ئاسانی دەتوانرێت ژیانێکی بەختەوەرو پارێزراوو دوور لە توندوتیژی و شەڕوشۆڕ بۆ هاووڵاتیان دابین بکرێت بە مەرجێ دەستەبژێرێکی عاقڵمەند و بوێرو دڵسۆزی سیاسی و ئیداری هەبن کە بۆ ئەم مەبەستە بێنە مەیدانەوەو بۆ خزمەتی بەرژەوەنیی گشتییەکان قۆڵیان لێ هەڵبکەن، بەڵام ئەوانەی ئێستا حوکمڕانیی عێراق دەکەن ئەو مەرجانەیان تێدا نییە ئەگەر کار هەروا بەردەوام بێ ئومێدی ئەوەیان لێ رەچاو ناکرێت.

*** هەموو بۆچوونی شارەزایان ئاماژە بەوە دەکەن لەم ئەزموونەدا شیعە نەیتوانی حکومڕانیەکی باش لە عێراقدا بکات، ئایا ئەمە مانای لاوازیی تواناو نەبوونی شارەزایی شیعەیە لە بواری حوکمڕانیدا، یان تۆڵەکردنەوەی شیعە یە لە سوننە؟**

- راستە ئێستا هەندێ لە سەرانی ئێستای حوکم لە عێراق وا هەڵسوکەوت دەکەن کە مادامەکی شیعەن هەست بەوە دەکەن کە دەبێ تۆڵە لە سوننە بکەنەوە، دیارە ئەمە شێوەو شێوازی جۆراوجۆر لە خۆ دەگرێت، لەوانە پاکتاوکردن و کوشتنی سوننە بە تایبەتیش لە شاری بەغدا، هەروەها پەراوێزخستنی مرۆڤ و کادیری بە توانای زانستی و ئیداریی لە سوننەکان و دوورخستنەوەیان لە پۆستە سەرەکی و گرنگەکان، دیارە ئەمەش هەر لەروانگەی تایەفەگەرییەوەیە بە تایبەتیش لەلایەن حزبە ئیسلامییە شیعەکانەوە کە مرۆڤ و کاربەدەستی تەکنۆکرات و لێهاتوو لە شوێنە گرنگەکان دانانێن و لە جیاتی ئەوان لایەنگرو نزیکەکانی خۆیان دادەمەزرێنن هەتا ئەگەر تواناو کارامەییشیان تێدانەبێت.

***ئایا ئیسلامی سیاسی لەم ماوەیەدا هیچ گۆڕانکارییەکی لە عێراقدا هێنایە ئاراوە؟**

- بەڵێ ئەو حزبە ئیسلامیە سیاسییانە هیچ گۆڕانکارییەکی ئەرێنیان لەم عێراقە نەهێنایەدی تەنیا تێکدان و شێواندنی هاووڵاتیان نەبێت، من زۆر جار لە شەقام و لە کۆڵان و لە نێو کۆبوونەوەکانی جەماوەردا گوێم لێ دەبێت کە ئاهوحەسرەت بۆ رژێمی پێشوو هەڵدەکێشن! دیارە من کاتێ ئەم قسانە لە خەڵکەکە دەبیستم زۆر نیگەران دەبم، تۆ بڵێی خەڵکانێك هەبن لەو عێراقە پێیان وابێت رژێمی رووخاوی سەددام لەم حوکمڕانییەی ئێستا چاکتربوبێت!دیارە ئەوەی کە خەڵکەکە ئاخ و حەسرەتی بۆ هەڵدەکێشن ئەوەیە کە دەڵێن وێڕای دڕندەیی و حوکمی ئەو رژێمەی پێشوو، بەڵام هۆیەکانی ژیان دەستەبەرکرابوو، ئەو سەردەمە خزمەتگوزاریی شارەوانی و ئاوو کارەباو تەندروستی و خوێندن و ئاساییش هەمووی دابین کرابوون، ئێستا ئەمانە هیچیان بوونیان نییە، بۆیە لە دوا قسەمدا حەزدەکەم دووپاتی بکەمەوە کە بەڵێ ئیسلامی سیاسی هیچ گۆڕانکارییەکی لە ژیانی گەلی عێراقدا نەکرد جگە لە شێواندنی شیرازەی ئیداریی و کۆمەڵایەتی ئەم وڵاتە نەبێت.

**هۆکارەکانی ئەم بارودۆخە نەخوازراوەی عێراقیش لە بنەڕەتدا بۆ سروشت و شێوازی ئەو سیاسەتە هەڵەیە دەگەڕێتەوە کە عێراقی لە ماوەی دە ساڵی رابردوودا لەسەر بنیادنرابوو**

**زۆر بە ئاسانی دەتوانرێت ژیانێکی بەختەوەرو پارێزراو بۆ هاووڵاتیان دابین بکرێت، بە مەرجێ دەستەبژێرێکی عاقڵمەند و بوێرو دڵسۆزی سیاسی و ئیداری هەبن کە بۆ ئەم مەبەستە بێنە مەیدانەوە**

# مارسیل گۆشێ

فەیلەسوفی گەورەی فەرەنسی لە دیمانەیەکی تایبەتی گوڵاندا:


## دیموکراسی بە ئاسانی لە دایک نابێت

**چەند دەیەک لەمەوپێش لە پاریس**
**شەڕی دەستە و یەخەمان لەگەڵ یەکتر دەکرد**

**شۆڕشەکانی بەهاری عەرەبی پێیان وتین**
**دەسەڵات دەبێت لەو کەسانە بچێت**
**کە حوکمڕانی دەکەن**

**ڕۆشنبیری لینینیست لە کاتی قسەکردندا**
**پەنا بۆ زەبروزەنگ دەبات**

بەشی دووەم و کۆتایی





**ڕۆژی ١٨ی مانگی ئەڤریلی ٢٠١٣، لەنێو دڵی پاریسدا، هەفتەنامەی گوڵان فەیلەسووفێکی فەرەنسی و سۆسیۆلۆگێکی کوردی پێکەوە کۆکردەوە. پرۆفیسۆر مارسێل گۆشێ، کە ئێستا لە لوتکەی فەلسەفەی فەرەنسیدایەو وەك «بەرامبەرە» مەزنەکەی میشێل فوکو لەسەر ئاستی جیهان ناسراوە، لەگەڵ دکتۆرعادل باخەواندا زیاتر لە تەوەرەیەکی فیکری و سیاسی شیدەکەنەوە. لەم بەیەکگەشتنەدا، دکتۆر عادل باخەوان دەگەڕێتەوە سەر هۆکارەکانی ئەو ململانێ توندەی کە لەنێوان مارسێل گۆشێ و میشێل فوکۆدا ئامادەبووەو ئەفلاتونەکەی پاریس ناچارەدەکات بەوەی کە بەشێك لەو ڕووداوانە باس بکات کە لەپشت پەردەوە بینادەکران بەڕادەیەك کە میشێل فوکو بە جاك دێریدا بڵێت: «پۆلیس».**

**گوشێ دەڵێت: «گرفتی سەرەکی فوکۆ تەنیا ئەوەنەبوو کە هەڵە بوو لە خوێندنەوەی مێژووی بەشەریەتدا، بەڵکو ئەوەش بوو کە هەمیشە خۆی لە دیالۆگ دەشاردەوە. ئەو دیالۆگی نەدەکرد، بەڵکو شەڕە قسەی دەکرد.»**

**لە باڵەخانە بەرزەکەی گەلیماردا، کە گەورەترین دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی فیکری فەرەنسییەو، لە نووسینگە تایبەتەکەی پرۆفیسۆر مارسێل گۆشێدا، چەندین تەوەرەی دیکە وردکرانەوە. دنیای ئیسلامی و گریمانەی دیمۆکراتیزەکردنی، پێوەندییەکانی نێوان ئایین و دیمۆکراسی، هۆکارەکانی ڕەدکردنەوەی چەمکی عەلمانیەت لای مارسێل گۆشێ، چۆنییەتی ئامادەیی ڕۆژهەڵات لە یادەوەری کۆلێکتیڤی ڕۆژئاواییەکانداوچۆنییەتی ئامادەبوونی ڕۆژئاوا لە یادەوەری کۆلێکتیڤی ڕۆژهەڵاتیەکاندا، دیمۆکراسی مەسیحی، دیمۆکراسی موسوڵمان، دیمۆکراسی بودیست و ...ئەو تەوەرانە بوون کە لەم بەیەکگەشتنە زانستیەدا بوون بە بابەتی دیالۆگ.**

**لەپێناوی دامەزراندنی دیالۆگێکی قووڵ و زانستیانەی نێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوادا، هەفتەنامەی گوڵان لەم ژمارەیەشیدا بەشی دووەمی ئەم گفتوگۆیە بڵاودەکاتەوە. هەروەها خوێنەران ئاگادارەدەکەینەوە کە ئەم دیالۆگە سەرەتای زنجیرەیەکی درێژە لەگەڵ هەموو ئەو ئەکتەرانەدا کە لە ئێستاو ئێرەدا فیکری ڕۆژئاوایی بەرهەمدەهێنن. بەزمانێکی تر، دیالۆگی ئێمەیە لەگەڵ دنیای فیکری دەرەوەدا. دیالۆگی ڕاستەوخۆ لەگەڵ سەرچاوەکانی فیکردا بەبێ پەڕینەوە بە « وەسیتەکان»دا.**

**گوڵان:** بەڵام هەست بەوە ناکەیت کە ئێوە لەڕێگای چەمکی «چوونەدەرەوە لە ئایین »ەوە، سەرگەرمی جەنگێکی سەختن لەگەڵ نزیکەی سێ بەش لە هەموو ئەو توێژەرە جیهانیانەی دنیای فرانکۆفۆن و ئەنگلۆفۆندا کە چەمکی « عەلمانییەت/سکۆلاریزاسیۆن » بەکاردەهێنن؟ بۆچی ئێوە لەبەکارهێنانی ئەم چەمکە سڵ دەکەنەوە؟ دوور لە فۆرمە ئایدۆلۆژیەکەی عەلمانییەت کە لەسەر لەناوچوونی ئایین خۆی بیناکردبوو، کە پێی وابوو چەند مۆدێرنیتێ سەربکەوێت، هێندەش خۆری ئایین ئاوا دەبێت، دوور لەم فۆرمە جەنگاوەرەی عەلمانییەتی بەشێك لە فەیلەسووفەکانی سەردەمی ڕۆشگەری، پێتان وایە لە کۆتاییدا دەرەنجامەکانی چوونەدەرەوە لەئایین یەکسانن بە دەرەنجامەکانی عەلمانییەت بەو شێوەیەی کە ئێستا لە وڵاتە ڕۆژئاواییەکاندا تێبینی دەکەین، مەبەستم لەعەلمانییەتی ناسکە، لە عەلمانییەتی لەسەرخۆو هێورە، نەك عەلمانییەتی جەنگ و زەبروزەنگ؟

**مارسێل گۆشێ:** نا من لێرەدا هاودەنگ نیم لەگەڵ ئێوەدا. من پێموایە ئەم دوو چەمکە تەواو لەیەك جیاوازن. لەسەر ئاستی چەمك، ئەمە مەیدانێکە کە دەبێت زۆر بە وریایی مامەڵەی لەگەڵدا بکەین. یەکێك لەو شتانەی کە لە ژیانمدا بەختیارم دەکات بڵاوکردنەوەی کتێبی «ڕووتکردنەوەی جیهان لە ئایین». کاتێك لە هەشتاکانی سەدەی ڕابردوودا ئەم کتێبەم بڵاوکردەوەو بەقووڵی باسم لە ئایین کرد، بەشێکی زۆر لە ڕۆشنبیران پێیان وا بوو من دوای کڵاوی بابردوو کەوتوم و لەسەر ئیشکالیەتێك کاردەکەم کە ((ئینقرازی)) کردووە، مەبەستیان ئایین بوو. توێژەرەکانی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو لەبری ئایین باسیان لە میتۆلۆژیا دەکرد، باسیان لە وەهم دەکرد، وەك ئەوەی باسکردن لە ئایین جۆرێك بێت لە نەنگی. من یەکێك بووم لەو توێژەرە هەرە کەمانەی، ڕەنگە بڵێم من ئەو کەسە تاقانە بووم کە بەتەنیا باسم لە ئیشکالیەتی ئایین دەکردو لەڕوانگەی ئایینەوە مێژووی بەشەریەتم دەخوێندەوە. ئێستا بەختیارم، چونکە هەست بەوەدەکەم کە یارییەکەم بردووەتەوەو بەشێکی زۆر لە توێژەرانی دنیا، سی ساڵ دوای من گەڕاونەتەوە بۆ سەر ئەم ئیشکالیەتە.

من چەمکی عەلمانییەت/سێکیولاریزاسیۆنم پێ قبوڵ نییە، چونکە لە بنەڕەتدا بریتیە لە بەدنیایی کردنی شتە ئەملاکە ئایینییەکان. بۆنموونە، کەنیسەیەك یان مزگەوتێك کە موڵکێکی ئایینین، کاتێك لەلایەن کەسێکەوە دەکڕدرێت و دەکرێت بە خانووی نیشتەجێبوون، ئەم کردەیە پێی دەوترا سکۆلاریزاسیۆن. واتە بەدنیایکردنی موڵکێکی ئایینی. دواتر بەشێك لە فەیلەسووفەکان ئەم فیکرەیە گەشە پێ دەدەن و سکۆلاریزاسیۆن دەکەن بە چرکەساتی دابڕانی مێژوویی لەگەڵ ئایینەکاندا. من چەمکی دابڕان ڕەد دەکەمەوەو پێموایە شۆڕشی مۆدێرنیتێ بریتیە لە((تەحەولکردن)) ئایین نەك دابڕان لەگەڵ ئاییندا. لە شۆڕشی مۆدێرنیتێدا ئایین لەگەڵماندا دەمێنێتەوە، بەڵام لەچەندین فۆڕمی جیاواز لەگەڵ ڕابردوودا. گەر سکۆلار بریتی بێت لە ڕزگاربوونی

جیهانی مرۆڤەکان لە ئایینەکان، ئەوا چەمکی چوونەدەرەوە لە ئایین بریتیە لە « تەحەولی »ئایین لە جیهانی مۆدێرنی مرۆڤەکاندا.

گرفتی سێکیولاریزاسیۆن لەوەدایە کە ناتوانێت لەم ((تەحەولە)) وئامادەییەی ئایین لە دنیای مۆدێرندا تێبگات. بۆیە من پێموایە ئەم چەمکە بەرپرسیارە لە بەشێکی زۆر لە خوێندنەوەی هەڵەی کۆمەڵگەکان و ڕەوتە مێژووییەکانیان، بەرپرسیارە لە دەیان تێزو تیۆری هەڵە لەسەر مرۆڤ و ئایین. ئێمە سەدان دیاردەی کۆمەڵایەتیمان هەیە کە تا ئێستا نەخوێنراونەتەوەو بەرپرسیاری یەکەمیش چەمکی سکۆلاریزاسیۆنە. ئەم چەمکە توێژەران تەنیا تا قەراخی دیاردەکان دەبات و توانای ئەوەی نییە کە ڕایان بکێشێتە نێو قووڵایەکانیانەوە. سکۆلاریزاسیۆن باشە بۆ وەسفکردن، بەڵام لە چرکەساتی ڕاڤەکردندا هەموو تواناییەکانی لەدەستدەدا.

**گوڵان:** باشە، بەڵام ئێوە چوونەدەرەوە لە ئایین وەك چەمکێکی یونیڤێرسال/جیهانی بەکاردەهێنن یان پێتان وایە لکاوە بە کەلتورێکەوە کە پێی دەوترێت ڕۆژئاوایی، لکاوە بە جوگرافیایەکەوە کە پێی دەوترێت ڕۆژئاوا، لکاوە بە ئایینێکەوە کە پێی دەوترێت کریستیانیسم؟ ئایا پێتانوایە ئەمەریکای لاتین و ئاسیاو ئەفریقیای ڕەش وەك ڕۆژئاوا پێیان ناوەتە نێو پرۆسێسی چوونەدەرەوە لە ئایینەوە ؟

**مارسێل گۆشێ:** لە قووڵایی ناخمدا باوەڕم بەوە هەیە کە چوونە دەرەوە لە ئایین، کە مێژوویەکی نزیکی هەیەو ناگەڕێتەوە بۆ هەزارساڵ لەمەوپێش، سروشتێکی یونیڤێرسال/ جیهانی هەیە؛ بەڵام یونیڤێرسال بوونی مانای یەك ئاستی و یەك فۆرمی نییە، مانای بە ڕۆژئاوایی کردنی جیهان نییە. نەخێر چەند ئەم ڕەوتە جیهانی بێت، هێندەش فرەییە و لە ئاستی جیاوازدا دەردەکەوێت.

یەکێك لە بەرژەوەندییە باڵاکانی تیۆری چوونە دەرەوە لە ئایین بریتیە لە تێگەشتن لە دیاردەی «جیهانگیری»، کە بەشێکی زۆر لە توێژەران پێمان دەڵێن: پێش هەموو شتێك دیاردەیەکی ئابوورییەو بریتیە لە قەرزکردنی کەرەسە ماددی و ڕۆشنبیرییەکان بۆ گەشەدان بەو شتەی کە دواتر بە کۆمەڵگەی پیشەسازی ناوبانگ دەردەکات. ئەم دیاردەیە لە بناغەدا کەلتوریی نییە، بەڵکو کۆمایەکە لە کەرەسە. کۆمەڵگەکان دێن و ئەم کەرەسانە وەردەگرن و بە کەلتوری خۆیانەوە بەکاریان دەهێنن. بۆنموونە ئاسیاوییەکان ئەم کەرەسانە بەکاردەهێنن، بەڵام بە کەلتوری خۆیانەوە. لە ڕووکەشدا شتەکان بەم جۆرە خۆیان دەردەخەن. بەڵام لەواقیعدا، جیهانگیری بەتەنیا گواستنەوەی کەرەسەکان نییە، بەپێچەوانەوە، چەند کۆمەڵگەکان ئەم کەرەسانە قەرزبکەن و بەکاریان بهێنن، هێندەش مێکانیزمەکانی چوونە دەرەوە لەئایین، بە هوشیارانە یان بە ناهوشیارانە، لە قووڵاییەکانی خۆیاندا دەخەنە کار. کاتێك بەخۆمان دەزانین دەبینین بەگۆشت و ئێسقانەوە پێمان ناوەتە نێو ڕەوتی چوونەدەرەوە لە ئایینەوە.

لێرەوە من دیسانەوە مەودایەک لەنێوان خۆم و توێژەرەکانی دیکەدا دروست دەکەم و جیهانگیری پێش هەموو شتێك وەك دیاردەیەکی سیاسی پێناسە دەکەمەوە. لەڕووکەشدا جیهانگیری ئابووریە، بەڵام لە پشت کەوالیسەکانەوە شتێك هەیە کە من ناوی دەنێم هەڵوەشانەوەی ئیمپریالیزاسیۆن. واتە هەڵوەشانەوەی سیاسەتی ئیمپراتۆر کە دەیەوێت هەژموون بەسەر جیهاندا بکات. بەمانایەکی دیکە، پێوەندی سیاسی نێوان کۆمەڵگاکان لەڕابردوودا بەتەنیا لەسەر هاوکێشەی هێز ڕێکنەخرابوو. بەپێچەوانەوە، من پێموایە پێوەندییە سیاسییەکانی نێوان کۆمەڵگەکان پێش هەموو شتێك پێوەندی بە ڕێکخستنی مۆدێلی ئایینییەوە هەبووە. ئیمپراتۆریەت وێنەیەکە لە ڕێکخستنی ئایینیی کۆمەڵگە.

پاش ئەم لێکدانەوەیە دەمەوێت بڵێم: کۆمەڵگە بەشەرییەکان پێش هەموو شتێك کۆمەڵگەی سیاسین و هەموویان یەکسانن بەیەك، بەو مانایەی کەسیان «باشتر» نییە لەوی تریان و وەك یەك دەڕۆنە نێو ڕەوتە جیاوازەکانی مێژووەوە. ئەو سەردەمە کۆتایی پێهات کە کۆمەڵگەیەك بەناوی پرانسیپێکی باڵاوە هەژموون بەسەر کۆمەڵگەیەکی دیکەدا بکات. ڕاستە ئەمە یەکەمجار لە ڕۆژئاوادا ڕوودەدات، بەڵام لەگەڵ سەرهەڵدانی جیهانگیریدا تەواوی کۆمەڵگە بەشەرییەکان بەم شێوەیە لەگەڵ یەکتریدا مامەڵە دەکەن. بەلای کەمەوە دەتوانم بڵێم تەواوی کۆمەڵگە بەشەرییەکان لەسەر ڕێگای جێبەجێ کردنی ئەم پرۆژەیەن.

بەم شێوەیە جیهانگیری دەبێت بە جیهانگیری دەوڵەتی- نەتەوە، بەهێزکردنی دەوڵەتی نەتەوە، کە بەتوندی ڕەفزی هەژموونی ئەویتر دەکات و نایەوێت وەك بەرامبەرێکی لاواز پێوەندی لەگەڵ دەرەوەدا دروستبکات. ئەمە ئەو گۆڕانکارییە بەهێزەیە کە لە ناخی ناخەوە کۆمەڵگەکان دەگۆڕێت و جیهانێکی دیکەیان بۆ دروست دەکات. ئەمە ئەو چرکەساتەیە کە بەشەریەت خۆی تیادا دروست دەکاتەوەو ئەمەوێت بڵێم ئێمە تەنیا لەسەرەتای ئەم ڕەوتەداین و لەداهاتوودا گۆڕانکاری گەورەتر دروست دەبێت.

**گوڵان:** کەواتە گەر لەم تێزەی ئێوەوە بگەڕێینەوە سەر کۆمەڵگەکانی ڕۆژهەڵات و دنیای ئیسلام، ئێوە بە توندی دژایەتی ئەوە دەکەن کە ئەم ڕووبەرە جوگرافی و کەلتوریەی دنیای ئیسلام «ئیستیسنایەکی» نەفرەتلێکراوبێت و هێشتا نەچووبێتە نێو مێژووی مۆدێرنی بەشەریەتەوە، وەك بەشێك لە فەیلەسووفە ئەورووپییەکان ئاماژەی پێدەدەن؟ ئێوە لە ئەشکەوتەکەی ئەفلاتونەوە چۆن دەڕواننە گۆڕانکارییەکانی ڕۆژهەڵات؟ سەرەڕای گەیشتنە دەسەڵاتی نەهزە لە تونس، ئیخوان لە میسر، دادو گەشەپێدان لە تورکیا، بن کیران لە مەغریب، شیعە ئوسوڵییەکان لە بەغداد، سەرەڕای هەموو ئەم ڕووداوانە، ئێوە ڕۆژهەڵات چۆن دەبینن ؟

**مارسێل گۆشێ:** من پێموایە ڕۆژهەڵات وەك ڕۆژئاوا لەنێو پرۆسێسی خۆ- دیمۆکراتیزەکردندایە و گەشتنە دەسەڵاتی بزووتنەوە ئیسلامیستەکان وەك قۆناغێکی پێویست لەم چیرۆکە درێژەدا دەبینم. شۆڕشە عەرەبیەکان چییان بە ئێمە وت ؟ ئەوان پەیامێکی سادەیان هەبوو، پەیامێك کە

**من ئەو کەسە تاقانەبووم کە بەتەنیا باسم لە ئیشکالیەتی ئایین دەکردو لەڕوانگەی ئایینەوە مێژووی بەشەریەتم دەخوێندەوە. ئێستا بەختیارم، چونکە هەست بەوە دەکەم کە یارییەکەم بردووەتەوە و بەشێکی زۆر لە توێژەرانی دنیا، سی ساڵ دوای من گەڕاونەتەوە بۆ سەر ئەم ئیشکالیەتە**


**ڕۆشنبیری لینینیست ئەو کەسەیە کە تەنانەت لە کاتی قسەکردنیشدا پەنا بۆ زەبروزەنگ دەبات. فوکۆ، وەک بەشێکی زۆر لە ڕۆشنبیرەکانی سەردەمی خۆی، بیریارێکی زەبروزەنگاوی بوو**

**بۆیەکەمجار کتێبی «وشەکان و شتەکان»ی فوکۆم خوێندەوە، چێژێکی گەورەی پێبەخشیم. کتێبەکانی دیکەشی هەروەها. بەڵام کە دواتر پێم نایە نێو بیناکردنی کارگە تیۆرییەکەمەوە، تێگەشتم لەوەی کە میشێل فوکۆ سەدوهەشتا پلە بەهەڵەدا چووە**


**فوکۆ میراتگرێکی شەرعی مارکسیزمی ڕەخنەگر لەلایەک و فیکری هایدگەرە لەلایەکی دیکەوە. هەموو مێژووی بەشەریەت لەم زیندانەوە دەبینێت، بەڕادەیەک کە ناتوانێت بڕواتە قووڵایی شتەکانەوەو تەنیا لە ڕووکەشەکانیاندا دەمێنێتەوە. فیکری میشێل فوکۆ سنووری ڕووکەشی شتەکان تێنا پەڕێنێت**

لە قووڵاییەکانی تیۆریەکەی من لەسەر«چوونەدەرەوە لە ئایین»دا کاردەکات. ئەو پەیامە بریتی بوو لەم ڕستەیە: دەسەڵات دەبێت لەو کەسانە بچێت کە حکومەتدارییان دەکات. هەر ئەمەشە کە وای کرد کە ئەو شۆڕشانە ڕادیکاڵ نەبن، سبەینێ بەڵێن پێدراوەکە نەبن. دەیانویست ئەوانەی کە حوکمیان دەکەن لەوان بچن.
بەڵام ئەم پەیامە سادەیە هەموو شتەکان دەگۆڕێت. ڕاستە سادەیە، بەڵام تەواو گەورەیە. چونکە دەری دەخات کە دیمۆکراسی ڕیشەی لەنێو عەقڵی ڕۆژهەڵاتدا داکوتاوە. لێرەوە دەبێت ئەم پرانسیپە لە عەقڵەوە بێتە دەرەوەو پەلکێشی دنیای پراکتیك بکرێت. بێگومان گرفتەکان لێرەوە دەستپێدەکەن.
لە قۆناغی یەکەمدا چی ڕوودەدات؟ ئێمە ڕووبەڕووی چەند کۆمەڵگەیەك دەبینەوە کە جومگە بە جومگەی لە ژێرکاریی ئیسلامدا دروست بووە. ئیسلام بەتەنیا ئایینێك نییە، بەڵکو شارستانییەتێکی گەورەشە. گەلان موسوڵمانن، کەواتە ئەو دەسەڵاتەش کە فەرمانڕەواییان دەکات، دەبێت موسوڵمان بێت. ڕێک وەك سەرەتای چوونەدەرەوە لە ئایین لە ئەوروپادا، گەلان مەسیحی بوون، ئەو دەسەڵاتانەش کە حوکمیان دەکردن مەسیحی دیمۆکراتبوون.
گرفتەکە لەوەدایە کە گەلانی موسوڵمان، لەپەنای ئایینەکەیاندا، دەبێت خۆیان ڕابێنن لەسەر کۆمەڵێک پرانسیپی دیمۆکراتیک. واتە بەتەنیا موسوڵمان بوون بەس نییە، بەڵکو لەهەلومەرجی تازەدا ئەوان لەیەککاتدا دەبن بە موسوڵمان و دیمۆکراتیش. من پێموایە کە لەم چرکەساتە مێژووییەدا، ڕۆژهەڵات تێکەڵ بەو شتە بووە کە ناوی دەنێین تێکەڵبوونی کولتورەکان. ڕۆژهەڵات نەك هەر لە دەرەوەی مێژووی بەشەریەت نییە، بەڵکو لە ساتەوەختی بەشداریکردنی مێژوودایە. لەبیرمان نەچێت کە دیمۆکراسی بە ئاسانی لەدایک نابێت. سەدەیەك لەمەوپێش نابێت کە لە ناو ئەم پاریسەدا ئێمە شەڕی دەستەویەخەمان لەگەڵ یەکتردا دەکرد.
بەڵام لەگەڵ هەموو ئەمەشداو لەنێو ئەم پرۆسێسەدا ئێمە گرفتێکی تایبەتمان هەیە کە بریتییە لە: بزووتنەوە ئیسلامیستەکان. چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەم بزووتنەوانەدا بکرێت ؟ سەرەتا دەبێت لەوە تێبگەین کە کۆمەڵگە عەرەبۆ- ئیسلامیەکان لە قۆناغی پەڕینەوەدان. پەڕینەوە لە ترادیسیۆنەوە بۆ مۆدێرنیتێ. ئەم کۆمەڵگانە لە ململانێی سەختدابوون لەگەڵ مێژووی خۆیاندا. کاتێك مۆدێرنیتێ دەگاتە ئەم کۆمەڵگانە (تەلەفزیۆن، تەلەفۆن، ئەنتەرنێت، تاد.)، ئەم کۆمەڵگانە دەلەرزێنێت و لەگەڵ ڕابردووی خۆیاندا ڕووبەڕوویان دەکاتەوە. بەڵام ئەم مۆدێرنیتێیە کە لەدەرەوە دێت، لەهەمان کاتدا دەبێت بە خەونی ئەم کۆمەڵگانە. تەنانەت ئیسلامیستەکانیش نایانەوێت کە بە نامۆدێرن باسبکرێن. لێکدژیەکە لەوەدایە کە ئەم مۆدێرنیتێیە چەند لای ئەوان خەونێکی جوانە، هێندەش چوارچێوە ترادیسیۆنێلەکانی ئەوان دەلەرزێنێت. لێرەوە عەقڵەکان تووشی جۆرێك لە گومان دەبن و هەر ئەمەشە وایان لێدەکات کە بە جۆرێك لە جۆرەکان هەوڵی دروستکردنی شوناسێک بدەن کە ئەم دوو ڕووبەرەیان پێکەوە بۆ کۆبکاتەوە و ئەمەش ناودەنێن ئیسلام.
ئیسلام تایبەتمەندییەکی گەورەی هەیە، بەپێچەوانەی ئایینەکانی دیکەوە، کە دەیانباتەوە سەر هەمان مۆدێلی ئایینی ئەوروپییەکان، کە بریتیە لە مۆدێلی مۆنۆتایست/ تەوحیدی. لەسەر ئاستی شارستانییەت ئیسلام لەنێو زۆنی ئایینە مێژووییە تەوحیدیەکاندایە. لەسەر ئاستی جوگرافیش خاکی ئیسلام دراوسێمانە، بەپێچەوانەی شارستانییەتی چینییەکانەوە کە لە ئێمەوە زۆر دوورە، ئیسلام شتێکی کۆنکرێتیە بۆ ئێمە. لەبیرمان نەچێت کە زەمەنێکی درێژ شتێکمان هەبووە کە پێی وتراوە کۆلۆنیزاسیۆنی دنیای ئیسلام لەلایەن ئەوروپیەکانەوە.
هەموو ئەمانە پێکەوە جۆرێك لە لەرزینیان لە نێو عەقڵی موسوڵمانەکاندا دروستکردووە. لەلایەکەوە سەرگەرمی هەرسکردنی پرانسیپەکانی دیمۆکراتین وەك ئەوەی کە ئەوروپا پێشنیاری دەکات، لەلایەکی دیکەوە بەدوای مێکانیسمەکانی بەرەنگاری بوونەوەدا دەگەڕێن و دەیانەوێت خۆیان وەك ئەویتری ئەوروپا بخەنە سەر شانۆ. لە هەلومەرجێکی ئاوادا گەڕانەوە خاکی ئیسلام زیاتر لە هەر هەرێمێکی دیکەی جیهان، دەبێت بە نیشتمانی سەرهەڵدانی بزووتنەوە فۆندامۆنتالیستەکان، لە چەندین ئاستدا لەیەکتری جیاوازن. ئێمە ناتوانین بەهیچ شێوەیەك نەهزەی تونسی بە ئەلقاعیدەی بن لادن بەراورد بکەین. بەشێکی زۆر لە ئیسلامیستەکان خەڵکانێکی مۆدێرنن و بەدوای ئاشتکردنەوەی ئیسلام و مۆدێرنیتێدا دەگەڕێن.
**گوڵان:** بەڕێز مارسێل گۆشێ، من دەرگای ئەم دەێبەیتە لەگەڵ بەڕێزتاندا بە گەڕانەوە بۆ مێژوویەکی نزیکی کێڵگەی ڕۆشنبیریی فەرەنسی دادەخەم. بە زمانێکی تر، بەبیرم دێ، لەقۆناغی یەکەمی لیسانسدا لە زانکۆی لیۆن، وانەیەکمان هەبوو بەناوی «مەعریفە و دەسەڵات». لەم وانەیەدا هەمیشە دەگەڕاینەوە سەر تێزەکانی میشێل فۆکۆ لەسەر دەسەڵات و مێژووە جۆراوجۆرەکانی، دەسەڵات و ستراکتۆرە جۆراوجۆرەکانی. پاشان چەند ناوی میشێل فۆکۆ دەهات، هێندەش ناوی مارسێل گۆشێ وەك «ئەویترە» هەمیشە ئامادەکەی فوکۆ دەهات. ڕاستە پێشتر چەندجار یەکتریمان بینیوە، بەڵام ئەمە یەکەمجارە کە دەرفەتێکی وادروست دەبێت بۆئەوەی بزانم چ جۆرە پێوەندییەك لەنێوان ئێوەو فوکۆدا هەبووە، چ جۆرە پێوەندییەك ئێوەی بەیەکەوە گرێداوە، ڕەنگە باشتربێت بپرسم : چ جۆرە بیناکردنێکی تیۆریی ئێوەی لە میشێل فوکۆ جیا کردوەتەوە ؟
**مارسێل گۆشێ:** ڕەنگە باشترین وەڵامێك بۆ ئەم پرسیارە بریتی بێت لەو ڕستە بەناوبانگەی کە ئەرستۆ لە وەسفکردنی پێوەندی خۆی بە ئەفلاتونەوە درکاندی. ئەم ڕستەیە مانای گرنگی خۆی هەیە. ئەو دەڵێت : «من ئەفلاتونم خۆشدەوێت، بەڵام حەقیقەتم خۆشتردەوێت». بێگومان من تائێستاش فوکۆ دەخوێنمەوە و یەکێکم لەوانەی کە باوەڕیان وایە فوکۆ کاری گەورەی کردووە. کاتێك لە شەستەکاندا و بۆیەکەمجار

کتێبی «وشەکان و شتەکان»ی فوکۆم خوێندەوە، چێژێکی گەورەی پێبەخشم. کتێبەکانی دیکەشی هەروەها. بەڵام کە دواتر پێم نایە نێو بیناکردنی کارگە تیۆریەکەمەوە، تێگەشتم لەوەی کە میشێل فوکۆ سـەد و هەشتا پلە بەهەڵەداچووە. گەورەترین هەڵەی فوکۆ بریتیە لە تێنەگەشـتن لە سروشتی مۆدێرنیتـێ، بریتیە لە ڕاڤەکردنی سـەقەتی مۆدێرنیتێ. لـە کتێبـی «مێژووی شـێتیدا» ڕاڤەکردنە هەڵەکانـی فوکۆ دەگاتە لوتکە. لەم کتێبەدا بەتایبەتی و لە کتێبەکانی



دیکەیدا بەگشتی، تێزەکانی فوکۆ بەهەڵەی گەورەدا چوون لەسەر ئەوەی من ناوی دەنێم «شۆڕشی مۆدێرن». فوکۆ لە پرۆژەی مۆدێرنیتێ تێناگات چونکە لە زیندانێکی فیکریدا کە دوو لایەن دروسـتیان کردووە: مارکسـیزمی ڕەخنەگر لەلایەك و فیکری هایدگـەر لەلایەکی دیکەوە. فوکۆ کە میراتگرێکی شەرعی ئەم فیکرەیە، هەموو مێژووی بەشەریەت لەم زیندانەوە دەبینێت، بەڕادەیەك کە ناتوانێت بڕواتە قووڵایی شـتەکانەوەو تەنیا لە ڕووکەشەکانیاندا دەمێنێتەوە. فیکری میشێل فوکۆ سنووری ڕووکەشی شتەکان تێناپەڕێنێت.
با مـن چیرۆکێکی بچوکت بۆ بگێڕمەوە. سـاڵی ١٩٧٧ میشێل فوکۆ هات بۆ بەشداریکردن لە کۆنفرانسێکی من لە چوارچێوەی سیمینارە هەفتانەکەی پیەر نورا لە قوتابخانەی خوێندنـی باڵا لە پاریس. پاش تەواوبوونی کۆنفرانسـەکەم، فوکـۆ داوای مایکرۆفۆنـی کردو موداخەلـەی کردو بە شێوەیەکی چاوەڕواننەکراو وەسفی تێزەکانی منی کردو وەك داهێنانی گەورە باسـیکردن. من ڕاستەوخۆ تێگەشتم لەوەی کە ئەمـە جۆرێکە لە دیماگۆجی، چونکە دەمزانی کە ئەو بەهیچ شێوەیەك لەگەڵ تێزەکانی مندا نییە، بەتایبەتی پاش ئەوەی کە کتێبێکم لەسەر کتێبەکەی ئەو بەناوی «مێژووی شـێتی» بڵاوکردەوە. فوکۆ بەشـێوەیەکی بێ سـنوور لەم کتێبەی من توڕە بووبوو. لەزۆر شـوێن بە ئاشـکرا قسەی پێوتبوم. پیەر نورا کە هاوڕێی نزیکی من و فوکۆ بوو، پێی وتبوو: بۆ لەسەر ئەم کتێبە دیالۆگ لەگـەڵ مارسـێل گۆشێدا ناکەیت؟ ئەویش وتبـووی: بۆنا! بەڵام لەڕاسـتیدا هەرگیز



**ساڵی ١٩٧٧ میشێل فوکۆ هات بۆ بەشداریکردن لە کۆنفرانسێکی من لە چوارچێوەی سیمینارە هەفتانەکەی پیەر نورا لە قوتابخانەی خوێندنی باڵا لە پاریس. پاش تەواوبوونی کۆنفرانسەکەم، فوکۆ داوای مایکرۆفۆنی کردو موداخەلەی کردو بە شـێوەیەکی چاوەڕواننەکراو وەسـفی تێزەکانی منی کـردو وەك داهێنانی گەورە باسـیکردن. من ڕاستەوخۆ تێگەشتم لەوەی کە ئەمە جۆرێکە لە دیماگۆجی، چونکە دەمزانی کە ئەو بەهیچ شـێوەیەك لەگەڵ تێزەکانی مندا نییـە، بەتایبەتی پاش ئەوەی کە کتێبێکم لەسـەر کتێبەکەی ئەو بەناوی «مێژووی شـێتی» بڵاوکردەوە. فوکۆ بەشـێوەیەکی بێسـنوور لەم کتێبەی من توڕە بووبوو. لەزۆر شوێن بە ئاشـکرا قسـەی پێوتبوم. پیەر نورا کە هاوڕێی نزیکی من و فوکۆ بوو، پێی وتبوو : بۆ لەسـەر ئەم کتێبە دیالۆگ لەگەڵ مارسێل گۆشێدا ناکەیت ؟ ئەویش وتبووی : بۆنا ! بەڵام لەڕاستیدا هەرگیز ئامادەنەبوو کە پێکەوە دیالۆگ بکەین. با من شتێکت پێبڵێم : میشێل فوکۆ یەکێك بوو لەو ڕۆشنبیرانەی کە دیالۆگی ڕەد دەکردەوەو نەیدەویست گفتۆگۆ لەگەڵ ئەو کەسانەدا بکات کە پێچەوانەی ئەو بیریان دەکردوە. ئەو بەشێوەیەکی گشتی دژی گفتوگۆبوو.**

ئامادەنەبوو کە پێکەوە دیالۆگ بکەین.
با من شـتێکت پێ بڵێم : میشـێل فوکـۆ یەکێك بوو لەو ڕۆشنبیرانەی کە دیالۆگی ڕەد دەکردەوەو نەیدەویست گفتۆگۆ لەگەڵ ئەو کەسـانەدا بـکات کە پێچەوانەی ئـەو بیریان دەکردوە. ئەو بەشـێوەیەکی گشـتی دژی گفتوگۆبوو. ئەو هەمیشە ئامادەبوو بۆ ئەوەی موجادەلە بکات، بەڵام ئامادەی گفتوگۆنەبـوو. بۆنمونـە فوکۆ موجادەلەیەکی بێسـوودی لەگەڵ جاک دێریدادا دەکرد، بەبێ ئەوەی هەرگیز ئامادەبێت لە بەرامبەرەکانی تێبگات. ئاخر چۆن دەبێت کەسـێکی وەك فوکـۆ دێریدا بە ((پۆلیس)) ناوبەرێت ! چۆن ڕۆشـنبیرێك دەتوانێت ڕێگا بەخۆی بدات کە ڕۆشنبیرێکی دیکە بە پۆلیس ناو بەرێت. گرفتی ئەم ڕۆشـنبیرانە لەوەدایە کە لەسەرەتاوە بیناکردنێکـی فیکری لینینیسـتیان هەبـووە و تا مردنیش ئەم بیناکردنە لەگەڵیاندا ماوەتەوە. ڕۆشـنبیری لینینیسـت ئەو کەسـەیە کە تەنانەت لە کاتی قسەکردنیشـدا پەنا بۆ زەبروزەنگ دەبات. فوکۆ، وەك بەشێکی زۆر لەڕۆشنبیرەکانی سەردەمی خۆی، بیریارێکی زەبروزەنگاوی بوو.

**ڕۆژهەڵات نەک هەر لە دەرەوەی مێژووی بەشەریەت نییە، بەڵکو لە ساتەوەختی بەشداریکردنی مێژوودایە. لەبیرمان نەچێت کە دیمۆکراسی بە ئاسانی لەدایک نابێت. سەدەیەک لەمەوپێش نابێت کە لە ناو ئەم پاریسەدا ئێمە شەڕی دەستەویەخەمان لەگەڵ یەکتردا دەکرد**

**ئێستا جیهانگیری بەهێزکردنی دەوڵەتی نەتەوەیە، کە بەتوندی ڕەفزی هەژموونی ئەویتر دەکات و نایەوێت وەک بەرامبەرێکی لاواز پێوەندی لەگەڵ دەرەوەدا دروست بکات**

**لە زۆربەی وڵاتانی دیموکراتی کە پێڕەوی سیاسەتی ئابووری بازاڕ دەکەن و کەرتی تایبەت ڕۆڵی هەیە، بەڕێژەی ٪٧٠ - ٪٨٠ کۆمپانیاکانی کەرتی تایبەت سەرچاوەی دۆزینەوەی هەلی کارن بۆ گەنجان**

**لاوان لەوڵاتانی پێشکەوتووی ڕۆژئاوا، ڕێژەی ٪١٠ی دانیشتووان پێکدەهێنن و لەوڵاتانی تازەی پێگەیشتوو ڕێژەی ٪٣٠ و زیاتریش پێکدەهێنن، بۆیە دیاردەی پەراوێزخستنی گەنجان زیاتر لەوڵاتانی تازە پێگەیشتوو دەردەکەوێت تا وڵاتانی پێگەیشتوو**

کاتێك ئەم دێڕانە دەنووسین بەدەیان هەزار کچ و کوڕی لاوی کوردستان ئاهەنگی دەرچوون لەزانکۆ و پەیمانگاو و قوتابخانە پیشەییەکان دەگێڕن و هەموو پێکەوە وێنەی سەرکەوتن لە پرۆسەی خوێندن دەگرن، ئەم وێنە یادگارییە لە ناو ئومێدی ئەم توێژە لاوەدا بۆ ئەوەیە کە دەچنە ژیانێکی نوێی و ئیدی دوای ماوەیەکی کورت هەر یەکەیان لە بوارێکدا وەك ئەندامێکی چالاك بەشداری لە پێشکەوتنی کۆمەڵگە دەکات، لەم ساتەوەختەدا هەموو خۆیان ئامادەکردووە لە ئاهەنگی فەرمی دەرچوونی زانکۆ و پەیمانگاکان کە بەشێوەیەکی عادەتی سەرۆکی وڵات یان سەرۆکی حکومەت ئامادە بێت و بڕوانامەکانیان پێدەبەخشرێت، هەموو هیوایان بەوەیە کە ئەو بڕوانامەیە ڤیزەی پەڕینەوە بێت بۆ ناو ژیانی کار و خزمەتکردن و ئابوورییەکی سەربەخۆ و دەستپێکردنی پرۆسەی هاوسەرگیری و پێکەوەنانی خێزانێکی کامەران و ئاسوودە، لەسەر ئاستی خواست و ئومێدە دوور مەوداکانی ئەم توێژەش، هەر یەك لەمانە کۆمەڵێك خواست و ئومێدی دوورمەودای هەیە و هەریەکێك ئەوەی بۆ خۆی داناوە کە لە ساڵانی داهاتوو، باشترین پزیشك، باشترین ئەندازیار، باشترین دادوەر، یان باشترین تەکنیکار بێت لە کۆمەڵگە، ئەوان بەم خواست و ئومێدەوە هۆڵەکانی خوێندن بەجێدەهێڵن، بەڵام ئایا دوای ئەوەی بڕوانامەکانیان وەردەگرن تواناو لێهاتوویان لەگەڵ مەرجەکانی بازاڕ یان کەرتی تایبەت یەکدەگرێتەوە؟ یان دەبێت چاوەڕێی ئەوەبن ساڵانە حکومەتی هەرێمی کوردستان ژمارەیەکیان دابمەزرێنێت و هێندەی دیکە هەڵاوسان لە بودجەی بەکاربەر بێتە ئاراوە و بودجەی وەبەرهێنان کەمبێتەوە؟ لە زۆربەی وڵاتانی دیموکراتی کە پێڕەوی سیاسەتی ئابووری بازاڕ دەکەن و کەرتی تایبەت ڕۆڵی هەیە، بەرێژەی ٪٧٠ - ٪٨٠ کۆمپانیاکانی کەرتی تایبەت سەرچاوەی دۆزینەوەی هەلی کارن بۆ گەنجان، پرسیار ئەوەیە ئایا وەك سەرۆکی دەستەی وەبەرهێنانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەدیمانەیەکی لەگەڵ گۆڤاری گوڵان ئاماژەی پێکردووە، بڕی ٢٦ ملیار دۆلار سەرمایە لە بواری وەبەرهێنان لە کوردستان هەڵدەسوڕێت و، وەك وەزیری پیشەسازی باسی دەکات مۆڵەتیان بەسەدان کارگە داوە، بە سەدان کۆمپانیای دیکەی بیانی لەکوردستان کاردەکەن، تاچەند توانیوویانە هەلی کار دروست بکەن؟ ئایا ئەو هەلی کارەی کەرتی تایبەت لە کوردستان دروستی کردووە، داهاتێکی ئەووتۆ بۆ گەنجان دروست دەکات کە بتوانن ببنە خاوەنی ئابووری سەربەخۆی خۆیان و بەرەو ژیانێکی ئاسوودە و کامەران هەنگاو هەڵبگرن؟ لەمەش گرنگتر ئایا لەو ماوەیەی گەنجان لە زانکۆ و پەیمانگاکان دەخوێنن، ئەو ئیمکانییەت و لێهاتووییەیان بۆ دەستەبەر دەکرێت، کە لەگەڵ مەرجەکانی کەرتی تایبەت یەکبگرێتەوە، یان گەنجان کاتێك سیڤی خۆیان پێشکەشی کۆمپانیاکان دەکەن بەدەستی بەتاڵ دەگەڕێنەوە و پێیان دەڵێن ببورن ئەو مەرجانەتان تێدا نییە کە ئێمە دەمانەوێت؟ ئەم پرسیارانە و دەیان پرسیاری دیکە ژینگەیەکی خولقاندووە گەنج وەك کێشە سەیر بکرێت، بەڵام پرسیاری سەرەکی لێرەدا ئەوەیە تواناو لێهاتوویی گەنجان سەرمایەی مرۆیین بۆ هەڵسوڕانی پرۆسەی پەرەپێدان و پرۆسەی بونیادی نەتەوە، یان بارێکی گرانن لەسەر شانی کۆمەڵگە و دەبێت بەشێکی گەورەی بودجەی وڵاتیان بۆ تەرخان بکرێت بۆ ئەوەی کێشەکانیان چارەسەر بکەین؟

### ڕەوینەوەی نامۆبوون لە توێژی لاواندا

لاوان بەگەشبینیەوە سەیری ئایینده دەکەن و لەئاییندەیەکی گەشیشەوە سەیری پێشکەوتنی وڵات و کۆمەڵگاکەیان دەکەن، لاوان دەخوازن بەشێوەیەکی چالاکانە بەشداری لە ژیانی ئابووری و سیاسیی وڵاتی خۆیاندا بکەن، بۆیە ئەزموونی جیاوازی وڵاتان ئەو بۆچوونە پێچەوانە دەکاتەوە کە پێیوایە لاوان لێنەهاتوو و کەم ئەزموونن، بەڵکو ئەو ڕاستیە ئاشکرا دەکات، ئەو خەڵکانە کەم ئەزموونن کە ناتوانن مامەڵەی ڕاست لەگەڵ ئەو قۆناخە هەستیارەی تەمەنی لاوانی کوڕ و کچدا بکەن، ئەوان کەمتەرخەمن کە ناتوانن دامەزراوە و دەستەی تایبەتی دەستبەر بکەن و لە چوارچێوەی پرۆگرامێکی زانستیدا پەرەپێدان لە سەرمایەی مرۆیی لاواندا بکەن و ڕۆڵی دیار و گرنگیان لەکۆمەڵگە پێ ببەخشن، ئەمە وایکردووە لە وڵاتانی تازە پێگەیشتوو ڕۆڵی لاوان بزر بێت، ئەم بزربوونەی ڕۆڵی لاوانیش جۆرێك لە نامۆبوون لە خود و کەسێتی لاواندا دروست دەکات، ئەمەش دەبێتە هۆکاری ئەوەی لاوان بەدوای ژینگەیەکدا بگەڕێن خۆیانی تێدا بدۆزنەوە، بەپێی ئامارەکانی بانکی نێودەوڵەتی ئێستا یەك لەسەر پێنجی دانیشتووانی جیهان کە دەکاتە یەك ملیار و دووسەد ملیۆن کەس، ئەو لاوانەن کە تەمەنیان لەنێوان ١٥- ٢٤ ساڵە، ئەم ڕێژەیە ئەگەر بۆ وڵاتانی پێشکەوتوو ٪١٠ی ڕێژەی دانیشتووان پێکبهێنێت، ئەوا بۆ وڵاتانی تازە پێگەیشتوو ئەم ڕێژەیە بەرزدەبێتەوە بۆ ٪٣٠، لەبەرامبەردا ژمارەی ئەو کەسانەی لە جیهان تەمەنیان شەست ساڵی تێپەڕاندووە تەنیا ٨١٠ ملیۆن کەس پێکدەهێنن، بەڵام ئەگەر بەراورد بکەین، ئەو بایەخ و ئیمکانییەتەی بۆ ئەو ٨١٠ ملیۆنە خراوەتە گەڕ، چەندین جار لەو بڕە زیاترە کە بۆ ملیارێك و دووسەد ملیۆن لاو خراوەتە گەڕ، ئەمەش بۆتە هۆکاری ئەوەی بەشێوەیەکی گشتی لەسەر ئاستی جیهان لاوان خراونەتە پەراوێزەوە، بەڵام ئەوەی لێرەدا وەك خاڵێکی گرنگ هەڵوەستەی لەسەر دەکرێت، بۆچی ئەم کێشەیە لە وڵاتانی پێشکەوتوو بە بەرامبەر بە وڵاتانی تازە پێگەیشتوو کەمتر دیارە؟ وەڵامی ئەو پرسیارە لەو ئامارانە وەردەگرینەوە کە ئاماژەمان پێکردن، ئەمەش لەبەر ئەوەی لاوان لەوڵاتانی پێشکەوتووی ڕۆژئاوا، ڕێژەی ٪١٠ی دانیشتوان پێکدەهێنن و لەوڵاتانی تازەی پێگەیشتوو ڕێژەی ٪٣٠ و زیاتریش پێکدەهێنن، بۆیە دیاردەی پەراوێزخستنی گەنجان زیاتر لەوڵاتانی تازە پێگەیشتوو دەردەکەوێت تا وڵاتانی تازە پێگەیشتوو، ئەگەر


لەم بارەوە هیندستان بەنموونە وەربگرین دەبینین ژمارەی ئەو کەســانەی تەمەنیان لە نێوان ١٥ -٢٤ ساڵە، زیاتر لە ٢٣٨ ملیۆن پێکدەهێنێت، ئەم ژمارەیەش لە ژمارەی دانیشــتوانی ئەندۆنسیا زیاترە کە چوارەمین گەورەترین دەوڵەتە لــەرووی ژمارەی دانیشــتوانەوە، بۆیە ئەگەر ئەم ژمارە زۆرە پرۆگرامێکی زانســتی لە پشتەوە بێت، ئەوا ئەم توانا مرۆییــە گەورەیە دەگۆڕێت بۆ هێزێکی نوێ لــە کۆمەڵگە و هەروەها دەبێتە ســەرمایەیەك لە بونیادنانــەوەی وڵاتدا، بەڵام ئەگەر ئــەم بوارە گرنگە وەبەرهێنانی تێدا نەکرێت، ئەوا دەبێتە بارێکی قورســی کۆمەڵایەتی و ئابووری بەسەر کۆمەڵگەوە. لە هیندستان تا رادەیەکی بــاش لاوان وەبەرهێنانیان تێدا کراوە، بەڵام لە پاکســتان کە ژمــارەی لاوەکانی تەمــەن ١٥- ٢٤ ساڵی زیاتر لە ٣٨ ملیۆنە، لەبەر ئەوەی دامەزراوەکانی دەوڵەت نەیانتوانیووە وەبەرهێنان لەم توانایەدا بکەین، ئەوا وەك ئێســتا دەبینین، لاوانی پاکستان بوونە سەرچاوەی تەنگژەی کۆمەڵایەتی و لەرزۆکی بازاڕ، ئەمەش بۆتە هۆکاری ئەوەی لاوانی پاکستان متمانەیان بە ئایندەی وڵاتەکەیان نەبێت. هەربۆیە ئەگەر پاکســتان بیتوانیایە وەبەرهێــن لەتوانــای لاوەکانــی بــکات و تواناکانیان ئاراســتە بکات، ئەوا دەیتوانی بــۆ ماوەیەکی دوور و درێژ سەقامگیری ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسیی دەستەبەر بکات.

### لاوان و بێکاری رووپۆشکراو

ئەگەر سەیری رەوشی لاوان لە هەرێمی کوردستان بکەین و لەگەڵ ئەوەی باری ئابووری گۆڕانکاری بەسەرداهاتووە و بەدەیان و ســەدان کۆمپانیا لــەم وڵاتە کاردەکەن، ئەوا ئەگەر بەراوردێك بکەیــن، دەبینین ئەم گۆڕنکاریانە لە ئاست خواســت و داوایەکانی لاواندا هێشتا نەگەیشتۆتە ئەو ئاستەی کە هەســت بکرێت تواناو لێهاتوویی لاوان وەك پێویســت رۆڵی خۆی لەم پرۆسەیەدا گێرابێت، هەر ئەم هۆکارەشە کە ساڵانە حکومەتی هەرێمی کوردستان ناچار دەبێت، ژمارەیەکی هێجگار زۆر پلەی دامەزراندن تەرخان بکات، بەبێ ئەوەی حکومەت پێویســتی جددی بەم پلــە وەزیفیانە هەبێت، واتە هــەر بۆ نموونە ئەگەر حکومەت ســاڵێك یان دوان پلــەی دامەزراندن تەرخان نــەکات، نەك هەر کارەکانی راناوەســتێت، لەوانەیە بڵێن کارەکانی باشــتر بەرێوەدەچێــت، ئەمەش مانای ئەوەیە هەوڵدانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ دۆزینەوە یان دەستبەرکردنی هەلی کار بۆ لاوان، هێندەی لەبەر ئەوەیە کە لاوان لە بێکاری رزگار بکات، هێندە لەبەر پێداویستی یان پێدانی رۆڵ نییە بەلاوان بۆ ئەوەی لە پرۆسەکە رۆڵی خۆیان بگێرن، بەڵام لەبەرامبەر ئەم حاڵەتە ئەگەر رووی پرسیار بکەینە کەرتی تایبەت و پرۆژەکانی وەبەرهێنان، کە ئەم پرۆســە فراوانەی بونیادنانەوەیە لە کوردســتان بەردەوامە، ئایا ئەم کەرتە گرنگە ساڵانە توانیوویەتی

**پرۆفیسۆر جەی لاورانس ئابەر بۆ گوڵان:**

# دەستەبەرکردنی هەلی کار سەرچاوەی ئومێد بەخشینە بۆ لاوان



**پرۆفیســۆر جەی لاورانس ئابەر ئوســتادی سایکۆلۆژی و ســیاسەتی گشــتیە لە زانکۆی نیویۆرك و ئەندامی بۆردی ئامۆژگای پەرەپێدانی مرۆیــی و گۆڕانکاری کۆمەڵگەیە لەهەمان زانکۆ، بۆ قســەکرد لەسەر لاوان وەك سەرمایەیەکی گەورەی مرۆیی و وەبەرهێنان لەم ســەرمایەیە، پرۆفیســۆر جەی لاورانس بەمجۆرە راو ســەرنجەکانی خۆی بۆ گوڵان دەربڕی:**

((پرۆســەی پەرەپێدانــی گەنج لە بەشــێکیدا لــە بواری کەمکردنــەوەی بێکاری لە نێو گەنجاندا دەســتپێبکات، لە زۆرێك لە وڵاتاندا ئەوەی دەبێتە ســەرچاوەی ئومێد کارە، کە گەنجان هەســت دەکەن ئەمە هاوکاریان دەکات لە پەرەپێدانی بەهرەکانیان و لە پشــتیوانیکردنی خێزانەکانیان و بەشــداری کردن(خزمەتکــردن) لــە وڵاتەکەیاندا. بەڵام لــە زۆرێك لە کۆمەڵگــە تازەگەشــەکردووە جیاوازەکانــدا دەرفەتەکانــی دامەزراندن و کارکردن بۆ گەنجان هەیە، کە ئەمە بەشــێکی گرنگی بەخشینی ئومێدە. بەشێکی دیکەی گرنگی بەخشینی ئومێد بریتییە لە سیستمێکی پەروەردەیی کە هاوکاری منداڵ بکات ئەوەیە کە ئەگەر سیســتمی پەروەردە تەواو بکەن ئەوا ئامادە و لەباریان دەکات کە بواری کەرتی گشتی و تایبەتی و کۆمەڵگەی مەدەنی بۆ گەنجانی دەرەخسێنن. لەبەر ئەوەی گەنجان گرنگترین سەرچاوە و سەرمایەی هەر وڵاتێکن، نەك هــەر تەنیا گەنجان، بەڵکو منداڵانی زۆر گەنج و منداڵانی قوتابخانە کە دەبنە گەنــج. بە دڵنیاییەوە منداڵانی گەنج و منداڵانی تەمەنی قوتابخانە، لە وڵاتە تازەگەشــەکردووەکان، گرنگترین ســەرمایەن. توێژینەوەی بــاش هەبووە کە ئاماژە بەوە دەکات کە وەبەرهێنان لە ســەرمایەی مرۆیی گەنجان، داهاتێکی گەورەی وەبەرهێنان لە بەرهەمی گەشەی ئابووری نەتەوەییدا دەهێنێتە ئــاراوە، و تەنانەت لە بواری پەرەپێدانی بەشــێکی ژێرخانی فیزیکی، وەك رێگاوبانەکان، ئەوا دەبێت هۆشیاریەکی روو لە زیادمان هەبێت، کە ئەو جۆری وەبەرهێنانە لە بواری ژێرخاندا کە لە وڵاتە تازەگەشــەکردووەکاندا کراوە، پێویستە وەبەرهێنانی لە سەرچاوەی مرۆیی گەنجدا بگرێتەوە، ئەمــە هۆکارێکی زۆر گرنگە بۆ ئــەوەی تەواوی وڵاتەکە گەشــەبکات و بەرەوپێشــبچێت. بۆ ئێوەش لە کوردستان من داواتــان لێدەکەم لاوەکان بێ ئومێد نەبن، کۆمەڵگەیەك بنیات بنێن کە رێز لــە مافەکانتان دەگرێت و پارێزگاری لێدەکات، هەروەها مافی هاووڵاتیەکانتان و کار و کۆششی سەخت بکەن بۆ بنیاتنانی وڵاتەکەتان.

**داهاتی لاوی کوردستان لەگەڵ هەڵکشانی نرخی بازاڕەکان(لەهەموو بوارەکاندا) لەبری ئەوەی ئومێد و گەشبینی بۆ لاوان دروست بکات، هەست دەکەین رەشبینی و بێ ئومێدی دروست دەکات**

**لەوڵاتێکدا کە هەنگاو بەرەو سیاسەتی ئابووری بازاڕ هەڵبگرێت و پلانی حکومەت بەوجۆرە بێت بایەخ بە کەرتی تایبەت بدرێت، ئەوا دابینکردنی هەلی کار، دەبێتە ئەرکی کەرتی تایبەت نەک حکومەت**

چەند هەلی کار بۆ لاوان بڕەخسێنێت؟ وەڵامی ئەم پرسیارە لە داخوازی گەنجان بۆ دامەزراندن لە کەرتی گشتی دەدۆزینەوە، ئەمەش وایکردووە، لاوان هەست نەکەن کەرتی تایبەت توانای دۆزینەوەی هەلی کاری هەبێت، لەمەش گرنگتر ئەو هەلی کارەشی کەرتی تایبەت دروستی دەکات، بەهۆی ئەو مەرجە ناتەبایانەی ئەم کەرتە لە دامەزراندنی لاوان پێڕەوی دەکات، جۆرە بێ متمانەیەکی لەلایەن لاوانەوە بەو هەلی کارانە دروستکردووە، هەر بۆنموونە کاتێك بانگەوازی کۆمپانیایەکمان بۆ دامەزراندنی کۆمپیوتەریستێك یان ژمێریارێك گوێ لێ دەبێت، سەیر دەکەین کۆمەڵێك مەرجی ریز کردووە، کە هیچ کام لە زانکۆ و پەیمانگاکانی کوردستان(مەبەست زانکۆ و پەیمانگا حکومیەکانە)) بەو ئاستە ئەو شارەزایی و پسپۆریەیان فێری لاوان نەکردووە، هەر بۆ نموونە کۆمپانیا مەرجی هەیە دەبێت ئەوەی داوا پێشکەش دەکات، لانی کەم دوو زمانی بیانی بۆ نموونە (عەرەبی و ئینگلیزی) بە باشی بزانێت، هەروەها شارەزا بێت لە هەردوو سیستمی وۆرد و ئەکسڵی کۆمپیوتەری، لەمەش زیاتر داوادەکات، ئەوەی داوا پێشکەش دەکات ئەزموونی کارکردنی لەو بوارە لە **٣-٥** ساڵ کەمتر نەبێت، ئەگەر بە وردی سەرنج لەم مەرجانە بدەین کە بۆ دامەزراندن لە کەرتی تایبەت بۆ لاوانی دەرچووانی زانکۆ و پەیمانگاکان دادەنرێن، ئەوا هەر لەو خاڵەوەی کە داوا دەکات ئەزموونی کارکردنی لە **٣-٥** ساڵ کەمتر نەبێت، مانای ئەوەیە لاوان هەلی کارکردنیان لە کەرتی تایبەت لەبەردەم داخراوە، خۆ ئەگەر ئەم مەرجەش لابردرێت، ئەوا هەمووومان ئەو راستیە دەزانین کە لاوانی دەرچووی زانکۆ و پەیمانگاکانی کوردستان بە باشی فێری دوو زمانی بیانی ناکرێن، یان فێری دوو سیستمی کۆمپیوتەری ناکرێن، هەتا مەرجەکانی کۆمپانیاکان بیانگرێتەوە، لەم حاڵەتەشدا واتا هەلی کارکردنی کەرتی تایبەت بۆ لاوان نییە، لەلایەکی دیکە و سەبارەت بەو لاوانەی کە خوێندنیان تەواو نەکردووە و ناچارن لەکەرتی تایبەت کار بکەن، ئەوا ئێستا زۆر بەراشکاوی بازرگان و خاوەن کارەکانی کوردستان ئاستەنگێکی گەورەیان لەبەردەم هەلی کارکردنی لاوان دروستکردووە و هەر لەرێگەوە پێیان دەڵێن، ئایا ئامادەی بەنرخی کرێکارێکی بەنگلادیشی کاربکەیت؟ پرسیار لێرەدا ئەوەیە ئەگەر لەوڵاتێکی رۆژئاوایی خاوەن کارێك یان کۆمپانیایەك بە هاووڵاتیەکی خۆی بڵێت ئایا تۆ ئامادەی بە نرخی کرێکارێکی سۆدانی یان ئەفغانی کاربکەیت ئەوە باشە کار ناکەیت من کار بەوان دەکەم، ئایا هاووڵاتیە رۆژئاواییەکە ئەمە لە خاوەن کۆمپانیاکەی قبوڵ دەکات، یان دەچێت لای پۆلیس شکاتی لێدەکات؟ ئەمە بەو مانایە نییە کە هاووڵاتیە رۆژئاواییەکە خۆی بەکەم دەزانێت کە بەراوردی لەگەڵ کرێکارێکی رۆژهەڵاتی پێکراوە، بەڵکو لەبەر ئەوەی سووکایەتی بە بەهای کاری مرۆڤ کراوە و ناکرێت لەسەر حسابی رەگەز یان ناسنامە تەنزیلاتی نرخی کار بکرێت، لەمەش راشکاوانەتر ئێستا لە رۆژئاوا ئەو کرێکارانەی لە وڵاتانی تازە پێگەیشتووەوە دەچنە رۆژئاوا، ئەگەر بە نرخی کەم کار بکەن، سزا دەدرێن و ناو دەنرێت (کاری رەش)، بەڵام بەداخەوە لە کوردستان کە رۆژانە هەموومان بە چاوی خۆمان دەیبینین، لەگەڵ ئەوەی خاوەن کار و کۆمپانیایەکان بێ ویژدانانە بەرێگەی کرێکارانی بیانی تەنزیلاتی نرخی کاری لاوانی کوردستان دەکەن، لەگەڵ ئەوەش توانج لە توانا و لێهاتوویی لاوانی کوردستان دەدەن و پێیان دەڵێن گەنجانی ئێمە کار ناکەن و کرێکارێکی بیانی سێ هێندەی کرێکارێکی وڵاتی خۆمان کار دەکەن، ئەم پرسە بەو شێوەیە نییە، کە ئەم



راپۆرتە بەو جۆرە بخوێنرێتەوە کە ئێمە دژی هاتنی کرێکاری بیانین بۆ کوردستان، لەبەر ئەوەی هاتنی کرێکاری بیانی بۆ ئیشکردن لەکوردستان نیشانەیەکە بۆ ئەوەی پرۆسەی بونیادنانەوە لە کوردستان هەلی کاری بەئاستێك خوڵقاندووە کە هێزی کاری ناوخۆ بەش ناکات و هاتنی ئەوان بار سووکیەك بۆ کۆمەڵگەی کوردستان دروست دەکات، بەڵام لەباری واقیعدا ئەمە پێچەوانەیەو، رۆژنامەنووسان زۆر بە ئاسانی دەتوانن چاوپێکەوتن لەگەڵ هەموو خاوەن کارەکانی کوردستان بکەن، ئەوکات دەزانن هاتنی کرێکاری بیانی بۆ کوردستان، شکاندنی نرخی کارە بۆ لاوانی کوردستان، لەمەش گرنگتر خۆ ئەگەر کوردستان بۆتە ئەو وەرشە کارەی کە پێویستە کرێکاری بیانی هاوکاریمان بکەن، پرسیار ئەوەیە بۆ کرێکاری بیانیش بە هاوتای کرێکارێکی کوردستان هەقی کاری خۆی وەربگرێت، واتە با خێروبێری کوردستان ببێتە چەترێکی مرۆیی بۆ ئەو خەڵکانەی لەوڵاتی خۆیان کاریان دەست ناکەوێت، نەك بیکەنە هۆکارێك بۆ ئەوەی نرخی کاری کرێکارانی کوردستانی پێ دابەزێنن.

**هەڵکشانی نرخی شمەك و دابەزینی نرخی کار**

بەرزبوونەوەی ئاستی داهات، وەرچەرخانێکە لە ژیانی هەر کۆمەڵگەیەکدا، هەر بۆ نموونە ئەگەر بەراوردێك لەنێوان کۆریای باشوور و کۆریای باکوور بکەین، دەبینین ئەو شمەکە پێداویستیە رۆژانەیەی لە کۆریای باشوور نرخی ١٠ دۆلارە، لەوانەیە لەکۆریای باکوور نرخی دۆلارێك یان کەمتریش بێت، بەڵام ئەگەر حکومەتی کۆریای باکوور بوار بە لاوەکانی بدات کۆچ بکەن، ئەوا ٪٩٠ ی لاوانی کۆریای باکوور کۆچ دەکەن بۆ باشوور، هەر ئەمەش وایکردووە کە کۆریای باکور ناچار بێت رێککەوتنێك لەگەڵ کۆماری چین ئیمزا بکات، بۆ ئەوەی لاوانی کۆریای باکوور نەتوانن لە سنورەکانی چینیشەوە بچنە کۆریای باشوورەوە، لەمەش زیاتر کۆریای باکوور سزای مردنی بۆ ئەو کەسانە دیاری کردووە ئەگەر لەکاتی کۆچکردنیان بۆ کۆریای باشوور لە سنورەکان دەستگیر بکرێن، ئەمە مانای ئەوەیە هەڵکشانی نرخی شمەك نابێتە هۆکاری ئەوەی خەڵك بێزار بێت، ئەگەر ئەم هەڵکشانە هاوتا بێت لەگەڵ داهاتی تاکەکەس یان نرخی کار لەو وڵاتەدا، بەڵام بە پێچەوانەشەوە ئەگەر ئەم هەڵکشانە هاوسەنگ نەبێت لەگەڵ داهاتی تاکە کەس بەگشتی و لاوان بەشێوەیەکی تایبەتی، ئەوا جۆرە بێ ئومێدیەك لای لاوان دروست دەبێت کە بەدوای ژینگەیەکی دیکەدا بگەڕێن، بە تایبەتیش کە ئێستا تۆڕەکانی ئەنتەرنێت بە شێوەیەك فراوان بووە کە بە ئاسانی لاوان دەتوانن هەم باری گوزەرانی خۆیان لەگەڵ لاوانی جیهان بەراورد بکەن، هەم لەو ئاستەی گەندەڵیش تێبگەن کە کەرتی تایبەت بەرامبەر توانای لاوان دەیکات، لەم راستەوە ئەگەر سەیری هەڵکشانی نرخی شمەك لە کوردستان بکەین و بەراوردی بکەین لەگەڵ ئەو داهاتەی لاوێکی کوردستانی دەستی دەکەوێت، ئەوا هەست دەکەین داهاتی لاوی کوردستان لەگەڵ هەڵکشانی نرخی بازاڕەکان(لەهەموو بوارەکاندا ) لەبری ئەوەی ئومێد و گەشبینی بۆ لاوان دروست بکات، هەست دەکەین رەشبینی و بێ ئومێدی دروست دەکات، هەر بۆ نموونە ئەگەر ئەمە بکەینە زمانی ژمارە و لەگەڵ واقیعی ئابووری کوردستان بەراوردی بکەین، ئەوا لاوێکی **٢٢-٢٣** ساڵ کە خوێندنی تەواو کردووە بۆ نموونە فەرمانبەر داهاتەکەی لە ٤٠٠-٥٠٠ دۆلار تێپەڕ ناکات، ئەم داهاتە نەك بەشی ئەوە ناکات پاشەکەوتی لێ بکات و خۆی تەکوین بکات، لەهەمانکاتدا وەك تاکێك بەشی خۆشی ناکات، خۆ ئەگەر کوڕ و کچێکی لاو هەردووك پێکەوە



**هەوڵدانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ دۆزینەوە یان دەستبەرکردنی هەلی کار بۆ لاوان، هێندەی لەبەر ئەوەیە کە لاوان لە بێکاری رزگار بکات، هێندە لەبەر پێداویستی یان پێدانی رۆڵ نییە بەلاوان بۆ ئەوەی لە پرۆسەکە رۆڵی خۆیان بگێرن**

**با خێروبێری کوردستان ببێتە چەترێکی مرۆیی بۆ ئەو خەڵکانەی لەوڵاتی خۆیان کاریان دەست ناکەوێت، نەک بیکەنە هۆکارێک بۆ ئەوەی نرخی کاری کرێکارانی کوردستانی پێ دابەزێنن**

> **بۆ ئەوەی لاوەکان بتوانن پرۆسەی هاوسەرگیری بەشێوەیەکی ئاسان ئەنجامبدەن، گرنگە جیاکاریەک لەنێوان ئەو پرۆسەی نیشتەجێکردنانە بکرێت کە حکومەت ئاسانکارییان بۆ دەکات**

> **وەبەرهێنان لە تواناو لێهاتوویی لاواندا، هۆکاری سەرەکیە بۆ بونیادی کۆمەڵگەیەکی چالاک، بونیادی کۆمەڵگەی چالاک، زۆر لە بونیادی کۆمەڵگەی خۆشگوزەران گرنگترە**

بیانەوێت ژیانی هاوسەرگیری پێکەوە بنێن، ئەوا مووچەی هەردووکیان پێکەوە ناتوانێت ئومێدی ئەوەیان پێ ببەخشێت کە ژیانێکی ئاسوودە و کامەران پێکەوە بەسەر بەرن.

لەوانەیە بیانوو بۆ ئەم حاڵەتە بەو جۆرە پاکانەی بۆ بکرێت کە ناتوانرێت مووچە لەوە زیاتر زیاد بکرێت، بەڵام ئەم راپۆرتە لە نرخی کاردا مەبەستی مووچەی کارمەندانی حکومەت نییە، بەڵکو نەبوونی هەلی کاری گونجاو لەکەرتی تایبەت بۆتە هۆکاری ئەوەی کە حکومەت ناچار بێت، هەلی کار بەوجۆرە بدۆزێتەوە، لەمەش راشکاوانەتر ئەگەر لاوێك لە کەرتی تایبەت مانگانە مووچەکەی ٢٠٠٠ دۆلار بێت، چۆن رازی دەبێت لە کەرتی گشتی یان حکومەت مووچەکەی ٤٠٠ دۆلار بێت، سەبارەت بەمەش لەوانەیە خاوەن کارەکان پاکانەی ئەوە بکەن، چۆن دەتوانن ئەو نرخە بە کار بدەن؟ ئەوا لەوەڵامدا دەڵێین ئەو مارکێتەی لەهەولێرە، نرخی شمەکەکانی هەمان نرخی مارکێتەکانی ئەوروپایە، ئەو چێشتخانەیەی لە هەولێرە، نرخی خواردنەکەی هەمان نرخی چێشتخانەیەکی رۆژئاوایە، ئەو هۆتێلەی لە کوردستانە، نرخی مانەوەی شەوێکی هاوتای هۆتێلەکانی ئەوروپایە، پرسیاری سەرەکی لێرەدا ئەوەیە بۆچی مووچەی کرێکارێکی کوردستان هاوتای مووچەی کرێکارێکی رۆژئاوا نەبێت؟

### چۆن وەبەرهێنان لەتواناو لێهاتوویی لاواندا بکەین

حکومەتی هەرێمی کوردستان بودجەیەکی گەورەی بۆ زانکۆ و پەیمانگا و قوتابخانە پیشەییەکان تەرخانکردووە، ئەمە وەك ئەرکی حکومەت پرۆسەیەکی گرنگە کە پارە بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی لێهاتوویی و توانای لاوەکان تەرخان دەکات، بۆ ئەوەی ببنە کادری تەکنیکی و ئەندامی چالاکی کۆمەڵگە، ئەمە هەنگاوێکە کە دەکرێت بە وەبەرهێنان لە سەرمایەی مرۆیی سەیری بکەین، بەڵام پرسیاری گرنگ لێرەدا ئەوەیە کاتێك ئەم هەنگاوە ئامانجی خۆی نەپێکێت وەك پێویست، دیارە کۆمەڵێك کەموکورتی هەیە دەبێت چاوی پێدابخشێنرێتەوە، لێرەدا بە چەند خاڵێك ئاماژەی پێدەکەین:

١- لەوڵاتێکدا کە هەنگاو بەرەو سیاسەتی ئابووری بازاڕ هەڵبگرێت و پلانی حکومەت بەوجۆرە بێت بایەخ بە کەرتی تایبەت بدرێت، ئەوا دابینکردنی هەلی کار، دەبێتە ئەرکی کەرتی تایبەت نەك حکومەت، بەڵام ئەوەی ئێستا لەکوردستان دەیبینین، کەرتی تایبەت نەیتوانیوە سەرچاوەی سەرەکی دابینکردنی هەلی کار بێت، بۆیە حکومەت ساڵانە ناچار دەبێت بە هەزاران پلەی وەزیفی دابمەزرێنێت. بۆیە گرنگە ئاراستەی بەوجۆرە بێت کە ببێتە سەرچاوەی دابینکردنی هەلی کار.

٢- بۆ ئەوەی کەرتی تایبەت ببێتە سەرچاوەی دابینکردنی هەلی کار، ئەوا پێویستە کەرتی تایبەت بەپێی ئەو لێهاتوویی و توانایەی کە زانکۆ و پەیمانگا و قوتابخانە پیشەییەکان بەرهەمیان هێناوە، هەلی کار دابین بکەن، واتە هەلی کار ئاسانکاری بۆ کارکردن دروست بکات نەك ئاستەنگ.

٣- گرنگە کرێکارانی بیانی بەپێی باری ئابووری ئێستای کوردستان کاریان پێ بکرێت، هەتا ئەگەر ئەو پارەیەی دەیاندرێتی زۆریش بێت، دەکرێت باجیان لەسەر دابنرێت و حکومەت باجەکەی وەربگرێت، بۆ ئەوەی خاوەن کارەکان، نرخی کار دانەبەزێنن.

٤- بۆ ئەوەی لاوەکان بتوانن پرۆسەی هاوسەرگیری بەشێوەیەکی ئاسان ئەنجامبدەن، گرنگە جیاکاریەك لەنێوان ئەو پرۆسەی نیشتەجێکردنانە بکرێت کە حکومەت ئاسانکارییان بۆ دەکات، بۆ نموونە حکومەت زەویان بۆ تەرخان دەکات بۆ ئەوەی کێشەی نیشتەجێ چارەسەر بکەن، لەم حاڵەتەدا کە حکومەت ئاسانکاری دەکات، باشترە ئەو یەکەی نیشتەجێیانە بدرێتە ئەو کەسانەی کە هاووڵاتی کوردستانن و فۆرمی خۆراکی ئەو شارەیان هەیە کەڵکی نیشتەجێن، لەمەش گرنگتر ئەوەیە مادام ئەم پرۆسەیە ئەلتەرنانیڤە بۆ دابەشکردنی زەوی نیشتەجێ، ئەوا دەبێت ئەو کەسانە سوودمەندبن لەو یەکەی نیشەجێیانە، کە لەدابەشکردنی زەوی سوودمەند نەبوون، ئەمە رێگە لەپرۆسەی نیشتەجێکردنی کەرتی تایبەت ناگرێت، لەبەر ئەوەی وەبەرهێن دەتوانێت هەم بەشێوازی موساتەحە و هەمیش بە شێوازی کرینی زەوی پرۆژەی خۆی بکات و بەنرخی رۆژ بیفرۆشێتەوە، بەڵام کاتێك حکومەت ئاسانکاری بۆ وەبەرهێن دەکات و زەوی بێ بەرامبەر بۆ تەرخاندەکات و تا شوێنی پرۆژەکە هەموو خزمەتگوزارییەکی بۆ دابین دەکات، ئەوا گرنگە ئەم ئاسانکارییە بۆ هاووڵاتیانی کوردستان و بۆ ئەو کەسانە بێت کە سوودمەند نەبوونە. بۆ ئەوەی بەنرخێکی هەرزان و گونجاو کێشەی نیشتەجێیان نەمێنێت.


وەبەرهێنان لە تواناو لێهاتوویی لاواندا، هۆکاری سەرەکیە بۆ بونیادی کۆمەڵگەیەکی چالاك، ئەمرۆ نەك بۆ کوردستان بەڵکو بۆ هەموو جیهان بە وڵاتانی رۆژئاواشەوە، بونیادی کۆمەڵگەی چالاك، زۆر لە بونیادی کۆمەڵگەی خۆشگوزەران گرنگترە، لەبەر ئەوەی دەکرێت لە کۆمەڵگە تارادەیەکی باش پێداویستیەکان دابین بکرێت، بەڵام توانای گەنج وەك پێویست هەڵنەسوڕا، جۆرە بێ ئومێدی و خاوبوونەوەیەك لەکۆمەڵگە دروست دەبێت، بۆیە ئێستا لە زۆربەی وڵاتانی رۆژئاوا، هەوڵەکان بەو شێوەیەن لەرێگەی دۆزینەوەی هەلی کار بۆ لاوەکان کۆمەڵگە چالاك بکەن و ئەم چالاکیەی کۆمەڵگە خۆشگوزەرانی دروست بکات، نەك حکومەت دەوڵەتی خۆشگوزەران بونیاد بنێت. ئەمە دروست وەك پرۆسەی بونیادنانەوەی سەنگافورا وایە، کە لی کوان یو دەیگوت من سۆشیال بۆ هاووڵاتیانم پیادە ناکەم، لەبەر ئەوەی سۆشیال میللەتەکەم تەمەڵ دەکات، بەڵکو هەلی کار دروست دەکەم و دادپەروەری کۆمەڵایەتی پیادە دەکەم، بۆ ئەوەی گەلەکەم چالاك و بەختەوەر بکەم.

## پرۆفیسۆر جیۆڤانی ئەندریا کۆرنیا بۆ گوڵان:

# ئەو وڵاتانەی وەبەرهێنان لەتوانای لاواندا ناکەن ئاییندەی خۆیان دەکەنە بارمتە

**پرۆفیسۆر جیۆڤانی ئەندرییا کۆرنیا ئوستادی ئابوورییە لەزانکۆی فلۆرانسا لە ئیتالیە و تایبەتمەندە لەبواری پەرەپێدانی ئابووری و ماکرۆئیکۆنومی و هاوسەنگی لەگەشەی ئابووریدا، بۆ قسەکردن لەسەر پەرەپێدان لەتوانای لاوان و رۆڵی لاوان لە پرۆسەی پەرەپێدان، پرۆفیسۆر جیۆڤانی بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن:**

((لەپرۆسەی پەرەپێدانی توانای لاواندا دوو پرسی گرنگ هەن پێویستە لەبەرچاو بگیرێن، پێش ئەوەی لاوان بکەونە ناو کارەوە، ئەویش ئەوەیە دەبێت لە بارێکی تەندروستی باشدا بن و هەروەها دەبێت پەروەردەیەکی باشکرابێتن. کەواتە یەکێك لە گرنگترین مەسەلەکان ئەوەیە راهێنان بە گەنجان بکرێت، ئەگەر سەیری ئەو وڵاتانە بکەیت کە سەرکەوتووبوون لە پەرەپێدانی ئابووری لە وڵاتە تازەگەشەکردووەکاندا، ئەوا دەبینین کە هەوڵێکی زۆریانداوە لە بواری خوێندنی ناوەندی و بەتایبەتی خوێندنی ناوەندی تەکنیکی، دواتر لەسەر خوێندنی زانکۆ. هەر بۆنموونە لە ئەمریکای لاتین، چەند وڵاتێك دەبینین کە کەم تا زۆر هاوشێوەی کوردستانی عێراقن لەڕووی بەرەوپێشچوونەوە و لە ماوەی ١٥ی ساڵی ڕابردوودا، وەبەرهێنانی گەورە کراوە لە بواری پەروەردەدا و ئاکامی باشی لەبواری پەرەپێدانی لاوان بەدەست هێناوە، کەواتە پەروەردەی گشتی پرسێکی بنەڕەتیە. مەسەلەی دووەم، ئەوەیە کە پێویستە رێوشوێنێك هەبێت لەلایەن حکومەتەوە، کە کارئاسانی بکات بۆ دامەزراندنی گەنجان، کە بریتییە لە سیاسەتی بازاڕی کار، ئەویش بریتییە لە دانانی گەنجان لە کاری گونجاودا، ئەمەش لەڕێی ڕاهێنانەوە دەکرێت. قوتابخانە زانیاری و زانستی ماتماتیکت فێرت دەکات، بەڵام هەمیشە مەعریفەی تەکنیکی پێشکەش ناکات. لەبەر ئەوە حکومەت دەتوانێت لە قوتابخانەکاندا پرۆگرامی ئەوتۆ دابنێت کە کارئاسانی بکات بۆ گەنجان بۆ ئەوەی بچنە بازاڕی کارەوە. خاڵی سێیەم، ئەوەیە چەندەها ڕێگا هەیە بۆ ئەوەی حکومەت بتوانێت هاوکاری بکات، بۆ نموونە، ئەگەر کۆمپانیایەك لە ساڵی یەکەمدا خەڵکانێك دابمەزرێنێت کە تەمەنیان ١٨ بۆ ٢٤ بێت، ئەوا ئەو کۆمپانیایە لە تەئمینی کۆمەڵایەتی دەبەخشرێت، ئەمە پێی دەوترێت پاڵنەر. خاڵی چوارەم و دوا خاڵ ئەوەیە، کە من دڵنیام لە کوردستاندا جموجۆڵ هەیە، هەروەها لە ئەورووپاش هەیە، کە قەیران هەیە، کە پێویستە بوارێك بۆ ئەو جموجۆڵە هەبێت، بۆ نموونە لە ئیتاڵیا بڕوانین، ئەوا لە باشووردا هێزێکی کاری زۆر و زیاد هەیە، لە کاتێکدا لە باکووردا کۆمپانیا هەیە هێزی کاری ناوخۆییان دەست ناکەوێت، کەواتە پێویستە خەڵکی هاوردە بکرێن، یاخود کۆچ بکەن. ئەمانە چەند رێوشوێنێکن کە لە ڕێیەوە گەنجان دەتوانن هاوکاری بکەن لە بواری پەرەپێداندا.، لە زۆر ڕووەوە دیموکراسی کارئاسانی بۆ گەشەکردنی ئابووری دەکات و ئەگەر ئەم کارەشی کرد ئەوا کارئاسانی بۆ دامەزراندنی گەنجان دەکات. ئەگەر بمانەوێت ئومێد بە گەنجێك ببەخشین، هیچ شتێك لەوە باشتر نییە کارێکی پێببەخشین، ئەویش بۆ ئەوەی کارئاسانی بکەین بۆ دروستبوونی کۆمەڵە. بۆ نموونە کاتێك گەنج بووم، چوومە خولی هاوینە و چوومە نێو تیپی تۆپی پێیەوە، من چوومە کۆمەڵەیەکی وەزرشی و براکەم چووە شانۆ، کە هەندێ جار لەلایەن دەوڵەت و هەندێ جار لەلایەن کڵێسا و هەندێ جار لەلایەن دەزگای دیکەوە سەرپەرشتی دەکرا، ئەوا تا ڕاددەیەك متمانەت پێدەدات بە ئاییندە. بەڵام بە دڵنیاییەوە باشترین شێوازی ئومێدبەخشین بریتییە لە پێدانی کار. کەواتە لەدەستدانی ئومێد وەك حاڵەتێکی بەربڵاوبوونی هەیە، نەك هەر تەنیا لە کوردستانی عێراق، بەڵکو لە ئیتاڵیاش هەیە کە ئومێد نامێنێت لەبەر ئەوەی ئابووری وڵاتەکە لە دۆخێکی باشدا نییە، زۆرێك لە گەنجان کۆچ دەکەن بۆ بەریتانیا و بۆ ئەمریکا، کە تێیدا ئابووری تا ڕاددەیەك باشترە. ئەمە کێشەیەکی گەورەیە لێرە و ئەمە کێشەیەکی گەورەیە لە فەڕەنسا، لەبەر ئەوەی ئێستا ئەورووپا لە کێشەدایە. ئەگەر سەیری ئیتاڵیا یان فەڕەنسا بکەیت، ئەوا ڕێژەی دامەزراندنی گەنجان و ئەو کەسانەی خوێندن تەواو دەکەن و بڕوانامە بەدەست دەهێنن کەمترە، رەنگە ئەم ناوچانە ئەو ناوچانە بن کە پرۆژەی بچووکتر و مامناوەندیان تێدا دەکرێت. و گەنجان، بۆ نموونە لە باکووری ئیتاڵیا، پرۆژەی سۆفتوێر هەیە و ئەو کەسانەی دایدەمەزرێنن، تەمەنیان لە نێوان بیست بۆ بیست و پێنج ساڵدایە .کەواتە کاتێك دەست بەکارێك دەکەیت، ئەوا پێویستە رێساکانی کار زۆر زۆر سادە بن. کەواتە من هانی ئەوە دەدەم گەنج هاوکاری بکرێت و ڕاهێنانیان پێ بکرێت و پرۆژەی بچووك دروست بکرێت، بۆیە وەبەرهێنان لەتوانای گەنج گرنگە، گومانی تێدانییە ئەو وڵاتانەی نەیانتوانیوە سەرچاوەی گەنجان بەکاربهێنن، ئەوا بە دڵنیاییەوە ئاییندەی خۆیان کردۆتە بارمتە. چونکە ئەم خەڵکانە چوونەتە قوتابخانە و پارەی خۆیان خەرجکردووە و رەنگە حکومەتیش وەبەرهێنانی کردبێت و بەو شێوەیە. کەواتە ئەگەر پارە لە شتێکدا بخەیتەگەڕ و دواتر بەکاری نەهێنیت، ئەوا کاریگەری سلبی دەبێت و بە دڵنیاییەوە ئاییندەی ئابووری خۆت دەکەیتە بارمتە.



# ئازادکردنی ئۆجەلان



ئازا حەسیب قەرەداخی

بۆ هەفتە جارێک بۆ گوڵانی دەنووسێت

هەروەکو چۆن حکومەتی بەغدا رێی لە (تانەر یڵدز) وەزیری وزەی تورکیا گرت کە بە فڕۆکەیەکی تایبەت بێت بۆ هەولێر بۆ بەشـــداری کردن لە کۆنگـــرەی وزە، ئاوایش لە هەفتەی رابردوودا رێی لە پرۆفیسـۆر (حسـن چلیك) یاریدەدەری سەرۆکی پارتی داد و گەشەپێدانی تورکیا، وەزیری پێشووی پەروەردە گرت کە دەیویســـت بـــە فڕۆکەیەکی تایبەت بێت بۆ هەولێـــر بۆ دیداری ســـەرۆکی هەرێمی کوردســـتان و بەشداریکردن لە کردنەوەی خەستەخانە و کۆلێژی پزیشکیی ددان لـــە کۆمەڵگای زاکۆی ئیشـــق کە ســـەر بە گرووپی خوێندنگاکانـــی فەزالەرە. (چیلیك) ناچـــار بوو وەکو هەر هاوولاتییەکی ئاســـایی و بە فڕۆکەیـــەك لەو فڕۆکانە بێت کە گەشـــتی ئاســـایی رۆژانە لە نێوانی تورکیا و هەولێردا دەکەن.

لە ماوەی مانەوەیدا لە هەولێر کە دواتر سەردانی سلێمانیشی کرد و چەند دیدار و چالاکیەکی ئەنجامدابوو، (ســـەنتەری دیالۆگـــی رۆژهەڵاتـــی ناویـــن) ئێـــوارە دیمانەیەکیان بۆ (چیلیك) ســـازکرد و لەوێـــدا ژمارەیەك لـــە بەرێوەبەرانی کەناڵە ئاســـمانییەکان و ئێزگە و سەرنووسەرانی رۆژنامە و گۆڤارەکانی هەرێمی کوردســـتان و نووسەران و چاودێرانی سیاسی بەشداربوون. پرسیار و وەڵام و گفتوگۆ و شیکردنەوە و بەدواداچوونی قســـەی یەکتر لە نێوانی ئەو و ئامادەبووان گەرم کرا بوو. بەندەیش یەکێك بووم لە بەشداربووان.

زۆربەی قســـەو باسەکان لەبارەی پرۆسەی ئاشتی لە تورکیا لە نێوانی حکومەت و پارتی کرێکارانی کوردســـتان PKK ـەوە بوو.

یاریدەدەرەکەی تەیب رەجەب ئۆردوگان کە خۆی لە رەسەندا کـــوردە، زۆر بـــە کەمی بە کوردی قســـەی کـــرد و تەنیا لەســـەرەتای دانیشـــتنەکەدا و بۆ چاکی و چۆنی و هەواڵ پرســـین، ئەگینا ئەوەو دوای قسەو باسە سیاسییەکانی هەر بە تورکی بوو.

جێی ســـەرنج بوو کە ســـەرەڕای ئـــەوەی زۆربەی زۆری پرسیاری ئێمەی ئامادەبووان و کۆمێنتەکانمان لەبارەی پرسی ئاشـــتی و هەڵوێست و سیاسەتی حکومەت و بەرنامەیان بۆ ئاییندەوە بوو، کە ئەوەیش نیشـــانەی خەمخۆرییەکی قووڵی ئێمە بوو بۆ پرۆســـەیەك کە هیوای چارەسەرکردنی کێشەی گەلەکەمانی لێدەکەین لە باکووری کوردســـتانەکەمان، وەلێ میوانە کوردەکەمان کە تەنیا بە تورکی قســـەی کرد، زۆر بە حەزەر و بە پەرێزەوە لەســـەر ئەو مەســـەلەیە قسەی دەکرد و تەنانەت لە جارێکدا وتی ئێوە هەر لەو بارەیەوە پرسیار دەکەن خۆزگـــە بابەتەکەتان دەگۆڕی و گوێم لە پرســـی دیکەیش دەبوو.

وەکو بڵێی ئـــەو بەرێزە ئەوەی لەبیر نەبێ کە هەم لەو چەند رۆژەدا بوو کە بڕیاری دەستپێکردنی کشانەوەی گەریلاکانی پەکەکـــە بۆ ناو خاکی هەرێم پەســـەند کرابوو، هەم ئێمە لە هەرێمی کوردســـتان پەیوەندییەکی هەناویمان لەگەڵ دۆزی رەوای نەتەوەکەمان هەیە لە پارچەکانی دیکەی کوردســـتانە دابەشـــکراوە بەزۆر لێکێنراوەکەمان بە دەوڵەتانی ناوچەکەوە،

هەروەها ئێمە لەم هەرێمە فیدراڵەماندا زۆر بە تەنگ ئاشتی و سەقامگیری ناوچەکەوەین بۆئەوەی لە ژینگەیەکی دروست و ئارامدا خەریکی بونیاتنان و گەشەکردن بین و تواناکانی خۆمان بۆ ئەو ئامانجانە تەرخان بکەین و توانای دراوسێکانیشمان راکێشین بۆ گۆڕەپانی سەرمایەگوزاری و کار و بەرهەمهێنان لە هەرێمەکەماندا.

(چیلیك) خۆی دانی بەوەدا نا کە کارەکتەرە سەرەکییەکانی پرۆسەی ئاشتی بریتین لە حکومەتی تورکیا و پەکەکە، سەرکردایەتی سیاسی لە هەرێمی کوردستاندا بەتایبەتیش (سەرۆك بارزانی) و (نێچیرڤان بارزانی) خاڵی بەیەکترگەیشتن و لە یەکترگەیشتنی ئەو دووانەن. هەر یەکە لەم کارەکتەرانەیش، بۆ سەرخستنی پرۆسەکە ئەرکیان لە ئەستۆیە و هەر یەکەیشیان پابەندن بەوەوە کە پشکی خۆیان لەو ئەرکانە جێبەجێ بکەن. سەرکردایەتی سیاسی هەرێمی کوردستان ئەرکەکانی سەرشانی خۆی بە شێوەیەکی ئەرێنی جێبەجێ دەکات.

ئەم بۆچوونەی (چیلیك) تا رادەیەك ناکۆك بوو لەگەڵ ئەو قسەیەیدا کە وتی پەکەکە رێکخراوێکە تەنیا بەشێك لە خەڵك هاوسۆزییەتی و نموونەی بە حزبەکەی خۆی (ئاك پارتی) هێنایەوە کە ٧٠ ئەندام پەرلەمان لە حزبەکەی کوردن. بەواتایەکی دیکە قسەکردن لە کەمی لایەنگران و هاوسۆزان لە قۆناغی سیاسی وەکو ئەوەی لە تورکیا هەیە بەگشتی و دەرهەق بە کورد هەیە بە تایبەتی، پێوەری راستەقینە نییە بۆ ئەوەی کە کێ نوێنەرایەتی دۆزی گەلێك دەکات لەو قۆناغەدا. هەروەها کە مادەم حکومەتی تورکیا بە هەموو دەزگاکانییەوە و ئاك پارتی خۆیشی بڕیاری داوە بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد لە تورکیا پێویستە گفتوگۆ لەگەڵ پەکەکە بکرێ کەواتە بیانەوێ یان نەیانەوێ دانیان بەوەدا ناوە کە ئەو رێکخراوە نوێنەرایەتی ئەم کێشەیە دەکات.

(نێچیرڤان بارزانی) لە هەوڵەکانی خۆیدا لەم پرسەدا رێنمایی حکومەتی تورکیا و بەتایبەتیش سەرەکوەزیران (رەجەب تەیب ئۆردوگان)ی کردبوو کە کورترین رێگا بۆ چارەسەر ئەوەیە لەگەڵ پەکەکەدا دانوستانی راستەوخۆ بکەن. لەوەیشدا راستەوخۆ پشت بە (عەبدوڵا ئۆجەلان) سەرۆکی زیندانیکراوی پەکەکە ببەستن و لەگەڵیدا دانوستان و گفتوگۆ بکەن.

لەسەرینی سەرکەوتنی ئەم نەخشەرێیەوە کە ئەوەتا ئەمڕۆ سەرەتاکانی ئەو پرۆسەیە لەو رێگەیەوە دەستی پێکردووە، من لەو دیمانەیەدا لە پرۆفیسۆر (حسن چیلیك)م پرسی ئێوە بە شێوەیەکی کردەنی و بە تاقیکردنەوە بینیتان کە (ئۆجەلان) دەتوانێ کاریگەریی گرنگی لە هەڵسوڕانی پرۆسەی ئاشتیدا هەبێ و ئاراستە و خێراییەکەیشی دیاری بکات. ئایا بیرتان لەوە نەکردۆتەوە کە ئازادکردنی (ئۆجەلان) خزمەتێکی یەکجار زۆری ئەو سیاسەت و پرۆسەیە دەکات کە ئێوە خۆتان بڕواتان پێیەتی و دەتانەوێ سەرکەوێ؟ ئایا بیرتان لەوە کردۆتەوە کە (ئۆجەلان) وەکو سەرکردەیەکی ئازاد دەتوانێ باشتر و ئەرێنی تر لە ئێستای رۆڵ بگێڕێ و تەئسیری لەسەر کۆی پرۆسەکە هەبێ؟

(چیلیك) لەوەڵامی پرسیارەکەمدا زۆر بە حەزەر بوو، هیچ خۆی لە پرسی ئازادکردن یان تەنانەت هێنانە دەرەوەی (ئۆجەلان) لە زیندانی ئیمرالی و دانانی لە ماڵێکدا بە دەستبەسەری نەدا و بابەتەکەی برد بەو لایەدا کە (ئۆجەلان) سەرکردەی رێکخراوێکە ٤٥ هەزار کەس بوونەتە قوربانی چالاکییەکانی، بۆیە ئاسان نییە بتوانن خەڵك بە ئازادکردنی ئەو رازی بکەن.

ناکۆکی ئەم پاساوەی (چیلیك) لەگەڵ پرۆسەی ئاشتی و کرانەوەدا لەوەدایە کە ئەدی چۆن توانیوتانە خەڵکی تورکیا بە گفتوگۆکردن لەگەڵ پەکەکە و ئۆجەلان رازی بکەن؟!

ئەی بەڕێزتان نەتانگوت: هەرچەندە لەم قۆناغەدا ئیستیخبارات گفتوگۆکان بەڕێوە دەبات بەڵام بە نهێنی نییە و لەدەرەوەی ئیرادەی حکومەت و بەڕێز سەرەکوەزیران نییە و ئەگەر ئۆردوگان ئیرادەی بۆ ئاشتی نەبێ ئیستیخبارات ناتوانێ ئەو کارە بکات. دەی کەواتە هەموو پرۆسەکە لە ئیرادەی خۆتاندایە و خەڵك و دامودەزگاکانی حکومەتیش هەم ئاگایان لێیە و هەم پێی رازین. ئەمەیش هەمان هەڵوێست دەبێ بۆ ئازاد کردنی (ئۆجەلان).

ئەدی چۆن توانیتان خەڵك بەوە رازی بکەن لە نەورۆزی ئەمساڵدا بە ملیۆنەها کورد و هەڤاڵانیان لە تورك و غەیری ئەوانیش لە گەورەترین مەیدانەکانی ئەستەنبوول و شارەکانی دیکەی تورکیادا لە ژێر پەرچەمی پەکەکەو وێنەی (ئۆجەلان)دا ئاهەنگی ساڵی نوێی کوردی بکەنەوە و کەسیش بەرەنگاریان نەبنەوە و گێچەڵیان پێ نەکەن؟!

ئەدی چۆن توانیتان خەڵکی تورکیا رازی بکەن لە ئاهەنگی رۆژی ٢١ ی ئاداردا نامەی (ئۆجەلان) بخوێنرێتەوە و دەستپێکی پرۆسەی ئاشتی راگەیەنرێ و هیچ خۆپیشاندانێکی دژ لە شەقامەکانی تورکیا بەڕێ نەخەن؟!

پاساوەکەی (چیلیك) بۆ ئازادنەکردنی ئۆجەلان یان لانی کەم و وەکو سەرەتا گواستنەوەی لە ئیمرالی بۆ ماڵێك لە ژێر کۆنترۆڵدا، پاساوێکی لاواز و بێ ئەرزش بوو. بەداخەوە نیشانەی رادەی حەزەر و هەنگاو سستی ئاك پارتییە لەم پرۆسە چارەنووسسازەدا کە بۆ خودی خۆیان وەکو حزب و حکومەت تۆمارێکی مێژوویی دەبێت و هەموو دەرەنجامە باشەکانی بۆ ئەمان دەنووسرێنەوە.

هەروەکو چۆن لەسەرەتادا وتراو پاشان دروستی ئەو رایەش سەلمێنرا کە گەرەنتی سەرکەوتنی پرۆسەی ئاشتی لەوەوە دەست پێ دەکات کە پرۆسەکە بە زیندانەکەی ئۆجەلاندا تێبپەڕێ، سبەی ئەم رایەش هەر دروست دەردەچێ و راستییەکەی لەسەر ئەرزی واقیع دەسەلمێنرێ کە سەرپێکەوتن و رێکردنی دروست و پێشڤەچوون و گەشەکردنی پرۆسەی ئاشتی، بە ئازادکردنی (عەبدوڵا ئۆجەلان) تەواو دەبێ.

هێشتا تۆپەکە لە گۆڕەپانی حکومەتی تورکیا و ئاك پارتیدایە، یاریزانە شارەزاکانیشیان دەزانن دروست ئەم گەمەیە بکەن، بۆیە خاوەخاو و خۆدواخستنی ناوێ.

**(چیلیك) خۆی دانی بەوەدا نا کە کارەکتەرە سەرەکییەکانی پرۆسەی ئاشتی بریتین لە حکومەتی تورکیا و پەکەکە، سەرکردایەتی سیاسی لە هەرێمی کوردستاندا بەتایبەتیش (سەرۆك بارزانی) و (نێچیرڤان بارزانی) خاڵی بەیەکترگەیشتن و لە یەکترگەیشتنی ئەو دووانەن**

**پاساوەکەی (چیلیك) بۆ ئازادنەکردنی ئۆجەلان یان لانی کەم و وەکو سەرەتا گواستنەوەی لە ئیمرالی بۆ ماڵێك لە ژێر کۆنترۆڵدا، پاساوێکی لاواز و بێ ئەرزش بوو**

# زمان و ڕاگەیاندن

## ئایا زمان ئامرازە یان ئامانج؟



سالار عوسمان

**دەسپێك**

لەگەڵ ئەوەی کە سەرەتای ژیانی مرۆڤایەتی بێ تێکست بووە، یان باشتر بڵێین تەنێ ئاماژەو دەنگ و دواتر نەخش و نیگاری نێو ئەشکەوت و سەر تاشە بەردەکان بووە، لێ لەگەڵ ئەو ڕاستیەشدا ژیان بەتێکڕای ئاڵۆزییەکانییەوە، بە دوێنێ و ئەمڕۆیەوە زمان فریادڕەسیەتی، چونکە ئەوەی لە زووتردا ئاماژەو دەنگ و نەخش و نیگاریش بووە. بۆ سەردەمانی خۆی جۆرێ بووە لە زمان، کەواتە ئەوە زمانە ژیان و ئایین و فیکر و مێژوو و دەسکەوتەکانی مرۆڤایەتی گەیاندۆتە ئێرە!.. بۆیە پێمواية چەمکی (ئیمپراتۆریەتی زمان) چەمکێکی لەبارە بۆ تێگەیشتن لەگەورەیی، لە ڕۆڵ و نەخشی زمان لەژیانی مرۆڤایەتیدا.

**زمان و ڕاگەیاندن:- چەمك و تێڕوانین**

**زمان:**

ئەگەر دوێنێ زمان تەنیا بریتی بووبێ لەکۆمەڵە دەنگێکی بەیەکەوە گرێدراوی مانادار، یان وەك لای (ئەرستۆ) و دواتریش (ئەبوفەتح بن جنی) (١) و هاوشێوەیان بریتی بووبێ لە سیستەمێکی دەنگی دیاریکراو کە ئامانج تیایدا گرێدانی پێوەندیی نێوان مرۆڤەکان بووبێ، ئەوا ئەمڕۆ زمان پتر لەو پێناسەیەو، بگرە ڕەهەندی دیکەیشی وەرگرتووە.

زمان ئەمڕۆ وەك مارتن هیدگەر دەڵێ (گرنگ بەکارهێنانییەتی نەك ماناکەی)(٢) کەواتە بۆ تێگەیشتن لە زمان، ئەمڕۆ بەتەنیا فەرهەنگ بەفریامان ناکەوێت، ماناگەلێك، ئامانجگەلێك هەیە لە دەرەوەی فەرهەنگ کە هەم زمان پێناسە دەکات، هەم ئەرکەکانی. سەبارەت بە ڕەهەندی زمانیش دەکرێ بڵێین، جیا لەو ڕەهەندە فەرهەنگییەی کە هەندێ سەرچاوە ناویان ناوە ڕەهەندی ماددی، ڕەهەندی دووەم خۆی دێنێتەوە پێشەوە. کە ڕەهەندی مەعنەوییە، کەواتە بەکارهێنەری زمان بڕیار لەسەر مانا دەدات نەك فەرهەنگ.

**ڕاگەیاندن:**

باشترین و کورتترین پێناسە بۆ ڕاگەیاندن، بریتیە لە گواستنەوەی واقیع بەهۆی زمان لە ڕێگەی زانیارییەوە، لە ڕێگەی ئەم پێناسە کورتەوە دەگەینە ئەو قەناعەتەی کە ڕاگەیاندن.

- پرۆسەیەکی زانستی – هونەرییە.
- ئامانج تیایدا گواستنەوەی واقیعە.
- ئامانجە کە بەبێ زانیاری مەیسەر نابێ، کەواتە زانیاری زێڕی پرۆسەیەکە.

- بەکورتی راگەیاندن بریتییە لە بەخشـــینی زانیاری بۆ ئەوانیتر.

**پەیوەندیی نێوان زمان و راگەیاندن:-**

وەك لە دەســـپێك ئاماژەمان بەگەورەیی رۆڵ و نەخشی زمـــان کردو لـــە چەمکـــی (ئیمپراتۆریەتـــی زمان) کۆمانکردەوە، کەواتە راگەیاندن – یش بێ زمان ناچێ بەرێوە، بێ زمان ناتوانێ بژی و بەردەوام بێ، خۆ ئەگەر بەدیوێکی تر لەمەســـەلەکە بروانیـــن و بڵێین:- ئەگەر ســـەردەمی ئەمڕۆ بە ســـەردەمی راگەیاندن ناونرابێ و راگەیاندنیـــش بێ زمان نەچێ بەرێوە، ئەی باشـــە بۆ نەڵێین سەردەمەکە ســـەردەمی زمانە، یان دروستتر بێژین سەردەمی زمان و راگەیاندنە، کەواتە لێرەوە دەبێ قســـە لەپەیوەندییەکە بکەیـــن، پەیوەندیی نێوان زمان و راگەیاندن.

**ئەگەر راگەیاندن لەم هێڵکارییە ببینین:-**

راگەیاندن

تێنەر پەیام وەرگر

پەیوەندی

**کەواتە:-**

- راگەیاندن پێوەندییە.
- راگەیاندن پەیامێکە لە تێنەرەوە بۆ وەرگر.

**پرسیار:-**

١- کێ و چی ئەم پێوەندییە رێك دەخات؟
٢- چۆن ئەم (پەیام)ـە لە تێنەرەوە دەگاتە وەرگر؟

لە وەڵامدا:-

١- راگەیاندنکار ئەو (کێ)، یان ئەو (کەســـ)ـە یە کە پەیوەندییەکە رێك دەخات.
٢- زمان ئەو (پەیام)ـە دەگەیەنێت.

تـــادێ پەیوەندییەکە روونتر دەبێتەوە، کەواتە دەبێ زمان و راگەیاندن پێکەوە بن و پەیوەندییەکانیشیان مکومترو زانستیانەتربێ، هەر بۆیە پێناسەکردنی راگەیاندن بەبێ باســـکردنی زمان و ئاماژە کردن بە زمان پێناسەیەکی نازانستیانەیە.

بۆ نمونـــە وەك د. صالح عبدالعظیم الشـــاعر دەڵێ:- راگەیاندن هونەرێکی شارستانییەو زمانەکەشی پێویستە زمانێکی نوێ بێ. (١)

**زمانی راگەیاندن:-**

پەیوەندیی نێوان زمـــان و راگەیاندن نزیکمان دەخاتەوە لەچەمکی (زمانی راگەیاندن).

بـــەر لەوەی باس لـــە زمانی راگەیانـــدن بکەین دەبێ جۆرەکانی زمان دەستنیشان بکەین.

**جۆرەکانی زمان بریتین لە:-**

١- زمانی قسەکردن:- زمانی خەڵکە، زمانی رۆژانەی ژیانە

٢- زمانـــی زانســـتی:- زمانی گەیاندنی راســـتییە زانستییەکانە

٣- زمانـــی هونـــەری (زمانـــی ئەدەبـــی):- زمانی ئەدەبیاتـــە، کە بریتییە لە قوولبوونـــەوە و رەوانبێژیی و لادانی فەرهەنگی و.. هتد

زمانی راگەیاندن لەگەڵ پێشکەوتنەکان و هاتنە کایەوەی راگەیاندن و فراوانبوونی راگەیاندن هاتۆتە ئاراوە، بۆیە لە پۆلێنکردندا بە جۆری چوارەمی زمان دادەندرێت.

هەندێ لە توێژەران پێیانوایە کە زمانی راگەیاندن لەنێوان زمانی قسەکردن کە زمانێکی ساناى میللییەو، زمانی هونەری (زمانی ئەدەبی) کە زمانی دەربڕینە جوانەکانە وەســـتاوە ئەگەر بەجۆرێکی دیکە ســـەرەدەریی لەگەڵ زمانی راگەیاندن بکەین دەشێ بێژین زمانی راگەیاندن زمانی پیشـــەیەکە بۆیە دەبێ خەسڵەت و تایبەتمەندیی خـــۆی هەبێ چونکە نە زمانی قســـەکردن و نە زمانی ئەدەبییش قودرەتی گواستنەوەی ئەرکەکانی راگەیاندنیان نییە، یەکەمیان لەبەر سادەیی و دووەمیان لەبەر قورسیی.

هەر لەنێو باسکردنی زمانی راگەیاندندا پێویستە ئاماژە بۆ ئەوە بکەین کە زمانی راگەیاندن، بەپێی سروشـــتی هۆکارەکانی راگەیاندن دەبێتە (٤) جۆر:

١- زمانـــی رۆژنامـــە (گۆڤـــار و بڵاوکـــراوەو. تـــاد دەگرێتەوە).
٢- زمانی رادیۆ
٣- زمانی تەلەفزیۆن
٤- زمانی راگەیاندنی ئەلیکترۆنی (کە نزیکە لەزمانی رۆژنامە).

**زمان لە راگەیاندنی کوردیدا، گرفتەکانی:-**

زمانـــی راگەیاندنـــی کوردســـتان بێ ئاریشـــە نییە، چونکە:-

١- کـــورد زمانێکی یەکگرتووی نییـــە کە هەندێ بە (زمانی نەتەوەیی) ناوی دەبەن.
٢- فرەزاریـــی، کورد زارو شـــێوەزاری ئاخاوتنی زۆرە، ئەمەیش گرفتێکی دروست کردووە کە تێنەر نازانێ چۆن و بە چ زار و شێوەزارێك پەیام بنێرێ.
٣- ئاریشـــەی تێنەگەیشـــتن لە پێوەندیی نێوان زمانی راگەیاندن و بڕیاری راگەیاندن.
٤- نەبوونی زمانێکـــی تایبەت بەراگەیاندن کە هەندێ لەســـەرچاوەکان ناویـــان ناوە (زمانی نـــوێ)، چونکە

تێکەڵیەك لەنێوان زمانی قسەکردن و زمانی زانستی و زمانی ئەدەبی و زمانی راگەیاندن هەیە و هەڵاوێرد نەکراوە.

٥- نەبوونی پەرۆشیەکی ئەوتۆ لەلایەن دەزگاکانی راگەیاندنەوە سەبارەت بە پرسی زمان، یان باشتر بڵێین بە هەند وەرنەگرتنی پرسی زمان لەلایەن راگەیاندکارانەوە.

٦- نەبوونی پێوەندی و هەماهەنگی لەنێوان دامەزراوەکانی زمان و دامەزراوەکانی راگەیاندن لەکوردستاندا.

٧- جۆرێك لەدەمارگیریی ناوچەگەریی لە پرسی زمان کە رەنگدانەوەی نێگەتیڤانەی بەسەر پرۆسەی راگەیاندن لەکوردستان جێهێشتووە.

**ئایا زمان ئامرازە یان ئامانج؟..**

ئەمە پرسیارە سەرەکییەکەیە؟ ئایا لە پرۆسەی راگەیاندندا زمان تەنێ هۆکارەو زانیاریی بەوانیتر دەدات، یان لە تەك زانیاریی ئەرکی دیکەیشی هەیە، بەرسڤ بۆ ئەو پرسیارە دوولانەیە:-

- لایەنی یەکەم: - زمان ئامرازە چونکە لە رێگەی ئەو ئامرازەوە سەر لەبەریی پرۆسەکە بەرێوە دەچێت.
- لایەنی دووەم:- زمان ئامانجە، ئەی ئەوەنییە راگەیاندنی دوێنێی سەردەمی خەباتی شاخ و، بەهی ئەمرۆش لە نێو ململانێکاندا زمان تیایدا بەرادەیەك وەك ئامانج خۆی دەنوێنێت کە هەندێ کەرەت ئەوەندەی لەرێگەی زمان و جووڵەکانییەوە، لەرێگەی زمان و گەمەکانییەوە، لە رێگەی زمان و لادانەکانییەوە، لە رێگەی زمان و لایەندارییەکانییەوە (پەیام) دەگەیەنرێت. ئەوەندە خودی (پەیامـ)ـەکە خۆی نانوێنێت!..

ئەگەر هەندێ نموونە بهێنینەوە:-

- پێشمەرگە قارەمانەکان
- دوژمنە خۆفرۆشەکان
- بازرگانەکانی شەڕ
- ئاژاوەگێران
- پارێزەرانی گەل و وڵات
- رۆژنامەنووسانی سەر بەدەسەڵات
- میدیای سێبەر
- میدیای دژ
- شەهید
- کوژراو.... هتد

لەگەڵ هێنانەوەی ئەم نموونانە کە بەشێکی زمانی راگەیاندنی کوردستان پێك دەهێنن، دەگەینە ئەو قەناعەتەی کە لە پشت زمانی راگەیاندنی کوردستان بریاری راگەیاندن هەیە کە ئەویش پتر بریارێکی سیاسییە نەك میدیایی!. هەر بۆیە ئەو جۆرە زمانە ئامانجدارەی راگەیاندن لە کوردستان جۆرێك لایەنداریی لەگەڵ خۆیدا دروست کردووە کە هەم راگەیاندنی حزبە حوکمڕانەکان و هەم راگەیاندنی حزبەکانی ئۆپۆزسیۆن و، بەداخەوە هەم راگەیاندنی ئەهلیش ناتوانن دان بەو راستیە نەنێن کە هیچیان خاوەن زمانێکی پیشەیی نین لەبواری راگەیاندندا، لێ ئەوەی پتر لێی مەتڵوبە کە زمانەکەی پیشەیی بێ و زمان وەك ئامانج بەکارنەهێنێ راگەیاندنی ئەهلیە، کەچی ئەویش نەیتوانی لەنێوەندێکی پیشەیی لەبواری زمانسازیی میدیایدا بوەستێ هەمیشە راگەیاندنی لایەندار زمانێکی لایەندار کە هەڵگری ئامانجە، پتریش ئامانجی سیاسیی، هەڵدەگرێ، لایەندارییەکەشی لەچەند روویێکەوە وەدیار دەکەوێت، وەك:-

١- رووناکی دەخاتە سەر رووداوێك و، رووداوەکەی دیکە تاریکی.

٢- ناگەڕێتەوە بۆ سەرچاوە، هەندێ کەرەت رۆژنامەنووسێك یان سیاسیەکی لایەندار دەکا بەسەرچاوەی زانیاری بۆ نموونە لەبواری (نەوت)، کەچی وەزارەتی سامانە سروشتیەکان وەك سەرچاوەی فەرمی پشتگوێ دەخات.

٣- بایەخدان بە هەندێ بوار و پشتگوێخستنی هەندێ بواری تر، بۆ نموونە بایەخدان بە ململانێی سیاسیی و بایەخ نەدان بە ئاشتەوایی کۆمەڵایەتی، تەندروستی – پیشەسازی – خوێندن. هتد.

٤- شکاندنی شکۆی سیاسیی وڵات، یان حکومەت، جا لەرێی بایەخ نەدان بێ، یان تەنانەت لەریزبەندیشدا، بۆ نموونە لە تەلەفزیۆنێکی وەك NRT گرفتی منداڵێك لەگەڵ سەرتاشێك کە جنێوی پێ داوە دەبێتە هەواڵی یەکەم و ململانێکانی بەغداو کوردستان دەبێتە هەواڵی دووەم!

٥- چەواشەیی و بارگاویکردنی دەستەواژەکان و بەلارێدابردنی وەرگر، بۆ نموونە کەباس لەگەندەڵیی دەکرێت وێنەی هەردوو مەکتەبی سیاسیی حزبە حوکمڕانەکە نیشان دەدرێت، لەکاتێکدا رایەڵێکی زانستی لە نێوان تێکست و وێنەکەدا نابینرێت.

٦- بریاردان، هەندێ کەرەت راگەیاندنی لایەندار، لەرێگەی زمانێکی ئامانجدار بریار دەدات کەئەمەش لەبنەڕەتدا کاری راگەیاندنکار نییە، بۆ نموونە:-

- ئەم هەرێمە ئازادی تیانییە.
- پرۆسەی سیاسیی چەقی بەستووە.




- گەندەڵیی هەموو کوردستانی گرتۆتەوە و هیچ چارەسەرێکیش نییە.
- پارتی و یەکێتی هەڵبژاردن ناکەن.

دەمەوێ لە کۆتایی ئەم پاژەی باسەکە بڵێم:- هەموو ئەو لایەندارییە لەرێگەی زمانەوە دەکرێ، بۆیە زمان لێرە ئامانجە نەك ئامراز.

**- چی بکەین باشە؟**

چارەسەر ئەوەیە: -

١- نزیك بینەوە لە پیشەیی بوونی کاری راگەیاندن، چونکە پیشەییبوون زمانی راگەیاندن دەخاتەوە شوێنی سروشتی خۆی.

٢- وەك جاك دریدا دەڵێ:- زمان پەراوێزێکی پاك نییە (١)، دەبێ هەوڵ بدەین خۆمان لەو پەراوێزە بپارێزین و بچینەوە ئاستی سەرەوە، ئاستی مەعریفیانەی زمان، ئەو ئاستەی زمان تیایدا ئامرازەو، خۆ ئەگەر ئامانجیش بێ وا باشە ئامانجێکی بێگەرد بێ چونکە دواجار ئێمە مومارەسەی کاری راگەیاندن دەکەین نەك دەنگۆ (دعایە)، وەك دیارە (راگەیاندن) موخاتەبەی ئەقڵ دەکات و (دەنگۆ)ش موخاتەبەی سۆز، جا زمانی ئەقڵ دەبێ لەئاستە مەعریفیەکە بێت و پربێ لەراستی.

٣- ئەگەر زمان وتەبێژی نەتەوە بێ و، کۆڵەکەیەکی هەرە سەرەکی نەتەوە بێ، ئەوا پێویستە زمان بەئامراز و ئامانجیەوە لەخزمەت نەتەوە و پرسە نەتەوەییەکان بێ و، دواجار رووبەکی شارستانی نەتەوەکە نیشان بدات.

٤- ئەگەر بەزمانی راگەیاندن بوترێت (زمانی نوێ) و، ئێمەیش لەکوردستاندا تا ئێستا لەبەر تێکەڵی لە نێوان زمانی قسەکردن و زمانی ئەدەبی، وەك پێویست خاوەنی ئەو زمانە نەبین، پێویستە خێراو بلەز کار لەپێناو دروستکردنی ئەو (زمانی نوێ) یە بکەین، لەمەشیاندا پێویستمان بە هەماهەنگی و بەیەکەوە کارکردنی دامەزراوە رەسمییەکانی زمان و دەزگاکانی راگەیاندن هەیە لەکوردستاندا.

٥- لەگەڵ هەموارکردنەوەی یاسای ژمارە (٣٥) ی ساڵی ٢٠٠٧ یاسای کاری رۆژنامەنووسی لەکوردستان (کە داوایەکی لەم چەشنە هەیە) پرسی زمانی راگەیاندن لەکوردستان پشکێکی گرنگی ئەو یاسایە بێت و، لەئێستاوە کاری جدی لەو پێناوەدا بکرێت.

***

**ئەم بابەتە لە لە سیمیناری بیستەمین ساڵیادی گوڵان پێشکەشکراوە**